# تاراس بۆڵبا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

گۆگۆل

# تاراس بۆڵبا

وەرگێڕانی:

**موکری**

ناوی کتێب: تاراس بۆڵبا
نووسینی: گۆگۆل
وەرگێڕانی: موکری
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٣٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مریەم موتەقیيان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی سێیەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٤٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# پێشەکی

دەشێ ڕوونکردنەوەی هەندێ خاڵ دەربارەی ڕۆمانی تاراس بۆڵبا پێویست بێ. لە کاتی سەڵتەنەتی (ڤاسیل گڤو) یانی لە ساڵی ١٤٢٥-١٤٦٢، مەردوم لە (ژاپۆرۆژی) کە لە نێوان دوورگەکانی نزیك (دنێ پیرە)یە بوونە بە پەناهەندە، لەوێدا وردە وردە هێزیان پێکەوە نا، ئامانجیان بەرگری بوو لە ئۆکرانیا و دژ بە تاتارەکانی قەرم دەجەنگان، تاتارەکان هەموو ساڵێ هێرشیان دەبردە سەر ڕووسیا، هەزاران هەزار پیاو و مناڵ و پیرەمێردیان بەزنجیری ئەسارەت دەبەستەوە، پەلکێشیان دەکردن و لە بازاڕەکانی (ئاسیا)دا دەیانفرۆشتن، تاتارەکان جگە لە ڕووسەکان، پۆڵۆنیەکانیشیان ئەسیر دەکرد، گەلێ ژن و پیاو لە سەرتاسەری ڕووسیای باشوور بەهۆی تاتارەکانەوە دەبرانە دەرەوەی وڵات لە (ژاپۆرۆژی)دا خۆیان دەگرتەوە. هۆی بنەڕەتی ئەم کارەیش بیروباوەڕی مەزهەبی و ئیمان بە کەشیشی ئەرسەدۆکس بوو.

(سیچ) یا (سیچا) لەسەر بناغەی دیموکراسی دامەزرا بوو، ببووە دوو بەشەوە. هەرکەسێك نیازی ئەوەی هەبا پەیوەندی بەم کەسانەوە بکا، دەبا بە ناچاری دەستبەرداری ژن و مناڵ بێت و بەرەڵلایان بکات. (سیچ) بارەگای پەناهەندەکان بوو، لەوێدا خۆیان ئامادە دەکرد تا ڕووبەڕووی تاتارەکان ببنەوە، ئەڵبەتە چ کەسێ حەقی سەرپێچی کردنی ئەو قانوونەی نەبوو.

کەسانی سیچ هەمیشە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی جێیان دەگۆڕی تا خۆیان لە هێرشی کوتوپڕ و ناگەهانی بپارێزن. تا لە کۆتایی سەدەی ١٦-هەم شاری (ژاپورۆژی) بووە بارەگای هەمیشەیی سوپا. لە هاویناندا

قۆزاقییەکان لە ئۆردووگاکاندا ژیانیان دەگوزەراند، زستانانیش بەرەو ماڵەکانیان دەگەڕانەوە.

گۆگۆل، نووسەری بەناوبانگی ڕووس، لە ساڵی ١٨٣٥دا ڕۆمانی تاراس بۆڵبای نووسیوە. لە نووسینی ئەم ڕۆمانەدا مەبەستی مێژوونووسی نەبووە.. بۆیە تاریخی دیاریکراوی بۆ ڕۆمانەکەی دانەناوە. ئێمە لەم ڕۆمانەدا ڕووبەڕووی تاراس بۆڵبا دەبینەوە کە پیاوێکی سەرکردەی قۆزاقییەکان بوو، بەرگری لە خاك و مەزهەبی خۆی دەکرد، دژ بە تاتار و پۆلۆنیەکان دەجەنگا و تەفروتونایانی دەکرد. ئەم ڕووداوە لە سەدەی پازدەهەمدا ڕووی داوە، بەڵام ئەوەی کە گۆگۆل لە ڕۆمانەکەیدا باسی دەکات کە کوڕانی تاراس بۆڵبا لە ئەکادیمیای زانستی ئیلاهی (لاهوت) دەیانخوێند یەکسەر بیری ئێمە بەرەو سەدەی حەڤدەهەم دەڕوات، چونکە ئەکادیمیا لە ڕووسیادا تەنها لە سەدەی حەڤدەهەم بەملاوە دامەزراوە. هەرچەندە ئەم ڕۆمانە ڕووەو باسێکی تاریخی دەوەستێ، لە هەمان کاتیشدا زەمانی دیاریکراو بۆ ڕووداوەکان دیاری نەکراوە. ئەوەی کە بەڵگە نەویستە، ڕۆمانی تاراس بۆڵبا شاکارێکی ئەدەبییە و لە پاڵ شاکارە ئەدەبییە زیندووەکانە، هیچ کاتێکیش لە بیر ناچێتەوە.

## ١

قۆزاقەکان یانزە سەعات بەردەوام جەنگیان کردبوو.

ماوەیێك بوو گرمەی تۆپەکان کپ ببوونەوە، ئیدی جگە لە دەنگی بەیەکدادانی شمشێر و نێزە و فریاد کێشانی پیاوانی جەنگاوەر چ دەنگێکی دی نەدەبیسترا.

هەرکە (تاراس ئیڤانۆڤیچ بۆڵبا) هەڵوێستەی دەکرد، چاوانی خوێن گرتووی خۆی دەبەستەوە بەکەسانی دەوروبەری خۆی و بەرەزامەندییەوە سەری ڕادەوەشاند. کوژراوەکان گەلێ زۆر بوون. بۆڵبا بەشداری گەلێ جەنگی کردبوو، بەڵام هیچ کاتێ ڕووی نەدابوو لە یەك کات و هەڵمەتدا بەم ڕادەیە لێیان بکوژرێ.

بۆڵبا پاش هەندێ، سەرلەنوێ ئاوزەنگی دەکێشایە ژێر سکی ئەسپەکەی و بەچوار ناڵە بەرەو دوژمن دەچوو. شمشێرەکەی سەری دەپەڕاند و سینەی کون دەکرد.

بەرەبەیان، بیست هەزار قۆزاق چووبوونە پێدەشتەکە و تا ئەو کاتە تەنها سێیەکیان لێ کوژرابوو.

دوژمنی ئەوان تورکان بوون. لە ڕووی سوارە و پیادەی سوپا و کەرەستەی جەنگ دەستووری تایبەتییان هەبوو.

بۆڵبا دڵنیا بوو کە سوڵتانی تورك دەترسێ هێزی کۆمەك بنێرێ نەبادا وەکو لەشکرەکانی پێشووی بەدەستی قۆزاقییەکان تەفر و توونا بن، بێ گومان کاتێ سوڵتانی تورك ئاگاداری شکستی هێزەکەی دەبێ کە کەمتیار و لاشەخۆرەکان جگە لە هەندێ ئێسقان چ شتێکی دی لە تەرمی سوپای تورك جێ ناهێڵن.

عەمامەی سوور عەبای سپیی خوێناوی بەخوێنی تورکان، سەوزی پـێدەشتـەکـەیـان پـۆشیبـوو، وا دەکـەوتـنـە بـەرچـاو کـە گـوڵـی ڕەنـگـاوڕەنگ دەمیان کردووەتەوە، تیشکی هەتاو دەکەوتە سەر گوارە زێڕینەکانی زیاتر لـە دە هـەزار کـەسی جـەنـگـاوەر، بـریـقـەیـان دەدا. جـەنـگـی مـەغـلـووبـە بـوو، قۆزاقییەکان بەچاکی بەرەو پێش چووبوون، دوژمنیان ڕووەو ڕۆخەکانی (دنای پیر) بردبوو– جێیەك بوو، هەڵدێرێکی ترسناك بەرەو خەرەندی قووڵی دەبردن و لە قووڵایی خەرەندەکەدا ڕووبارێکی بەرینی لێ بوو و چەندین تاڤگەش ئاوەکەی هێنابووە جۆش– هیچ گومان لەوەدا نەبوو کە بەزوویی سوپای تورك دەکەونە نێو خەرەندەکە و بەتەواوی لە پێ دەکەن.

تاراس بۆڵبا شمشێری هەڵکێشابوو، بەرەو پێش دەچوو کە بەکەناری یەکێ لە تورکان– تەقەڵای دەدا تیر لە کەوان بنێ– تێپەڕی، تاراس بەلای ڕاستدا چەمییەوە نووکی شمشێرەکەی چەقاندە ملی دوژمنەکەی، لەگەڵ زەویدا تـەخـتـی کـرد. تـاراس لـە خـۆشی سەرکـەوتـن، دەیـنـەڕاند، ڕووەو تەپۆلکەیێکی بڵند ئەسپی تاو دا.

ئەو کاتەی ئەسپەکەی ڕاگرت و پێیەکانی ڕاست کردەوە لەسەر پشتی ئەسپەکەدا بەپێوە ڕاوەستا، قەد و باڵای بەرزتر لەوانی دی دەکەوتە ڕوو، پاشان دەستێکی کردە ساپیتە بۆ چاوی و سەیری مەیدانی جەنگی کرد، جێیـەکی هـەڵـبـژارد کـە لـە جێیـەکـانـی دی قـەرەبـاڵـغـتر بـوو، ڕووەو ئەوێ هێرشی برد. دەجەنگی و دەشینەڕاند. لەشی عارەق کردووی تێکەڵی خوێن بـبـوو هـەروەهـا لـە شمشێرەکـەیـەوە خـوێن دادەچـۆڕا. ئـەو وەحشیـانـە دەجەنگی، هەرکەسێ لە سەر ڕێی دابا لەنێوی دەبرد. جەنگێکی دەکرد تەنها لە قۆزاقی دەوەشایەوە.

تورکەکان شکست و نابوودی خۆیان لە بەر چاو بوو، دەسبەرداری جـەنگ و هـێرشبـردن بـوون و پـاشەکشێیـان دەکرد، ڕایـان دەکرد تـەنـهـا پشتیان بەخوا بەستبوو.

سوپـای تـورك بـەئـەوپـەڕی ئـازایـەتـی و دلاوەری جـەنـگـیـان كـردبـوو، جەنگابوون و ئەوان كوشتبوويـان و لێيـان كوژرابوو نەترسابوون، بەڵام هـەرچۆنـێ بـێ ئـەوانـە ئینسـانـن، كـەچی قۆزاقییـەكـان ئـاگر و پۆڵا و شـەیتـان بوون. دەشێ ئەوەی بوویێتە مایەی لاوازی و بێ ورەیی سوپـای تورك خودی تـاراس بۆڵبـا بووبـێ كـە بـەئـازاتییـەكـی تـایبـەتی ڕیزەكـانیـانـی تێك و پێك دابوو.

فـریـاد و نـاڵـەی بـریـنـدارەكـان گـوێی فـەلـەكیـان كـەڕ دەكرد، حیلـەی ئـەسپـەكـان گوێی بیسـەریـان ئـازار دەدا، سوپـای تورك گـەیشتبوونـە لێواری هـەڵدێرەكـە، پـاشـان مـاوەیـەك قـەڵبـەزە و خـوڕەی ڕووبـار فـریـادی ئـەوانـی خـامۆش كرد. ئـەوانـەی مـابوونـەوە بـەدەنگی ڕەسـا بـانگی خـوايـان دەكرد، داوای كۆمـەكیـان لـێ دەكرد، بـەڵام وەك ئـەوەی بڵێی خـوا ئـەوانـی لـە بیر كردبـێ، چ مـەدەدی نـەگـەیشت.

جـەستـەی دوژمـنـان كـەوتـنـە نێو ڕووبـارەكـەوە، شـەپـۆڵی ورووژاو وەكـو پـەڕە كـا ئـەملا و ئـەولای پێ دەكردن.

تـاراس بۆڵبـا كـە سـەرنجی دا دوژمن نـابووت بووە، شمشێرەكـەی نـایـە نێو كـاڵانـەوە و سـەری وەرچـەرخـانـد و سـەیری پـاشـەوەی كرد، ئومێدی ئـەوەی هـەبـوو هـیـچ نـەبـێ ئـەسپـەكـانـی دوژمـن لـە هـەڵدێرەكـەوە نـەكـەوتبـنـە نێو ڕووبـارەكـەوە و لـە جێی خۆیـانـدا مـابن، مـەزەنـەكـەی دروست بوو، ئـەسپـە بـەهێز و تـونـدو مـەنـدەكـانـی سوپـای تورك هێشتـا لـە دەشتی بـێ پـايـانـدا دەلـەوەڕین و دەیـان حیلانـد. جـارێكی دی قۆزاقییـەكـانـی (ژاپۆرۆژ) ئـاگری تووڕەیی شـای پۆڵۆنییـان گەشـانـدەوە.

## ٢

ماوەیێك بەر لە کۆتایی جەنگ، شازادە (گریگۆری یاگی لوف)ی حاکمی (بوردماچ) لەسەر تەپۆلکەیێك و لە ژێر ئالاّی مەزنی پۆلۆنیا دانیشتبوو، مات بوو، شازادە گریگۆری پیاوێکی قووچ بوو، کامڵ بوو کلاّوخوودەی لەسەر بوو، ڕیشێکی کورتی گڤی هەبوو، لووتی باریك وەك دەنووکی هەڵۆ و چاوەکانی ورد و شین بوون.

کۆلۆنێل (مانفرێد)ی فەرماندەی سوپا، پیاوێکی توند و مەند و ڕەق بوو، سمێڵی خۆڵەمێشی بوو، ڕووی لە شازادەی پۆڵۆنی کرد و گوتی:

– گەورەم ئەریّ کاتی ئەوە نەهاتووە داوای هێزی کۆمەك بکەین؟

شازادە گریگۆری سەری ڕاتەکان و وەلاّمی دایەوە:

– نەخێر... پەلە مەکە کولۆنێڵ پەلە مەکە. ئەی ئەوە نییە ئەم بەرازانە ئەم کارەمان بۆ دەکەن.

مەبەستی شازادە، لە بەرازەکان هەمان قۆزاقییەکان بوون کە بەپشتگیری پۆلۆنییەکان لەگەڵ تورکانا دەجەنگان.

کۆلۆنێڵ مانفرێد بەو ناتۆرەیەی شازادە کە قۆزاقییەکانی پیّ ناونان زەردەی هاتیّ، بەلاّم لەبەرئەوەی خۆیشی سەرباز و جەنگاوەر بوو ڕێزی لە جەنگاوەران دەگرت و گوتی:

– گەورەم قۆزاقییەکان بەئەوپەڕی ئازایەتییەوە تورکانیان تەفروتوونا کرد.

شازادە گریگۆری گوتی:

– لەگەڵ ئەمەشدا دوێنیّ شەو، هەموو قۆزاقییەکان دەیانزانی وەزعی ئێمە ناجۆرە، هەموویان خۆیان مەست کرد، وەك گا لەنێو خۆڵدا

دەگەوزانەوە. خاترجەم بۆ ئێمەش- کە دۆستیانین- دەردی سەرمان بۆ دەنێنەوە.

- ڕاستە.

شازادە لە جێیە بەرزەکەی خۆیەوە سەرنجێکی دیی مەیدانی جەنگی دا ئەمەیش ڕێك هاوزەمانی ئەو کاتە بوو کە سوپای تورك لە هەڵدێرەکەوە دەکەوتنە نێو ڕووبارەکە، ناڵەی ناچارییان بەرز دەبووەوە، قیژەی پیاوان و حیلەی ئەسپانی بریندار تێکەڵی یەکدی دەبوون، شازادە ئیشارەتی بۆ شوێنێ کرد کە سوارێکی شمشێر بەدەست لەسەر ئەسپەکەیدا وەستابوو، گوتی:

- مانفرید سەیری ئەو قۆزاقە بکە! زۆر سەیرە، سەیری ئەوانی دیش بکە. هەرچەندە هەموو مەشرووبخۆر و وەحشین، لەگەڵ ئەمەشدا لە جەنگ و نەبەردا بێ وێنەن. کەسانێکی سەیرن. کۆلۆنیل گوێ گرە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە زەخیرە بۆ ئەوان و سەرگەرمییەکیش بۆ خۆمان پەیدا بکەین.

کۆلۆنێل مانفرید بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

- گەورەم مەبەستتان چییە؟

شازادە زەردەخەنەی هاتێ و گوتی:

- چەند سەربازێکی ئێمە لەگەڵ چەند گالیسکەیێك لەگەڵ خۆتا ببە و بچۆ بۆ خێوەتی قۆزاقییەکان. پێم وایە چادری گەورەکانیان ئا لەو شوێنەدایە.

شازادە پۆڵۆنی پاش ئەم قسانەی ئیشارەتی بۆ شوێنێکی پێدەشتەکە کرد و بەردەوام بوو.

- دەستوور بەهەموو هێزەکانی پۆڵۆنی بدە بەرەو گۆشەیێکی پێدەشتەکە پاشەکشێ بکەن، پاشانیش گەورەپیاوانی قۆزاق لەگەڵ خۆتا بۆ چادری سەڵتەنەتی بێنە تا بەبۆنەی ئەم سەرکەوتنە جەژن سازدەین.

کۆلۆنێل پرسی:

– ئەی گالیسکەکان بۆچین؟

– دەبێ گالیسکەکان پڕ کرێن لە بەرمیلە مەشرووب، ئەم مەشرووبەی ئێمەیش دیارییە بۆ دۆستان و هاوپەیمانان، یانی قۆزاقییەکان.

لێرەدا! شازادە بەوردی سەرنجی مانفرێدی دا و بەئەسپایی چاوێکی لێ داگرت، سیمای بێ ڕۆح و ساردی حاڵەتێکی سەیری دابووە ڕوخساری، بەردەوام بوو:

– بۆشکە شەرابەکان لە پشتی چادرەکانی ئێمەن، لە ژێر چاودێریدان، حاڵی بوویت؟

کۆلۆنێل مانفرید بە تێنەگەیشتنەوە وتی:

– قوربان مەبەستتان چییە؟

شازادە گرێگۆری گوتی:

– ئەحمەق شەرابەکە ئالوودەیە، تێگەیشتی؟ زوو بە ڕێ گرە بەر.

مانفرێد تفی قووت دا و گوتی:

– قوربان، قۆزاقییەکان هاوپەیمانی ئێمەن، بۆ ئێمە لەشکری تورکیان شکاند و ئەگەر...

شازادە بە ئەمرەوە قسەی کۆلۆنێلی بڕی و گوتی:

– بەر لە خۆر ئاوابوون دەمەوێ سەرکردەکانی قۆزاق بێنیتە لام، گەر نا ئەوا خانمی هاوسەرت دەکەمە بێوەژن.

کۆلۆنێل مانفرێد ئیکلامی کرد و بۆ وەجێهێنانی دەستوورەکانی لە بارەگای شازادە دوورکەوتنەوە. ئەم لە لایەن خۆیەوە ناڕازی بوو لەو کارەی کە دەبێ بکرێ. ئەڵبەتە ڕاستە کە قۆزاقییەکان وەحشی بوون، بەڵام ئەمە پاکانە نییە تا بەم شێوەیە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێ چونکە تەواوی ڕۆژ بەخەستی جەنگیان کردبوو.

قۆزاقییەکان پاش ئەوەی دوا کەسی دوژمنیان لە هەڵدێرەکەوە هەڵدایە خوارێ، ڕووەو خێوەتەکانی خۆیان گەڕانەوە. لە کاتی گەڕانەوەدا شمشێرەکانیان بەهەوادا ڕادەوەشاند و دەیانـنەڕاند، کەیف خۆش و ورووژابوون تا ئەم سەرکەوتنەیان بکەنە جەژن و مەشرووب بخۆنەوە و سەما بکەن.

کە قۆزاقییەکان گەیشتنەوە چادرەکانی خۆیان بەچوستی لە ئەسپەکانیان دابەزین کەوتنە تەوقە و ماچ و یەکدی لە ئامێزگرتن، ئەویش بەوەی کە هێشتا دۆستە کۆنەکانیان زیندوون، کەیف خۆش بوون و پیرۆزباییان لە یەکدی دەکرد پاشان مەتارە و مەشکەی شەرابیان لە نێو چادرەکان دەرهێنا و خەریکی نۆشینی شەرابی ئاگرینی تایبەتی خۆیان بوون.

دوو کەسی بانگۆژەن، سازەکانی خۆیان هێناو مژولی ئاواز دانان بوون، تاراس بۆڵبا لە نێوان قۆزاقییەکانەوە تێپەڕی و گەیشتە (بۆریس کۆبن کۆف)ی دۆستی کە دامەزرێنەری کۆمەڵەی (برایان) و سەردەستەی سەماکەرانی قۆزاق بوو. هەردوو بەیەکەوە لە ناوەڕاستی خەڵکەکە دەستیان بە سەما کرد. هەڵدەبەزینەوە، دەست و پێیان لە هەوادا دەکردەوە، بەئەوپەڕی لێهاتوویی سەمای بەنێوبانگی قۆزاقییان وەجێ دەهێنا، ئەوانی دیش لە دەوری ئەماندا ئەڵقەیان بەستبوو و چەپڵەیان لێ دەدا و سازژەنەکانیش بەگوڕتر سازیان دەژەند. تاراس بۆڵبا بێ ئەوەی دەست لە سەما بەردات، نیو کۆتە سوورەکەی و پاشان کراسە زەردەکەی داکەند و خستنیە بەردەمی خۆی ئەوجا کڵاوەکەی کە لە پێستی مەڕ دروست کرابوو، لەسەر داکەند و تورەی مووی پەلك کراو کە لە ناوەڕاستی سەرە تاشراوەکەیدا پێچی خواردبوو، کەوتە ڕوو. بۆڵبا بەنەوای مۆسیقا و لەسەر یەك پێ دەسووڕایەوە، لەم کارەیدا هەندە توندوتیژ بوو کڵافە مووەکەی سەری ڕاستەوڕاست کەوتە چەرخدان. وا دەکەوتە بەرچاو کە پارچە

دارێکی ڕەشە چەسپاوەتە تەوقی سەری.

(کۆبن کۆف)ی دۆستی بەچەپڵە لێدانەوە بەدەوری بۆڵبادا دەسووڕایەوە، بەچوستی و خۆشحاڵییەوە هاواری دەکرد:

– بژی تاراس بژی ... زیاتر بسووڕێوە... پەهـ پەهـ.

سەدانی دیش بەشداری ئەم هەرایە بوون و هەستی خۆیان دەردەبڕی دەنگی چەپڵە و هەڵپەڕکێ، نەوای سازەکانی هەڵدەلووشی، لەم کاتەدا و لەپڕ کۆلۆنێل مانفرێد بەسواری ئەسپی گەردن کەش و لەگەڵ چەند سەربازێکی پۆڵۆنی و لە بەردەم چەند گالیسکەیێکی پڕ لە بەرمیلە شەرابی ئالوودە، هاتنە نێو ئۆردووی قۆزاقییەکان. یەکێ لە قۆزاقییەکان بەڕووخۆشییەوە هاواری کرد

– ئاهـ... برایانی پۆڵۆنی دیاری شایستەیان بۆ هێناوین.

ئەو پیاوە، پاش قسەکانی، بۆری یەکێ لە بۆشکەکانی کردەوەو دەمی خستە ژێر شەرابی کەفکردوو. قۆزاقییەکان بەپێکەنینەوە لە دەوری گالیسکەکاندا کۆبوونەوە. تاراس بۆڵبا لە سەماکردن بووبووەوە، وەکو شێرێ گرنگی بە مێرووله نەدات ڕووەو بۆشکەکان دەچوو بە نادیدەیی و بێ ئەهمیەتەوە بەرانبەر سەربازانی پۆڵۆنی پۆشاکەکەی پۆشی.

(ئیڤان میخایلۆڤیچ می کۆلا) سەرکردەی قۆزاقییەکان (ژاپۆڕۆژ) کە پیاوێکی چڵ ساڵەی سەر حەوێس[1] و چاو بریقەدار بوو خەریکی، پانسمانکردنی[2] بازووی برینداریێك بوو، هەر کە تاراس بۆڵبای بینی، گوتی:

– تاراس دەبینی؟ ئێمەی قۆزاقییانی ڕووس لە پێناوی شای پۆڵۆنی هەشت هەزار کوژراومان داوە، ئەویش لە بری ئەمە بە شەراب قەدرزانی لێ کردووین.

---

(١) حەویس = تاس = أصلع

(٢) پانسمان = تیمار = تەداوی

– ڕەنگە کاری دیش بکات.

پاش ئەم قسەیە تاراس خەنجەرەکەی خۆی هەڵکێشا، بەتوندی نووکی خەنجەرەکەی لە دەمی خۆ نا، ئەم کارەی وا دەکەوتە ڕوو کە گوایە ڕوخساری بەر خەنجەر کەوتووە، پاشان لە کەمەرەوە بەرە و پاش چەمییەوە بە ئاسپایش سەری بەرەو دواوە برد، بە جۆرێ خەنجەرەکە چاکتر بچێتە نێو دەمی و مشتوکەیشی ڕاست و ڕاست بوەستێ، ئەوجا تاراس بوڵبا سەری بە حەرەکەیێکی تیژ ڕووەو پێش راتەکان و خەنجەرەکەی لە دەمییەوە دەرپەڕی و بەرەوپێش چوو. نووکەکەی چەقییە بۆشکەیێکی شەراب کە دوو قۆزاقی مژولی نۆشینی شەرابەکەی ناوی بوون.

تاراس بوڵبا بە تەنیشتی قۆزاقییەکان – کە سەرکەوتنی خۆیان کردبووە جەژن– تێپەڕی تا خەنجەرەکەی لە بۆشکەکە دەرهێنێ، هەروەها بایەخی بە پۆلۆنییەکان نەدەدا.

کۆلۆنێڵ مانفرێد سینەی خۆی ساف کرد لە کاتێکا سەرنجی یەك بە یەکی مەشرووب خۆرانی دەدا، بەدەنگی بەرز پرسیاری کرد:

– فەرماندەکەتان لەکوێیە؟

(می کۆلا) سەرکردەی قۆزاقییەکان هەر مژولی پانسمانکردنی بازووی پیاوە بریندارەکە بوو، بێ ئەوەی سەری بەرز کاتەوە گوتی:

– من فەرماندە نیم بەڵکو سەرکردەم. تۆیش کابرای پۆڵۆنی ئاگاداری خۆ بە ئەمر و نەهی بە ئێمە مەکە. گەر نەء دەتکەمە مەزەی شەراب.

کۆلۆنێل (مانفرێد) سەرنجی سەرکردەی قۆزاقییەکانی دا و پاشان تفی قووت دا و گوتی:

– شازادە (گریگۆری یاچیف)ی پایە بەرز، مەیلی بەوەیە ئەم

سەرکەوتنە لەگەڵ سەرۆك و گەورە پیاوانی قۆزاق لەنێو چادری سەڵتەنەتیدا بکاتە جەژن.

(می کۆلا) هەروەك ئەوەی لەگەڵ منداڵێکدا باخڤێ لەسەرەخۆ گوتی:

– چەند جار بڵێم من سەرکردەی قۆزاقییەکانم نەك سەرۆك، دوو جار هەڵە کردن هەند گرنگ نییە. بەڵام گەر سێ جار هەر هەمان هەڵە دووبارە بێتەوە، ئەوا مەعلوم دەبێ بە مەبەستەوە دەکرێ و بە ئیهانە دەژمێردرێ تەنها بەخوێن تۆڵەی وەردەگیرێ. چاکە پیاوۆکە ئێستا بزانم بڵێ من کێم؟

(می کۆلا) کە ئەم قسانەی دەکرد، بەردەوام بازووی کابرای برینداری دەپێچایەوە. کولۆنێل (مانفرێد)ی پۆڵۆنی وەڵامی دایەوە:

– قوربان ئێوە سەرکردەی قزاقییەکانن.

(می کۆلا) بە ڕەزامەندییەوە سەری ڕاوەشاندو گوتی:

– ئێستا چاکە، دەبڕۆ بە شازادەکەت بڵێ قۆزاقییەکانی (ژاپورۆژ) تەنها لەگەڵ سوڵتانەکاندا مەی دەخونەوەو بەس... ئەهای تاراس بۆڵبا ئەوە لەکوێدای؟

تاراس بۆڵبا لە نزیکیەوە ڕاوەستا بوو گوتی:

– من نزیك بە شمشێرەکەی تۆم (می کۆلا).

– نزیکتر بەرەوە.

کولۆنێلی پۆڵۆنی سەرنجێکی گرتە تاراس بۆڵبا. قۆزاقییەکی سەیر تەمەنی نزیکەی ٢٢ ساڵە، ماسوولکەکانی چەشنی پشیلەی کێوی بوون. تاراس بۆڵبا چەند هەنگاوێ چووە پێش، سمێڵە ئاوێزانەکەی قەڵافەتێکی تایبەتی پێ بەخشیبوو، چاوە قاوەییە تۆخەکانی – کە بڕۆی یەکێکیان لەوی دی بەرزتر بوو– بە مەزنی خستبوویانە ڕوو. سەری وەك هاوەڵەکانی تاشرا بوو تەنها لە ناوەڕاستی سەری دەستەیەك موو ڕوا بوو و پەلك کرابوو.

هیچ گومان لە وەدا نەبوو کە ئەو زانۆ بە هێزانەی، بەرانبەر بە هیچ کەسێك نە چەمیوەتەوە. کولۆنێل (مانفرێد)ی پۆلۆنی بە وردییەوە سەرنجی دەداوە لەژێر لێوەوە گوتی:

– ئەم پیاوە بێ ترس پشتی شەیتان دەداتە زەوی. تەنانەت پشتی منیش ... تاراس بۆڵبا بەرەو پێشتر چوو، سەرنجێکی کۆلۆنێل (مانفرێد)ی دا، ڕاستەو ڕاست سەیری چاوانی کرد وەك ئەوەی بڵێی (مانفرێد) ژنێك بێت ئاوها ئەندازەی دەگرت لەسەرکردەی قۆزاقییەکانی پرسی:

– فەرموو (می کۆلا) چی دەڵێی؟ دەتەوێ ئەم پیاوەت بۆ تەخت کەم؟

کولۆنێل (مانفرێد) بەترسەوە دەستی خستە سەر مشتووی شمشێرەکەی، (تاراس بۆڵبا) زەردەخەنەی هاتێ و ئامادەی نەبەرد بوو، بەڵام (می کۆلا) سەرکردەی قۆزاقییەکان بەئارامییەوە گوتی:

– تاراس دەمەوێ بەنوێنەری من لە چادری سەڵتەنەتی پۆلۆنییان ئامادەبیت.

– می کۆلا، ئەمە فرمانە.

– جەنگ کۆتای پێ هات، فەرمان چ مانایێکی نەماوە. ئەمە تەنها تکایە. کۆلۆنێل مانفرێد خەیاڵ دایگرت، ئەم بەربەرانە چەند سەیرن، ڕەنگە لە مەیدانی جەنگدا سەرکردە فەرمانی خود کوژییان بداتێ و ئەوانیش بێ چەن و چۆن ملکەچ بن، بەڵام لە ساتەکانی ئاشتیدا ئەم کارە چ مانایەکی نامێنێ و هەموویان یەکسان دەبن.

تاراس دەمانچە باروتییەکەی خۆی خستە ژێر کەمەر و گوتی:

– چاکە می کۆلا تکاکەت وەجێ دێنم و دەڕۆم.

سەرکردەی قۆزاقییەکان سەیرێکی دەوروبەری کرد گوتی:

– زۆر سوپاست دەکەم، چاکتر وایە (فی لی پین کو)، (شیلۆ)، (کۆبن

کۆف)، (باتگۆستڤان)، (کارژ)، (گولودبا)و (تیمو شڤسکی) لەگەڵ خۆتدا ببەی. تاراس بۆڵبا سەرنجێکی سەرکردەی دا و گوتی:

– بە چ موناسەبەیەکەوە دەبێ من ئەم پیاوانە لەگەڵ خۆ دا بۆ چادری سەڵتەنەتی پۆڵۆنییان ببەم؟

(می کۆلا) بە ئەدەبەوە گوتی:

– چونکە گەر ئەم کارە بکەیت منەتی گەورەیی دەخەیتە گەردەنم و یەك دنیا مەمنونت دەبم.

تاراس بۆڵبا بە هەمان تەوازوعەوە وەڵامی دایەوە:

– تەنها لە بەر خاتری تۆ ئەم کارە دەکەم. دەی کوڕینە زووکەن و ڕێگرنە بەر و بڕۆین چونکە شازادەی پۆڵۆنیا بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنە دەعوەتی کردین.

ئیسیتڤانی پیر کە قەرار بوو لەگەڵ تاراس بۆڵبا دا بچێتە چادری پۆڵۆنییەکان بە ناخۆشییەوە گوتی:

– ئاهـ ... ئێوە نەتانهێشت هەر هیچ نەبێ قومێ لەم شەرابە دیارییە بخۆمەوە. تاراس یەك مەتارە شەرابی هەڵگرت و گوتی:

– چەن بتڵێ لەگەڵ خۆتانا بێنن، بەڵام نەك لەو شەرابە ژنانەیەی پۆڵۆنییەکان کە لە سەر سنوورەکاندا– دەیخۆنەوە– بەڵکو شەرابی خالیس و تایبەتی قۆزاقییان. پاش ئەم قسانە بە چوستی سواری ئەسپ بوو و چوار ناڵە کەوتە پێدەشت. کۆلۆنێل مانفرێد وە دەووی کەوت.

## ٣

پاش ئەوەی پێدەشتەکەیان بڕی، تاراس بۆڵبا و هاوڕێیانی گەیشتنە سەر تەپۆلکەیێکی بەرز کە لەوێدا نەجیبان و گەورە پیاوانی پۆڵۆنی چاودێری مەیدانی جەنگیان دەکرد. لە ئەسپەکان دابەزین. بەرانبەریان سەربازگەی پۆڵۆنییەکان بوو، چادرێکی گەورەو بەرینی سەڵتەنەتی تایبەت بە شازادە گریگۆری لە پشتی تەپۆلکەکە هەڵدرا بوو، چەند فەرشێکی ئێرانی لە بەر دەمیا ڕاخرا بوو، چەند دانە موبل و کورسی گران قیمەت و دەستکردی فەرەنسی لە بەر دەم چادرەکەدا بوون کە شازادە و هاوڕێیانی لە کاتی جەنگدا لە سەریان دادەنیشتن و لە بەرزی تەپۆلکەکەوە سەیری مەیدانی جەنگیان دەکرد، تاراس بۆڵبا بەرەو چادری سەڵتەنەتی چوو، پێی نایە سەر فەرشەکان، وەك منداڵێ بیەوێ تەماشای تفاقە جوانەکان بکات ئاوها تەماشای کەرەسە و شتە ڕازاوەکانی دەکرد.

کۆلۆنێل مانفرێد لە ئەسپەکەی دابەزی و کەوتە پێش و گوتی:

– دوام کەون.

تاراس بۆڵبا لە پێشەوە دەڕۆیشت، ئەوەندەی سەبری کرد تا کۆلۆنێلی پۆلۆنی پێی گەیشت، ئەوجا وەستاو گوتی:

– کوڕۆ، من هیچ کاتێك پێ نانێمە نێو ماڵی چ پۆلۆنییێك.. تەنانەت ئەگەر چادریش بێ، بڵێ با شازادە لە بەردەمی چادردا من ببینێ.

ئەو پیاوە ڕووسییە پاش ئەم قسەیەی زەردەخەنەی هاتێ، کۆلۆنێل مانفرێد بە تووڕەییەوە گەڕایەوە، بەڵام بەر لەوەی هیچ وەڵامی بداتەوە پەردە ئاورشمینەکەی بەردەمی چادرەکەی لادا، شازادە گریگۆری ئاگادار بووەوە بە ئارامی گوتی: مادامێ وای لێ هات و تۆ نا تەوێ بێیتە نێو چادرەکەوە، هەر لێرەدا قسان دەکەین.

خولام و نۆکەران بە کەرەسەی بلوورین و زێڕینی شەراب لە چادر هاتنە دەر. (شیلۆ) لە گەورە پیاوانی قۆزاق و هاوڕێی تاراس بۆلبا بوو قەڵافەتێکی زەبەلاح و توند و تۆڵی هەبوو، پایپەکەی داگیرساند، کۆلۆنێل مانفرێدی پۆڵۆنی لەم کارە بێ ئەدەبانەی ئەو پیاوە لە حزووری شازادە پەست بوو، چووە پێشی و بە تووڕەییەوە چیپاندییە گوێی:

پیاوی گەوج پایپەکەت بکوژێنەوە.

شیلۆی توند و مەند دووکەڵی پایپەکەی دەرپەڕاندە سەر ڕوخساری کۆلۆنێل و گوتی:

– بەدبەخت سەیرکە چ تووتنێکی چاکە لە هەموو تەمەنت لە بابەتی ئەم تووتنەت نەکێشاوە، بۆنی کە.

شیلۆ پاش ئەم قسەیە دووبارە دووکەڵەکەی پف کردە سەر ڕوخساری کۆلۆنیلی پۆڵۆنی، ئەمیش بەڕەنگ و ڕووی پەڕیوەوە لە جێگەی خۆیدا وەستا، چیدی قسەی نەکرد.

پرێنس گریگۆری وەك ئەوەی پەی بەگەنی کارەکە بردبێ گوتی:

– چاکە.. پێشنیاز دەکەم بەبۆنەی شادی سەرکەوتنەوە هەندێ شەراب بنۆشین.

قۆزاقە میوانەکان سەیری یەکدییان کرد. یەکێکیان کە نێوی (فی لی) بوو ڕووەو ئەسپەکەی خۆی ئیشارەتی کرد– کە بار کرابوو لە دەستکەوتی جەنگی تورکەکان – گوتی:

– چاکە با من بە سەلامەتی ئەم دەسکەوتانە دەخۆمەوە .

هەریەکە و جامێکی زێڕینیان دانێ، پاشان نۆکەران شەرابیان کردە نێو جامەکانەوە، بەڵام قۆزاقییەکان بەئەوپەڕی خوێن ساردییەوە شەرابی پۆلۆنییان ڕژاندە سەر زەوی، جامەکانیشیان لەو شەرابە پڕ کرد کە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان. (فی لی) جامەکەی خۆی دایە بەر زەین و ڕووی لە

کۆلۆنێل مانفرێد کرد گوتی:

– زێڕی خالیسە، عەجەب جامێکی جوانە، خۆزیا لەگەڵ ئێوەدا جەنگمان دەکرد تا ئەم هەموو تفاقە گرانقیمەت و جوانانەی ئێوەمان بەدەستکەوت دەبرد.

ئەو پیاوە شەرابەکەی نایە سەر و بەبێ مەیلی جامەکەی لەسەر مێزی بەردەم چادرەکە دانا. شازادە گریگۆری لەسەر کورسییەکی گەورە دانیشت و وتی:

– چاکە.. کام یەك لە ئێوە سەرکردەی قۆزاقییەکانە؟

تاراس بۆڵبا شانەکانی بەرزکردنەوە و جوابی دایەوە:

– سەرکردەی ئێمە پەیمانی داوە کە تەنها لەگەڵ سەلاتین – سوڵتانەکان – مەی بخواتەوە.. لەگەڵ سوڵتان و قۆزاقییەکان.

– ئاهـ.. ڕاستە.. ئێوە دەتوانن بەمن بڵێن کە چ کەسێ بوو لەسەر زینی ئەسپەکەیدا وەستا بوو، لە مەیدانی جەنگدا کۆتایی بە جەنگ هێنا؟

– ئەو کەسە من بووم چونکە دوژمن نابووت بوو بەوەستان لەسەر پشتی ئەسپ ئیشارەتی ئەوەم دا بەسوپای خۆمان کە بەرەو ئۆردووگا بگەڕێنەوە.

شازادە گوتی:

– ئاوها.. وا بێ ئەو کەسە تۆ بوویت؟ قۆزاقی تۆ گەلێ چاك دەجەنگی ئەرێ تۆ بە چ ناسراوی؟

– من بەو ناوەی هەمە دەمناسن.

شازادە بە سەبرەوە پرسی:

– ناوی تۆ چییە؟

تاراس بۆڵبا سەری خۆی خوراند و گوتی:

– نـاوی مـن تـاراس ئـیـڤـانـۆڤـیـچ بـۆڵـبـایـە فـەرمـانـدەی کـۆمـەڵـە قۆزاقییەکانی (ئۆمانسکی–م).

تاراس بۆڵبا لە کاتی ئاخافتندا چاوەکانی بەملا و ئەولادا دەگێڕا، هـەمـوو شتـێکـی دەدایـە بـەر زەیـن، تـوانـی لـە سیمـای شازادەدا پیسی و مەبەستی پۆخڵ و ڕەسەنە ناجسنەکەی بخوێنێتەوە. تێگەیشت ئەم ڕەفتارە بـەنـاو دۆستـانـەیـە، ئـەم هـەمـوو لـوتـف و مـیـهـرەبـانـیـیـە، هـەمـووی مەسڵەحەتییە. بۆڵبا بە بینینی شازادە، ڕێوی هاتەوە یاد، ورچ و داڵ، لە هـەمـوو ئـەمـانـەش زیـاتـر گورگـی بـاران دیدەی هـاتـە بـەرچـاو، مـەرگـی بـەئـەشکـەنجە هـاتـەوە یـاد بـرسیـەتـی پشتـی دیوارە بـەردینـەکـان، قـەڵا، خەنجەر لە تاریکی، ژەهری نێو ئەموستیلە و تیغە ژەهراوییەکان، شمشێر و چەقۆی وەبیر هاتەوە، تەواوی ئەم شتانە بە بینینی شازادە لە مێشکی بۆڵبادا نەخشی بەست، تفێکی ڕۆ کردە سەر زەوی، پاشان زەردەخەنەی نایە سەر لێوانی خۆی، هەندێ مەشرووبی کردە نێو جامەکەی.

شازادە گریگۆری لە کاتێکا کە قسەی بەزمانی ڕووسی و لەهجەیێکی تایبەتی دەکرد گوتی:

– چاکە تاراس بۆڵبای فەرماندەی قۆزاقییەکانی (ئومانسکی) دەبێ بڵێم پاشای پۆلۆنیا..

تاراس بۆڵبا هەندێ مەشرووبی نایە سەر و لە ژێر لێوەوە گوتی:

خوا لەناوی بات.

شازادە بەبێ بایەخدانەوە بەردەوام بوو

– پادشا خانم لە ئەنجامی یەکێتی و هاوپەیمانی ئێمە گەلێ خۆشحاڵ و ڕازییە، بڕیاری داوە هەموو قۆزاقییەکان بەوە شانازکات ببنە بەشێك لە لەشکری پۆلۆنیا.

تـاراس بـۆڵـبـا بـەتـووڕەبـوونـێکـی کـوتـوپـڕەوە بۆ دووهـەمین جـار تفـی ڕۆکردە سەر زەوی. تفەکە ڕێك کەوتە سەر فەرشەکەی بەرپێی شازادە.

بۆڵبا بە ڕقەوە جامەکەی خۆی نایە سەر زەوی و گوتی:

– پۆلۆنی ئەمەش بەشانازی تۆ، ئەم مووە پەلکە کراوە دەبینی؟ ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە تۆ دەتەوێ لەگەڵ کەسێکی (ژاپوروۆژی) قسان بکەی، ئایا لە مانای ئەمە تێدەگەی؟ قۆزاقییەکانی خەڵکی (دی پر) کە هەموویان لە نێو یەك کۆمەڵەدا یەکیان گرتووە و برای یەکدین و بەناوی (ژاپوروۆژی) ناودەبرێن، ئەمانە داوای ئازادی دەکەن، خزمەتی خوا و ئاینی ئەرسەدۆکسی–یان لا پیرۆزە، ئەمانە فەرامۆش نەکەی. قۆزاقییەکان لەسەر گۆی زەویدا داواکاری ئەوە نین ببنە غولامی چ کەسێ.

بۆڵبا پاش ئەم قسانەی دوو هەنگاو چووە پێشەوە، دروست بەرانبەر شازادە وەستا و بەردەوام بوو.

– ئێمە بۆ ئێوە جەنگمان کرد تا شەڕی تورکانتان لەسەر کەم کەینەوە لەبەرئەوەی ئێرە ئۆکرانیایە و نیشتمانی ئێمەیە. چاکترە کە شەرەفی پۆلۆنی خۆتان بەرەو پۆلۆنیا ببەنەوە. ئێمە بە حاڵی خۆمانەوە جێ بێڵن. پۆلۆنی ئێمە جێ بێڵە.

بۆڵبا کە زیاتر قسانی دەکرد، زیاتر هەڵدەچوو دگانەکانی لەیەك گیر دەکرد. کۆلۆنێل مانفرێد دەستی نابووە سەر مشتووی شمشێرەکەی، هەنگاوێ هاتە پێشەوە بەڵام یەکێ لە هاوڕێیانی بۆڵبا کە (گولودویا)ی ناو بوو و بە(گزاز) ناو دەبرا، پاڵێکی پێوە نا (ئیستیڤان)ی پیر مشتێکی کێشایە ژێر کێلانی شمشێرەکەی کۆلۆنێل، بەجۆرێ بوو شمشێرەکە لە کێلان هاتە دەر. (فی لی)یش بەجۆرێ کلاوەکەی کۆلۆنێلی داگرت تا چاوانی ئەو پیاوەی پۆشی، (شیلۆ) بەچوستی خەنجەری لە کەمەری کۆلۆنێلی پۆلۆنی دەرهێنا و نایە ژێر کراسەکەی خۆی.

شازادە بە تووڕەیییەوە دەیڕوانییە ئەم ڕووداوە و هاواری کرد.

– مانفرێد حەق بە تاراس بۆڵبایە. شەرەف و سەربەستی بەم

مەسەلەیەوە پەیوەست نین، ئێمە پێویستمان بە ئۆکرانیا نییە تا بیکەینە سەنگەری شەرەف، ئێمەی پۆلۆنی پێویستمان بە گەنم و خاکی ڕەشی بە پیت و بەرەکەتی ئۆکرانیایە..

لێرەدا شازادە پۆلۆنی هەستا و بەتەنیشتی تاراس بۆڵبادا تێپەڕی پاشان چووە گۆشەیەکی چادرەکە دەستی بۆ پێدەشتی گەمارۆدراو برد.

قۆزاقییەکان بە سەرسوڕمانێکی زیادەوە سەرنجیان دا سوپای پۆڵۆنی لەو ناوەدان سەریان لە سەنگەرەکانیانەوە هێناوەتە دەر، بەتۆپ و کەسانی چەکدارەوە تەواوی ئەو دەڤەرەی قۆزاقیانی ژاپوروژی لێیە، گەمارۆیان داوە، هیچ ڕێیەك جگە لەو ڕێیەی کە بەرووبارەکە کۆتایی دەهات بۆ قۆزاقییەکان نەمابوو. هەموو گەمارۆ درابوون. شازادە هاتە پێشەوە و وتی:

– دەبینن؟ ئێمە لێرەداین و لێرەش دەمێنینەوە هەر بەم بۆنەیەوەیە کە پادشا خانم دەیەوێ سوپای قۆزاق لێك بترازێنێ یاخییەکان لەناو ببات، ئەگەر ئەم کارە وەئەنجام نەبێت دەشێ ئێوە دژ بەئێمە بوەستن و سەری ئەسپ و نیزەکانتان ڕووەو ئێمە وەرگێڕن. ئۆکرانیا لە ئێستاوە هی پۆڵۆنیایە، هی ئێمەیە و بەس.

تاراس بۆڵبا بەرەو پێش چوو شازادە بەردەوام بوو.

– هەر بەم بۆنەیەوە من بەشێکی سوپاکەی خۆمانم گل داوەتەوە، ئەمانەم بۆ کارێکی ئاوها داناوە، کە ئێوە شکستتان بەتورکان هێنا و جەنگتان بۆ ئێمە بردەوە، ئەو کاتە سوپا گل دراوەکە گەمارۆی ئێوە دەدا و دەبێ ئۆکرانیا بۆ ئێمە بێت...

شازادە لە کاتی گوتنی ئەم قسانەی دەستی بەرز دەکردەوە تا بایەخی زیاتر بە قسەکانی بدات، بەڵام ئەم کارەی بەزیانی خۆی گەڕایەوە چونکە نەیتوانیبوو بەجوانی درك بە ورەی قۆزاقییەکان بکات.

هەرکە شازادە دەستی بەرز کردەوە ئیشارەتی دەوروبەری دا، لەپڕ تاراس بۆڵبا نەڕەی لە سینەی دەرپەڕاند، لە چاوتروکاندنێکدا شمشێرەکەی هەڵکێشا، بەر لەوەی کەسێ وەئاگا بێت بەهەموو هێزێکی خۆیەوە کێشایە سەر دەستی شازادە. تیغەی شمشێر بەر مەچەکی کەوت، دەست بە ئەموستیلەی گرانقیمەتەوە لە مەچەکەوە بڕا و کەوتە سەر سەوزە گیای دەشتەکە خوێن لە مەچەکی بڕاوەی شازادە فەوارەی دەکرد و لە ژێر تیشکی هەتاودا کەوتە ڕوو و سەوزییەکەی لەوتاندەوە.

شازادە گریگۆری ناڵەی جەرگبڕی لێوە هەڵسا. ناڵینەکەی زادەی ترس بوو نەك ئێش چونکە بڕینەکەی گەرما و گەرم بوو، شازادە وەك مەلی سەربڕاو بەرەو پێش چوو. بەناڵەوە کەوتە سەر فەرشەکە و تلایەوە.

تەواوی ئەم ڕووداوە کەمتر لە چەند ساتێکی خایاند، کۆڵۆنێل مانفرێد شمشێری هەڵکێشا و ڕووەو تاراس بۆڵبا هێرشی برد. تاراس وەك شێرێکی چالاکی توندومەند بەبێ تێفکرین بەلایەکدا چەمایەوە، پاشان بەپەنجە بەهێزەکانی مەچەکی کۆلۆنێلی چەك بەدەستی گرت هەر لەو کاتەدا شمشێرەکەی خۆی تامشتوو لە سینەی چەسپاند، کۆڵۆنێل مانفرێد بۆڕەی لێ هەڵسا و کەوتە سەر زەوی.

تاراس بۆڵبا شمشێرەکەی لە سینەی دەرهێنا و فریادی سەرکەوتنی (ژاپورۆژ)ی کێشا و بەیەك باز نیشتە سەر پشتی ئەسپەکەی خۆی و هاواری کرد،

– مەرگ بۆ تاوانباران، بژیت ژاپورۆژ.

گەورەپیاوانی ژاپورۆژ بۆڵبا ئاسا خۆیان هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکانیان جگە لە (فی لی) کە پێش ئەوەی سواری ئەسپەکەی ببێ ڕووەو مێزەکە ڕۆیشت و جامێکی زێڕینی هەڵگرت و خستییە بەر باخەڵی، ئەوجا هەموویان چوار ناڵە ڕووەو خوارووی تەپۆڵکەکە بۆ لای سوپای پۆڵۆنی و تۆپخانەکانیان هێرشیان برد. هەموویان شێت ئاسا

دەیـاننـەڕاند، بـەهـەمـوو هـێزی گـەروو دەیـاننـەڕاند تـا دۆستـانـی خـۆیـان ئـاگـادار بـکـەنـەوە کـەچـی دەنگـەکـانـیـان لـە نـێو گـرمـەی تـۆپـەکـانـدا نەدەبیستران.

قۆزاقییەکان سەرکەوتنی خۆیان کردبووە جەژن. تێکەڵی یەکدی بوون ئاگری تۆپەکان تێکوپێکی دان. دەست و پێ بەملا و ئەولادا دەپەڕین جەستە بێ سەرەکانی قۆزاقییەکان تلۆر دەبوونەوە پاش ئەوەی تۆپەکان بۆ ماوەیێك تۆپبارانی قۆزاقییەکانی کرد بێ دەنگیێکی مەرگبار دەستی بەسەر پێدەشتەکەدا کێشا. قۆزاقییەکان یەك لە دوای یەك ڕووەو چەك و ئەسپەکانیان ڕایان دەکرد. بۆ دووەم جار و سێیەم جاریش تۆپباران کران. تاراس و هاوڕێکانی گەیشتنەوە سوپاگای خۆیان و کەوتنە پرسینی دۆستـان و هـاوڕێیـانی خـۆیـان. وەزعـی سوپـا نـاجـۆر و تێکـەڵی یـەکدی بـبـوون، زۆربـەی قـۆزاقـیـیـەکـان کـە شەرابـی ئـالـوودەی پـۆڵـۆنـیـیـان خواردبووەوە، خەریکی ئەوە بوون سواری ئەسپەکانیان بن بەڵام نەیان دەتوانی و گۆڕ ببوون، ئەوانە هەر لەوێدا کوژران.

هـەمـوو سەرگـەدان بـوون، تـۆپـەکـانـیش ئـاگریـان دەبـاراند. مـی کۆلا سەرکـردەی قـۆزاقـیـیـەکـان لـە کـاتـێکدا کـە سواری ئـەسپـە ڕەشە تـوندو مـەنـدەکـەی خـۆی بـوو، بـە بـەردەمـا چـەمـیـیـەوە، بـەیداغـی گـەورەو ڕەنگ زێڕیـنـی قـۆزاقـیـیـەکـانـی لـە زەوی هـەڵـگرتـەوە، بـە چـوار نـاڵـە ڕووەو بارەگاکانی پۆڵۆنی تاوی ئەسپی دا، گەیشتە سەر ئەو تەپۆلکەیەی کە گەورەپیاوانی پۆڵۆنی لە دەوری شازادە گریگۆریدا خڕببوونەوە، لە کاتێکدا می کۆلا زیاتر لە دوو سەد قۆزاقی کەوتبوونە دووی لە کەناری شازادەی پۆڵۆنی تێپەڕین و بە پەلە ڕووەو سنووری (دنای پیر) چوون. دوو کەسی دی (کـوبـن کـۆف) و (کـارژ) بـەیـداغـیـان بـە دەست بـوو، لـە بـەردەمـی قۆزاقییەکانەوە حەرەکەتیان دەکرد.

فـی لـی پـن کـوی (کـلـودویـا) (ئـیستـیـڤـان) (تـیـمـو شڤسکـی) کـە لـە

گەورەپیاوانی قۆزاق بوون هەر یەکە ڕێی دەرباز بوونیان وە دەست هێنابوو.

تاراس بۆڵبا و شیلۆی هاوڕێی کەوتنە پێش کۆمەڵێك قۆزاقی، بەرەو شیوێك دەچوون. سەرەتا وا دەکەوتە بەر چاو کە نیازی خۆ کوشتنیان هەیە بەم مانایە ڕووەو دۆڵ و خەرەندەکە کۆتایی دەهات دەڕۆیشتن. ئەویش هەر هەمان ئەو شوێنە بوو کە چەند سەعاتێ لەوە و بەر تورکەکانی هەڵلووشی. قۆزاقییەکان توانییان بەر لە تەقینەوەی تۆپەکان بگەنە هەڵدێرەکە.. پاش هەندێ هەموو فریادی جەنگیان کێشا و دروشمی گیان بەخشیان دووبارە کردەوە. بە ئەسپەکانی خۆیانەوە سەرە و ژێر خۆیان هەڵدا. ئەسپەکان بە سوارەکانیان لە هەوا دا بوون وەك پەلەوەرەکانی دۆزەخ دەکەوتنە بەرچاو، کەوتنە نێو ڕووبارەکەو بە ئازایەتییەکی تایبەتییەوە کەوتنە مەلەکردن، ڕووەو ڕۆخی ئەو بەری ڕووبارەکە مەلەیان دەکرد. هەندێ تەختە بەردی گەورە لە نێو ئاوی ڕووبارەکە هاتبوونە دەرێ، جەستەی تورکان و ئەسپەکانیان لە سەر کەڵەك ببوون، دیمەنێکی ترسناکی هەبوو.

تاراس بۆڵبا گوێ بیستی تۆپبارانەکەی پشتی سەریان بوو بەڵام هەرگیز ئاوڕی لە دواوە نەداوە، کاتێ کە گەیشتنە ڕۆخی ئەوبەری ڕووبارەکە و پێیان نایە سەر وشکانی، تاراس بۆڵبا ڕووەو ئەسپەکەی چوو– کە ئەویش بە مەلەکردن گەیشتبوە ڕۆخ– سوار بوو یادی خیانەتی پۆڵۆنییەکانی تا مۆخی ئێسقانەکانی داخرابوو سەراپای بوونی گرتبووەوە. ئەم هەستەی هەستێ بوو تا سەر لە ناخیدا مایەوە. پەیمانی لەگەڵ خۆیدا بەست کە ئەگەر شازادە گریگۆری بەزیندوویی بمێنێتەوە ئەوا تۆڵەی خۆی لێ وەردەگرێت.

بەڵام ئومێدی ژیانی گریگۆری گەلێ کەم بوو، چونکە زانستی پزیشکی ئەو سەردەمە و کەم بوونی پزیشکی شارەزا وای کرد بوو کە شازادە

بەدەستێکی پەڕیو و برینێکی سەخت نەتوانێ بەردەوامی بەژیان بدات.

تاراس تەواوی ئەم شتانە بە مێشکیا گوزەری کرد بەڵام پەیمانی لەگەڵ خۆیدا وا بەستبوو ئەگەر شازادە بمێنێ تۆڵەی خۆی و هاوڕێیانی لێ بکاتەوە نەك تەنها لەو بەڵکو لە خودی شا خانم (خانم شا).

شای پۆڵۆنیا دەبێ سزا وەرگرێ. تاراس پەیمانی لەگەڵ خۆیدا بەست کارێ بکات نەك تەنها شازادە بەڵکو پاشای خائینی پۆڵۆنیاش بە بیستنی ناوی ئەم لەرز دایگرێ.

ئەم کارە خیانەت ئامێزە کارێ بوو بووە هۆی تەفرو توونا بوونی قۆزاقییەکان و لەناوچوونی کۆمەڵەکەیان. دەبێ بێ سزا بەسەر نەچێ.

پۆڵۆنیا لە سەر سنووری ئۆکرانیادایە، ترسی هێرشی تورکان هەراسانی کردبوو، سەدان کەسیان لێ بەدیل دەگیرا و دەکرانە کۆیلە. پۆڵۆنیا بۆ شکاندنی تورکان سوودی لە قۆزاقە ڕووسەکان وەردەگرت. حاڵ بەم جۆرە بوو. پۆڵۆنییەکان پاداشتی قۆزاقییەکانیان بەگوللە تۆپ دایەوە، تاراس لە ژێر لێوەوە گوتی:

– لە بەر ئەم کارە دەبێ تەواوی پۆڵۆنیا بێنمە لەرز.

تەواوی پۆڵۆنیا لەوەی کە ئەمڕۆ ڕووی داوە پەشیمان دەبنەوە تەنانەت شەیتانیش ئەو شەیتانەی کە فریوی شازادە گریگۆری دا و بووە هۆی قەتل و عامی قۆزاقییەکان، دەبێ سزا وەرگرێ.

تاراس بۆڵبا بەدەنگی بەرز گوتی:

– دەگەمە خزمەتی تۆیش.

شیلۆی دۆستی بۆڵبا کە لە تەنیشتییەوە تاو دەدا بەسەر سوڕمانەوە پرسی:

– تاراس دەڵێی تووشی مالیخۆلیا بوویت؟ لەگەڵ چ کەسێك قسان دەکەی؟

تاراس وەڵامی دایەوە

– لەگەڵ شەیتان.

## ٤

گروپی شکست خواردووی قۆزاقییەکان کە زۆربەیان بریندار بوون، بەدوای تاراس بۆڵبا و شیلۆ لە گۆلاوێکی بەرین پەڕینەوە، بۆقەکان کەوتنە هەڵبەزو دابەز پاشان ئەو گروپە کەم و شکست خوردەیە ئەو سەر زەمینە ترسناکەیان جێهێشت لە جەنگەڵی پڕ درەخت و تاریك تێپەڕین و سەر لە نوێ پێیان نایە سەر پێدەشتێکی جوان و ڕۆشن. ئەوان بەچاکی دەیانزانی کە جاسوسەکانی پۆڵۆنیا ماڵ و جێیان لە (سیچ) دا دەخەنە ژێر چاودێری و ئەمان ناتوانن جارێکی دی بەرەو ماڵەکانیان بگەڕێنەوە، بۆیە بەرەو مێرگێکی گەلێ بەرین کە قۆزاقییەکان لە کاتی مەترسیدا لێی کۆدەبوونەوە، ڕۆشتن.

هیچ کەس جگە لە قۆزاقییەك نەیدەتوانی ئەو شوێنە پەناگانە بدۆزێتەوە، ئەڵبەتە ئەو شوێنە جێیەکی نهێنی و گرنگ نەبوو، بەڵکو نشێوێکی چکۆلەی پێدەشتەکە بوو تەنها چاوی تیژبین دەیتوانی پەی پێ ببات هەندێ گردۆلکەی لە دەوروبەردا بوو و درەختی کۆك و توند دەوری گوتبوو و باریکە ڕێیەکی گەلێ بچووکی هەبوو.

تاراس بۆڵبا ڕێنمایی هاوڕێکانی بۆ ئەو شوێنە کرد، ئەسپە نیوە شەکەتەکانیان بەباریکە ڕێیەکدا برد و سەرەو خوار بوونەوە.

کاسە سەری تاتارەکان و ئیسکلت(٣)ـی ئاژەڵ وسینەی خاڵی پەلەوەرەکان لەو شوێنە دەکەتنە بەرچاو. ئەو کاتە بۆڵبا و هاوڕێیانی گەیشتنە باریکە ڕێیەك، (می کۆلای) سەرکردەی قۆزاقییەکان و (کۆبن کوف) و چەند کەسێکی دی پەیڕەوانی خۆی لە لایێکی دیی پێدەشتەکە

---

(٣) ئیسکلت: الهیکل العظمی

دەرکەوتن، بوونە دوو دەستە و بە یەکەوە چوونە سەر ڕێیەکە.

گرووپی ئەمان شەش هەزار کەس بوون. لەم ژمارەیەدا نەدەکرا بریندااران بژمێردرێن چونکە گەلێ زۆر بوون، سەر و سینەی خوێناوی و جلوبەرگی دڕاو، قەڵافەتی ترسێنەری تایبەتی پێ بەخشیبوون.

کو بن کوف عەلەمداری سوپای شکست خواردوو، چووە نێوەڕاستی شوێنەکە و ئاڵای زێڕین–ی کە وێنەی فریشتەی لە سەر نەخشێنرابوو، بەرز کردەوە و بەدەنگێکی ڕەسا، بەجۆرێ بگاتە هەموو گوێیەك، گوتی:

– باوکی ئاسمانی، فریشتەی مەزن، من و تۆ لەگەلێ جەنگدا شان بەشانی یەکدی جەنگاوین، چ کارێکمان بە یەکەوە نەکردووە؟ شکستمان دا بە تورکان، مەغۆلی و ڕووسی و سوپای تزار و تاتارەکانمان لە پێ خست، ئێستا چۆن؟

لێرەدا کوبن کوف کڵاوەکەی لە سەر داکەند، دووبارە بە هەڵچوونەوە وتی:

– پۆڵۆنییەکان وەکو تاعون پێدەشتەکانی ئوکرائینیایان گرتەوە! بەڵێ، کۆی برایانی قۆزاقییان تەفرو توناکرد و هەموویان مەحف بوونەوە. سەری تاشراو و توڕڕەی مووی ئێمە و بەیداغ و ئیمانی ئێمە بەر نەفرەت کەوتووە. ئاخر چۆن؟ چۆن دەبێ دووچاری بەڵایێکی ئاوهابین؟ مەگەر لە بەر خاتری پۆڵۆنییەکان داگیرکەرانی تورك و تاتارمان لە بەین نەبرد؟ مەگەر ئەمرۆ تورکە دوژمنەکانمان نابود نەکرد؟ چۆن پۆڵۆنییەکان بەم شێوەیە ڕەفتاریان لەگەڵدا کردین؟ ئاخر چمان کردبوو وا دووچاری ئەم موسیبەتە بووین؟

لێرەدا کوبن کوف لە ئەسپەکەی دادەبەزێ و پێیەکانی دەکوتێتە سەر زەوی نێو چاوانی گرژ بووەوە. لە کاتێکا کە سەیری وێنەی فریشتەی سەر ئاڵاکەی دەکا دەڵێ:

– کەسێ خیانەتی لەگەڵدا کردووین، کێیە؟ نازانم.

می کۆلا سەرکردەی قۆزاقییەکان لە تەنیشتی ئەسپەکەی خۆیەوە وەستا بوو کاتێ کە کوبن کوف قسەکانی تەواو کرد، چووە پێشی و گوتی:

– بەرنامەی ئێوە چییە؟ ئێوە منتان بە سەرکردەی خۆتان هەڵبژاردووە تا لە بەر دەمی ئێوەوە ئەسپ تاودەم و ڕووەو سەرکەوتن بڕۆم، بەڵام من لە بری ئەمە ئێوەم بەرەو شکستی و نابوودی برد، ڕیسوایی، شکست و نابوودیم بۆ دروست کردن. من سەرکردەی شیاو نەبووم.

سەرکردە پاش ئەم قسانە سەری خۆی داخست و چاوەڕێی سزا بوو کە پێی وابوو هاوڕێکانی بۆیان لەبەر چاو گرتووە.

دەنگ لە چ کەسێکەوە نەهات و چ کەسێکیش نەبزووت، چ کەسێکیش سەیری ئەوی دیی نەدەکرد، مەزەنەکەی می کۆلا لە جێی خۆیدا نەبوو، هەموو وەکو سەرکردە می کۆلا خۆیان بەنەگریس و سووك دەهاتە بەرچاو، تا تاراس بۆڵبا بێدەنگی بە کەلیمەیێك شکاند و گوتی:

– نەء

هەموویان سەریان بەرز کردەوە و چاوەڕێ بوونەوە.

بۆڵبا سەرلەنوێ گوتی:

– نەء می کۆلا تۆ قسەی بێ سەروبەر دەکەی، ئەگەر ئێمە لە جەنگا سەرکەوتباین، ئەوا سەرکەوتنەکە هی هەموومان دەبوو. ئەگەر تووشی شکستیش بووین ئەوا هەر هەموومان بەرپرسیاری ئەو شکستەین، نەك شەخسی تۆ، بەڵام نە سەرکەوتووین و نە دۆڕاوین. هیچ کەس شکستی بە ئێمە نەداوە بەڵکو خیانەتمان لێ کراوە.

وردە وردە دەنگی بۆڵبا ڕەساتر و توندتر دەبوو، بەردەوام بوو.

– ئێمە وەکو مەڕ، دروست وەکو مەڕ بەرەو کوشتارگایان ڕاندین

شەرابی ژەهراوییان داینێ، ئێستا قۆزاقییانی دەستەی (ژاپورۆژ) بە یاخی لە قەڵەم دەدرێن، ئێمە دووبارە دەست پێ دەکەینەوە. مەگەر وا نەبووە؟ لە ڕابوردوودا قۆزاقییەکان کەمتر لەم کەسانەی ئێستاکێ بوون و بەردەوامییان بە چالاکی خۆیان داوە، من دەڵێم سەرلەنوێ دەست پێ دەکەینەوە شینایییەکانی خۆمان دەسووتێنین و ڕووەو جەنگەڵەکانی باکور دەڕۆین و لە کێوەکاندا ژیان دەگوزەرێنین.

یەکێ لە قۆزاقییەکان پرسی:

– ئایا دەتوانرێ دوور لە زەویوزار و کێڵگە ژیان بگوزەرێنرێ؟

ئەو پیاوە حەقی بوو ئەم پرسیارە بکات، چونکە پێدەشتەکانی ئۆکرائین بۆ ئەوان وەك دایك بوو.

تاراس بۆڵبا وەڵامی دایەوە و گوتی.

– بەڵێ ئێستا لەوەڕگا و پێدەشتەکان هی پۆڵۆنییەکانە، ئەوانە سەر زەمینی ئێمەیان بەنامەردی داگیر کرد.

بۆڵبا خۆیشی لەوە نارەحەت بوو کە لەوەڕگا و پێدەشت جێ بێڵێ، ئەو سەر زەمینە سەوز و بەرینە، دایکی ئەوان بوو. مەڕەکانیان لە وێدا دەلەوەڕان و ژیانیان ئاسانتر دەگوزەراند بەڵام ئێستا بەناوی یاخیەتییەوە ناچارن پەنا بۆ کێوەکان ببەن.

بەهەر حاڵ، تاراس بۆڵبا بەهەمان شێوەی پێشوو بەردەوام بوو

– بەڵێ تا تاتارەکان لە (قەرم) بن و تورکان لە ئەناتۆلیا و خائینە گەورەکانی وڵاتیش لە مۆسکۆ بن، ئێمە لە ئاسوودەییدا نابین. دەبێ ڕیشەی فەساد بنەبڕ بکرێت. ئێمە دەبێ دەستی داگیرکەر کورت بکەینەوە.

جارێکی دی تورکان هێرش دێننەوە سەر ئۆکرائین، تاتارەکان هێرش دێننە سەر ئێمە، ڕووسەکانیش بۆ داگیر کردنی ئۆکرائین حەملەمان بۆ دەهێنن و ڕاومان دەنێن. ئێستایش پۆڵۆنییەکان لەوەڕگاو پێدەشتەکانیان

لێ داگیر کردووین و لە زەوی باو باپیران دەرکراوین ئێمە دەمانەوێ بژین و دەبێ بەتەواوی ئەم هێزانەمان بجەنگین.

تاراس بۆڵبا پاش گوتنی ئەم قسانە ڕووەو ئاڵاکە ڕاوەستا، دەستە مووە پەلکە کراوەکەی تەوقی سەری گرتە دەست، پاشان شمشێری هەڵکێشا و مووەکەی بڕی و خستییە بەردەمی ئاڵاکە و گوتی:

– هەرکەسێ مووی سەری ئاوها بێ بە یاخی دەژمێردرێت. ئەمە باوەڕی پۆڵۆنییەکانە. مووی ئێمە بەقودرەتی ئێمە دەژمێردرێت. من قودرەت و هێزی خۆم کۆ دەکەمەوە. مووی من جارێکی دی دەڕوێتەوە، ڕەنگە ئەمە چەند ساڵێ درێژە بکێشێ، ڕەنگە سەدەیەك درێژە بکێشێ، بەڵام من تا ئەو کاتە، تا ئەو دەمەی دووبارە مووم نەڕوێت نامرم، سەرەنجام نۆرەی ئێمە دێت و سەرکردە کۆمان دەکاتەوە، ڕەنگە یەك ساڵ و ڕەنگە سێ ساڵی تر بێت، بەڵام کۆی ئێمە یەك دەگرێتەوە. ئێمەی دەشتنشین، چیانشین، پیاوی جەنگین. ئەو کاتە دووبارە لە ژێر ئاڵای (برایانی ژاپوڕۆژ) کۆ دەبینەوە ئەو دەمە تۆڵەی خۆمان لە پۆڵۆنییەکان وەردەگرین.

چاو لە بری چاو و خوێن لە بری خوێن. ئێمە زەوی خۆمان وەردەگرینەوە.

چەند ساتێ قۆزاقییەکان بێ دەنگ بوون و نەبزوان تا پیاوێکی بەتەمەنی شەلی هەندێ بێ موو، هەنگاوێ بۆ پێش چوو، قەمەکەی خۆی هەڵکێشا لە تەوقە سەرە حەوێسەکەی دەستەیەك موو ڕوا بوو، بە قەمەکەی بڕی، ئەم پیاوە لە گەورەپیاوانی قۆزاق و ناوی ئیستیڤان بوو.

بەم شێوەیە قۆزاقییەکانی دی هەموویان خەنجەرەکانیان هەڵکێشا و مووەکانی سەری خۆیان بڕی. یەك بەیەکی ئەوان لە بەردەمی ئاڵاکەدا مووەکانیان دانا. ئیدی چ نیشانەیێکی دیاریکراویان نەبوو تا پۆڵۆنییەکان بیانناسنەوە و بزانن ئەمانە هەمان قۆزاقییەکانن کە

ئێستاکێ یاخی و نادیارن. ئەمانە دەیانتوانی بەم قەڵافەتە نوێیەیان جێ چالاکی خۆیان جێ بێڵن و بەرەو ماڵەکانیان بگەڕێنەوە. هەموو ئەوانە ژن و منالّی خۆیان جێهێشتبوو و هاتبوونە جەنگی تورکان و تاتارەکان و گەیشتبوونە سەر سنوور و ئێستا دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ لای ژن و منالّ و باوك و دایکیان. دەگەڕێنەوە تا چاوەڕێ بن، چاوەڕێی سەردەمێ بن کە گەورەپیاوان یەك بەیەکیان بانگ کات تا بۆ تۆڵە وەرگرتن بڕۆن.

٥

کێڵگەی تاراس بۆڵبا وەك کێڵگەی هەموو قۆزاقییەکانی دی بوو. خانوویێکی یەك قاتی دارین، هەر بە کوختێکی گەورە دەچوو. گوڵە گەنمەکانی کێڵگەکە کامڵ ببوون. وەختی درەو کردنیان هاتبوو. نزیکی کێڵگەکە باخێکی پڕ درەختی لێ بوو.

لە بەردەم خانووەکە گالیسکەیەکی بچووك بە ئەسپێکی بەهێز بەسترا بوو. گالیسکەکە پڕ لە پۆشاك، چەك، تفاقی ئاشپەزخانە و کەرەستەی زراعەت، تەلیسی پڕ لە دانەوێڵە و دوو تەور و چەند گوریس و شتی تریش، هەروەها چەند کووپەڵە شەراب، دەفرو کاسەی سپی پڕ لە قاورمە و چەند خەنجەرێکی قەفقازی و دوو تفەنگی ساچمەزەن، یەك دوو خاچ و هەژدە هێلکەی پێچراوە لە ناو پارچە پەڕۆیەکدا.

لە تەنیشتی ئەسپی گالیسکەکەدا ئەسپە ڕەشە توند و مەندەکەی تاراس بۆڵبا وەستابوو. لەم کاتەدا هاوسەرەکەی لە خانووەکە هاتە دەرێ. سکی هەشت مانگان بوو. جلوبەرگەکانی خۆی کۆکردبووەوە کە گەیشتە گالیسکەکە پۆشاکەکەنی خستە ناوی و لە جێی گالیسکەڕاندا دانیشت، ژنێکی جوانی لادێیی بوو. بەدەگمەن زەردەخەنە دەنیشتە سەر لێوانی. چرچی غەم ئەنگیز بە کەناری لێوەکانیەوە دیاربوو. چاوانی ڕەش و موو پڕو گڤ و سینگی گەلێ بەرجەستە بوو کراسێکی زبر و پان و پۆڕی لە بەردا بوو. دەست و پێیە بەهێزەکانی شاردبووەوە، شاڵێکی دابووە دەوری گەردنی، دروست قەڵافەتی مێردەکەی هەبوو، لە کاتی پێویستیشدا وەك تاراس توند بوو ناویشی (سۆفیا) بوو.

لە کاتێکدا تاراس سێ چوار شاپڵیتەی بە دەستەوە بوو لە عەمبار هاتە

دەرێ. قەڵافەتی وەکو شەیتان ترسناك و تێکەڵ بوو، ئەو پیاوە بێ ئەوەی قسەیێك یا سەرنجێك بدات، یەکێ لە شاپڵیتەکانی خستە سەر عەمباری پووش. بە جۆرێك شاپڵیتەکە کەوتە سەر کا و پوشی وشك هەر لە ساتێکدا ئاگریان تێ بەربوو، شاپلیتەی دووهەمی خستۆتە نێو خانووەکەی، دوو شاپڵیتەکەی دیشی بۆشوێنانی دی پەرت کرد. پاش هەندێ دووکەڵێکی چڕ خانوو و عەمباری کێڵگەکەی گرتەوە. تاراس بەخوێن ساردییەوە سواری ئەسپەکەی بوو بە تەنیشتی هاوسەرەکەی گالیسکەکەی داژوت کەوتنە ڕێ.

سەگەکان ڕانە مەڕە چەند سەرییەکەی تاراسیان بە دوای گالیسکەکەدا دەڕاند وردە وردە ئاگری نارنجی تێکەڵ بەدووکەڵی ڕەش لە بەر چاوان ون دەبوون. ژن و مێرد و ئاژەڵەکان بەرەو پێش دەچوون تا بە تەواوی خانوو و کێڵگەیان جێ هێشت. ئەوجا تاراس وەستا، سەیری دواوەی کرد. خانووەکانی دەور و بەریش کەوتبوونە نێو گڕی ئاگرەوە. بۆڵبا تفێکی ڕۆکردە سەر زەوی و گەڕایەوە سەر زینی ئەسپەکەی و سەر لە نوێ ئاژەڵەکانی دایە بەر.

شاخی مەڕەکان تێکەڵی یەکدی ببوون لەگەڵ سەگەکاندا کەوتنە دوایان.

تاراس گەیشتە شوێنێکی پڕ درەخت و بەپەلە لە ئەسپەکە دابەزی و لە تەنیشتی یەکێ لە نەمامە چکۆلەکان لە سەر ئەژنۆ کڕنۆشی برد و بە خەنجەرە چەماوەکەی بازنەیێکی بەدەور کێشا، نەمامەکەی ڕیشەکێش کرد، کاسەیێکی لە گالیسکەکە دەرهێناو پڕی لە خۆڵ کردو نەمامەکەی تیادا دانا، هاوسەرەکەی لە سەر شانەوە سەیری کاسەو نەمامەکەی کرد، لێوی بزوا، گەر لەوکاتەدا بیبینیبا پەی بەوە دەبرد کە زەردەخەنە گرتوویەتی، هەڵبەتە نەیدەزانی کە ئەو زەردەخەنەیە لەو پەڕی

خـۆشەویستـیـیـەوە بـۆ ئـەم هـاتـووەتـە سەر لـێوی. ئـەو ژنـە هــەوساری ئەسپەکەی ڕاکێشا و گالیسکەکەی بەئەسپایی بەرەو باکور خستە ڕێ،

ڕۆژەکان دەهاتن و هەفتەکان تێ دەپەڕین.

ئـەوان لـەوەڕگـا و کـێڵـگـەکـانـیـان جـێ هـێشتبـوو و گـەیشتبـوونـە سەر زەمینێکی بێگانە کە لەناویدا پڕ لەوەڕگا و کێڵگەی جەنگەڵ بوو. جێیەك بوو پڕ لە هەوراز و نشێو و گەیشتبوونە نزیك خۆرنشینی شاری (کیڤ)ی مەزن،

سەرهەنگ شیلۆ دۆستی گیانی تاراس و یەکێك لە گەورەپیاوانی قۆزاق بوو، بەر لە ماوەیێك یانی سەد میل پێشتر گەیشتبووە ئەوان. کابرایێکی ڕەبەن بوو، بڕیاری دابوو هاوڕێیاتی دۆستانی خۆی بکات، بەدرێژایی ئەم سەفەرە تاراس تەنها نەبوو، جگەلە هاوسەرەکەی، شیلۆی هاوڕێشی لەگەڵدا بوو. کاتێ کە گەیشتنە نزیك شاری کیڤ گالیسکەکەیان خاڵی کرد و هەر لەنێو گالیسکەکەدا پێخەفێکی نەرمی پانیان بۆ سۆفیا ڕاخست چونکە بەم زووانە دەزا.

پاش ئەوەی تاراس کارەکەی خۆی تەواو کرد، سەرنجێکی نەمامەکەی دا و وتی:

– ئەی درەخت ئەی نەمام کە لە خاکی مندا سەرت بەرز کردووەتەوەو ڕوواوی، زۆر بەئارامی گەورەبە، ئەی درەختی چکۆڵەی خاکی من ڕۆژێ دێ من بەزەریایێك خوێنی پۆڵۆنییان ئاوت دەدەم تا لە ڕەگ و ڕیشەتدا هاتوچۆ بکات.

تاراس پاش ئەم قسانەی خەریکی چاندنی نەمامەکە بوو، هەر لە هەمان کاتا دەنگی گریانی نەوزادەکەی بەرز بووەوە، تاراس بە پەلە ڕووەو گالیسکەکە چوو. تاراس بەتوندی پەردەکەی بەلادا و پێیەکانی تازە زاوەکەی گرت و ڕایکێشا. زەردەخەنەکەی دایکی بووە ناڵە، تاراس سەیری

منداڵەکەی دەکرد. لە پڕ دایە قاقا، چونکە منداڵە کە کوڕ بوو. تاراس بە پەلە ڕووەو جۆگەلە ئاوێك چوو کە لە پاینی تەپۆڵکەیەکەوە دەهاتە خوارێ. هاوسەرەکەی لە نێو گالیسکەکەدا تەقەلا دەدا، ئەملاوئەولای گالیسکەکە بگرێ، بەسەر سوڕمانەوە سەرنجی مێردەکەی دەدا و دەیویست هەڵسێتە سەر پێ بەڵام شیلۆی بەهێز ئەوی لە سەر جێیەکەدا خەواند و وتی:

– حورمێ تۆ حەقت نەبێ.

تاراس منداڵەکەی بە شتێك پێچابۆوە و گەیشتە جۆگەلە ئاوەکە، منداڵەکەی خستە نێو ئاوە سارد و شەختە بەستووەکە.

منداڵەکە گریا. تاراس لە خۆشییا پێکەنی سۆفیای هاوسەری قیژاندی:

– تاراس... تاراس چی دەکەی؟

دەنگی گریەی منداڵەکە دووبارە بووەوە، شیلۆ بەهاوسەری دۆستەکەی وت

– هیچ نییە منداڵەکەیە دەگری.

تاراس منداڵەکەی پێچایەوە، چووە ئەو شوێنەی کە نەمامەکەی لێ ناشتبوو لە سەر زەویدا دانیشتوو و گۆرانی چڕی. گۆرانییەکەی جۆرە لای لایەیێکی قەفقازی بوو کە بە دەنگی بەرز و فریادی دەکێشاو دەینەڕاند وەك ئەوەی گیانی ئازایەتی (ژاپورۆژ) بداتە کوڕەکەی.

*

هەفتە دەبووە مانگ و مانگەکان بە ساڵ. هەموو شتێ تەنها تاراس بۆڵبا نەبێ. ئەو هەروەکو خۆی کینە لە دڵ و وەحشی و مەغروور مایەوە. بۆڵبا و شیلۆی دۆستی کوختی گەورەیان لە نزیکی شاری کیڤ دروست کرد باخی زیادیان لە دەوروبەری خانووەکەیان دروست کرد. چەوەندەر و شووتی و پەتاتە و کەلەرمیان دەڕواند. ڕانە مەڕەکەیان زیادی کرد، بەهاریکاری هاوسێکانیان واتە ئەو لادێییانەی کە لەو ناوەدا ژیانیان

دەگوزەراند، توانییان گەلێ شت پاشەکەوت بکەن، ئەوان ڕووسی بوون لەگەڵ بەرازدا ئاشنایەتییان هەبوو. گەلێکی دیی قۆزاقییان کە لە ترسی پۆڵۆنییەکان ئۆکرائێنییان جێ هێشتبوو و لە دێیەکی نزیکی شاری کیڤ بوونە پەناهەندە، هەر لەو شوێنە خانوو و بەرەیان دروست کرد ئەگەر چی ئێستا قۆزاقییەکان وەك زوو تورەی موویان نەبوو بەڵام هەرکەسێ ئەوانی دیبا زوو پەی دەبرد کە قۆزاقین. لێهاتوویییان لە سواری و تیر ئەندازی و شمشێربازی لەوانی دی جیایانی کردبووەوە.

هەندێ لە دانیشتوانی دێیەك کە تەحەمولی قۆزاقییەکانیان نەدەکرد، شەوان بارو بنەی خۆیان دەپێچایەوە بۆ کیڤ یا بۆ پۆڵۆنیا دەڕۆیشتن تا ماڵ و کچانی خۆیان لە شەڕی قۆزاقییە دێوانە و وەحشییەکان کە –ژیانی خۆیان لە جەنگەڵ و کێوەکاندا بەسەر بردووە– بپارێزن.

چوار ساڵ پاش ئەوەی یەکەم کوڕی تاراس بۆڵبا چاوی بۆ ژیان هەڵێناو ناوی (ئەندرێ)ی لێ نابوو، کوڕێکی دی بوو ناوی (ئوستاپ)ی لێ نا. ئیدی تاراس بۆڵبا دڵنیا بوو گەنجینەیەکی گەورەی هەیە. گەنجیەیێکی بێ وێنە، واتە دوو کوڕ، دوو کوڕ کە خوێنی پۆڵۆنییەکان– کە باوکیان گەردنیان دەبڕێ– دەنۆشن. نەمامەکە بەجوانی گەورە دەبوو. ئێستا درەختێکی گەورەو توند و پڕ بەرە. تاراس بۆڵبا و کوڕەکانی لە سێبەری گەڵاکانی دادەنیشتن و گفتوگۆیان دەکرد.

ئەندرێی کوڕە گەورە بەر لە هەموو شتێ فێری شمشێر بازی و تیر ئەندازی و ئەسپ سواری بوو. لە تەمەنی شەشساڵیدا ئەم شتانەی بەلێهاتوویی دەزانی. لەو تەمەنەدا لە بری ئاو، خواردنەوەی ئەو شەراب بوو. کاتێ کە ئەندرێ تەمەنی گەیشتە هەشت ساڵان ئەوەی لە قۆزاقییەکانەوە فێر ببوو ئەوی پێ فێر کرد و پێی گوت:

– تووتکە سەگ گوێ گرە و ئارام بە، گەر نەء ئەوا دارکاریت دەکەم،

ئێستا وەختی ئەوە هاتووە باوکت هەرچییەك دەزانێ بیخاتە ئەو سەرە پووکەی تۆ. مەترسە زۆر درێژە ناکێشێ. کاری سەرەکی ئێمە جەنگە نەك فێربوونی عیلم و ئەدەب. ئێستا چاك گوێ گرە: لە زەمانی کۆن، زۆر کۆن ڕەنگە سەد ساڵ لە مەوبەر ئەم ڕووداوە ڕووی دابێ. من مێژوو نووس نیم و مێژووی دروستی نازانم، بەهەر حاڵ گەلێك بەر لەوەی من بێمە دنیاوە. لەو ڕۆژانە چ کەسێ لە (ئەستیپ)دا نەدەژیا جگەلە کەمتیارو ئەسپی وەحشی، ڕەنگیشە هەر لە بەر ئەوە بووبێ کە خەڵك لە ئەستیپ دا نەدەژیان چونکە نەیاندەزانی زەمینی ئاوها هەیە.

ئەستیپ بەزەمینی سەوز و جوان دەگوترێ کە بەدەگمەن بارانی لێ دەبارێ. چ جێیەك لەوێ بە پیتتر نییە تا خەڵك پەی بەوێ برد و هەڵیان بژارد تا تێیدا بژین. زوربەی ئەو خەڵکانە ڕووسی و هەندێ لیتوانی و هەندۆکۆکەیێکیش پۆڵۆنی بوون، ئەندرێ، کوڕم لەو ڕۆژانەدا لە نێوان پۆڵۆنییەکان پیاوی چاك پەیدا دەبوو بەڵام ئێستاکێ وانییە، خەڵکانێکی دیی ئەو مەردوومە ئەو ئەستیپانەیان داگیر کردووە. تاتار و هەندێ تورك و بەعزێ ئەڵمانی و پارچەیێك فەرەنسی، هەموو ئەوانە بە جەنگاوەری گەورە دەژمێردران، گەر وانەبان هەر زوو دەکوژران ئەمانە هەموویان پەنایان دەهێنایە ئەوێ، هەریەکەو لە دەستی شتێ فیراری کردبوو، لە سوپا، لە قانوون، لە ژن یان مێردیا لە ئەسارەت یا لە تووڕەیی خوا، هەموو ئەوانە تالبی شتێ بوون، ئازادی. کوڕم دەزانی چەمکی ئازادی چییە؟ مانای ئەوەیە چ کەسێ ئەمرۆ نەهیت پێ ناکات بۆ ئەنجامدانی کارێك بۆ کەسێکی دی. لە ژێر هەتاوی گەرم یا سەرما و زوقم پشتت پێ نەچەمێنێتەوە. ئەمەیە ئازادی. گەر ئەمە نەبێ وەك سەگێ و حەیوانێکی نەگریست لێ دێ. بەڵام ئەگەر بەپێی مەیل و خواستی خۆت هەنگاو بنێیت ئەوا ئازادی، تێگەیشتیت؟ ئەو کەسانەی هاتبوونە ئەستیپ ئازادییان وە دەست هێنابوو، تەنها جارجارێ ناچار دەبوون لەگەڵ تاتارەکاندا

بجەنگن. بەڵام کاتەکانی دی لە سوڵح و ئارامیدا دەژیان و بە دووی کچ و ژنان دەکەوتن. ئومێدەوارم بەزوویی پەی بەم کارە ببەی نەوەی نوێت لێ ببێتەوە و زیاد کەن.

بەهەرحاڵ ناوی قۆزاق لەم کەسانە نرا، لەو کاتەوەیە ئێمە هاتووینە وجودەوە. قۆزاقییەکانی ئەستیپ ناچار بوون قانوون دانێن. هەموو شتێ پێویستی بە چەند قانونێ هەیە تەنانەت گورگەکانیش. بەم جۆرە کەسانە، یانی قۆزاقییەکان سەر دەستەیەکیان هەڵبژاد تا لە نەبەرد و جەنگدا ڕابەرییان بکات، هەندێکیشیان بەناوی سەران و گەورە پیاوان هەڵبژارد تا لە ژێر دەستی سەرکردەدا کار بکەن، قانونی پاشانیش هەڵبژاردنی ڕاوێژکاران بوو. ئەم قانوونەی قۆزاقییەکان بەسەرکەوتوویی هاتە ئەنجام.. زوو منیش لە گروپی ڕاوێژکاران بووم، خەتابارانم سزا دەدا. بەپلەی سەرهەنگ لە گروپی قۆزاقییانی ئۆمانکسی هەڵبژاردرام تۆیش ڕۆژێ ئاوهات لێ دێ. بەهەر حاڵ بوونی قانونێ بۆیەکسانی قۆزاقییەکان چ کارێکی نەبینی، چونکە خۆیان لەگەڵ یەکدی یەکسان بوون. نە شایان هەبوو نە ئاغا و نەفەرمانبەر، بەڵکو هەموویان قۆزاق بوون. ئەگەر سەردەستەی ئەوان خەتایێکی کردبا یا کارێکی بەبێ مەیلی قۆزاقییەکان وەئەنجام هێنابا، ئەوان قۆزاقییان ئەوەیان شەق دەکرد. بەم جۆرە ئەستیپ بووە بەهەشتێکی بەرین. بوون بە قۆزاق بە خۆش بەختییێکی گەورە دەژمێردرا. هەرکەسێ بیویستایە بچێتە ئەستیپ و ببێتە قۆزاق مەرجەکانی گەلێ سادە و ئاسان بوون. بەم مانایە هەرکەسێ ویستبای ببێتە قۆزاق دەبا مەسیحییێکی ئەرسەدۆکس بێ و تەنها بتوانێ وێنەی خاچ لەسەر سینەی خۆیدا بکێشێ و بەوزەی زوهد و خواناسی ڕووبەڕووی شەیتان بێتەوە. گەر تازە هاتووەکان وەك قۆزاقییەك قوسوریان هەبا و نالایق بان ئەوا بە چەند شێوەیێك شەڕیان کەم دەکردنەوە. بەهەر حاڵ هەموو ئەو شتانە دەربارەی قۆزاقییەکانی بەر لە

خـۆم و چـۆنیـەتـی دامـەزراندنیـان دەزانم، لـەمـە زیـاتریشم دەزانـی بـەڵام هـەمـووم لـە یـاد کردووە چونکـە هـەند گرنگ نییـە. گرنگ ئـەوەیـە هـیـچ کـەسێکـی زیـنـدوو کـە تـوانـای جـەنگ و سواری، خـواردن و نـۆشین و عەشقبازی و تەحەمولی ئازارو گۆرانی چڕینی هەبێ هێشتا ئەوەندەی قۆزاقییێك لەززەت لە ژیان وەرناگرێ. ئەندرێ بۆڵبا چ کاتێ ئەمە لەبیر نەکەی، گەر نەء ئەوا بەمشتێ لووتت دەپژێنم، کە گەورە بوویت دەبیتە پیـاوێکـی پیـاوانـە. پیـاوێکـی قـۆزاق وەکو هـەمـوو قـۆزاقـیـیـەکان. بەڕاست شتێکی دیش، تائێستا ڕووی نەداوە قۆزاقییەك لەنێو جێدا گیان بسپێرێ. هـیـچ کـەس. کـە دەورانـی تـۆیش هـات ئـەمـە لـەیـاد نـەکـەیت. ئـێمـە بـە دلاوەریـیـەوە دەمـریـن. بـەئـازایـەتـی و سەربـەرزیـیـەوە دەمـریـن. ئـایـا ئـیسـتـیـڤـان-ی پیرت دێتـەوە یـاد کـە ساڵـی پـار هـاتـە مـاڵـەکـەمـان؟ ئـەو بەتەمەنترین قۆزاقی زیندووە، تەمەنی تەنها پەنجا ساڵە. قۆزاقی تەمەنی کورتـە. ئەگەر کەسێکیش لەم کارە ناڕازی بێت ئەوا هـەرگیز قۆزاقی تەواو نییە.

چاك نازانم ڕەنگە ئیستیڤان شەست ساڵیش بێت. دەربارەی تەمەنی خۆم چ ئەهمیەتێکی پێ نادەم هەرئەوەندە دەزانم تۆ هەشت ساڵانی بەڵام چاکتر وایە ئەم باسە فەرامۆش بکەیت چونکە زەمان مەحەکی ژیانی تۆ نییە بەڵکو بەکردەوەت تەمەنت دەژمێردرێت. ئیستیڤان بەشداری زیاتر لە هەزار جەنگ کردووە. لە حاڵی حازردا جگە لە ئێمە قۆزاقی دیش هەن. بەشێکیان لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری (دۆن) ژیان دەگوزەرێنن، یانی ئەوانە ئەو قۆزاقییانەن کە لە (ئەستێپ)ی دۆن ژیان بەسەر دەبەن و قۆزاقییانی دۆن نـاونـراون. بـەڵام قـۆزاقـیـیـەکـانـی ئـێمـە بـە قـۆزاقـیـیـی (ژاپـورۆژ) نـاو نراون بەپلە یەك لە قۆزاقییەکانی دی باڵاترن، یەك ژاپورۆژ بە ئاسانی دەتوانێ پێنج قۆزاقیی (دۆن) لە پێ بخات.

دوورگەیەك لە ڕووباری (دبێ پیر) دایەو ناوی (ژاپۆرۆژ سیچ)ە، ئێمە

–پاش جەنگە مەزن و خوێنینەکان لە وێدا کۆ دەبووینەوە، دەمانخواردو دەمانتۆشی تەنانەت لەگەڵ یەکدیدا جەنگمان دەکرد. ئێمە لەو دوورگەیەدا کە وەك وتم ناوی (ژاپۆرۆژ سیچ)ە، هەموو شتێکمان هەبوو بەتایبەت تۆپ و تفەنگ تا قایغی سەوڵدار و قایغی با. هەندێ جار بەقایغەکان دەچووینە زەریای ڕەش و هێرشمان دەبردە سەر تاڤگانی تورکەکان یاحەملەمان دەکردە سەر (قەرم) پاشان زیاتر لە نیوەمان لە نێو دەچوو، بەدەسکەوتێکی زۆرەوە دەگەڕاینەوە. لەو دوورگەیەی کە وتم ناوی سیچە ژیانمان دەگوزەراندو نەخشەی جەنگمان دەکێشا، چ کەسێکی خاوەن ژن و ماڵ و منداڵانی خۆی دەهێنایە ئەوێ، جار جارێ سەردانی ماڵ و منداڵ و ماڵە باوکمان دەکرد. چ ژنێ حەقی ئەوەی نەبوو بێتە دوورگەکە، چونکە ئەوێ تەنها جێی کۆبوونەوەی قۆزاقییەکانی جەنگاوەر بوو، ئامانجی قۆزاقییەکان بەرگری بوو لە ئۆکرائین و بەرگری لە ئەستیپ. کاتێ کە لە تەمەنی تۆدا بووم گەلێ چاپووك تر بووم. سەرکردەی ئێمەی قۆزاقیی کەنیزێکی مەغۆلی کڕیبوو و بۆ دوورگەکەی هێنابوو، وای نواند مەبەستی گۆڕینی قانوونی هەیە. گەورەپیاوان و ڕاوێژکاران ڕقیان لەو پیاوە هەڵساو بە چوار ئەسپ چوار پەلیان بەستەوە و شەقیان کرد. کچە کەنیزەکەیان بە گوێ داکوتییە سەر گەورەترین درەختی دوورگەکە تا بۆ ئەوانی دی ببێتە عیبرەت.

ئەندرێی کوڕی بۆڵبا دانیشتبوو گوێی بۆ قسەکانی باوکی هەڵخستبوو بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– ئاه.. دوورگەی سیچ چ ڕۆژگارێکی چاك و خۆشت هەبووە.

تاراس گوتی:

– ئەندرێ ئەو ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە، تۆش وەکو من لە سیچ دا دەژیت ڕەنگە ڕووداوی زیاتریش ڕووبدات. پۆڵۆنییەکان ناتوانن تا دنیا دنیایە

ئێمە لە نیشتمانی خۆمان دوورخەن. ڕۆژێ دێ ئێمە دووبارە بگەڕێینەوە بۆ ئەستیپ. ئەندرێ وەك گوتم (ئەستیپ) بەپیتترین و بە نیعمەتترین زەمینە کە خوا دروستی کردبێ، ئێمە هەموو زادەی ئەستیپین و لەوێشدا دەمرین. تەنانەت گەر پێویست بکات شای پۆڵۆنیا بەدەستەکانی خۆم دەیکوژم. تا تۆ بەسەر زەمینی باو باپیرانی خۆت، بۆ ئەستیپ بگەڕێیتەوە.

بەم شێوەیە درێژترین قسەی تاراس بۆڵبا کۆتایی هات. ئەمە درێژترین قسەکردنی تاراس بۆڵبا بوو کە تا ئەوکاتە کردبێتی. ئیدی لە داهاتووشدا ئەم کارە دووبارە نەبووەوە. ناچار بوو سێ پێك عارەقی تایبەتی ڕووسی بخواتەوە تا گەرووی وشك نەبێ و بتوانێ ئەم قسانە بکا.

## ٦

ئەو ساڵە لە ڕووی ئازووقەوە ساڵێکی گەلێ نەهات بوو، چونکە کوللە هەموو گەنمەکانی خواردبوو خەڵکی دووچاری نەهامەتی ببوون تا ڕۆژێ تاراس بۆڵبا و شیلۆی دۆستی سواری ئەسپ بوون تا هاوڕێکانیان کۆکەنەوە هێرشێکی بچووك بکەن. ئەوان بەتەنیشتی یەکدی ئەسپیان بەچوار ناڵە تاو دەدا، بەرەو شاری کیڤ ڕۆیشتن.

پاش دوو شەو و ڕۆژێ گەیشتنە نزیکی شاری کیڤ و لەپڕ چاویان بەگالیسکەیێکی پڕ لە تەلیسە گەنم و ئارد کەوت کە چەند سەربازێکی پۆڵۆنیی چاودێرییان دەکرد – بەرەو شاری داگیرکراو لەلایەن پۆڵۆنییەکان – دەڕۆیشتن.

ئەمانە بە چوار ناڵە ئەسپیان تاو دا، لە چاوترووکانێکا هەموو سەربازە پۆڵۆنییەکانیان کوشت، ئەوجا سەرکەوتووانە جەواڵی ئارد و گەنمیان بار کرد پاش دوو شەو و ڕۆژێ گەڕانەوە دێیەکەی خۆیان.

کاتێ کە گالیسکەکەیان گەیاندە کێڵگەکەی تاراس بۆڵبا. ژنان لە خۆشیا فریادیان دەکێشا.

(سۆفیا)ی هاوسەری تاراس دەستی بردە نێو تەلیسە گەنمەکان، وەك ئەوەی دەست بەسەر دەنکە زێڕدا بێنێ، ئاوها مشتی پڕ دەکرد و بە چاونووقاندنەوە شوکری خوای دەکرد. ژنێکی دی تەلیسێکی لە گالیسکەکە داگرت و دایە کۆڵی بەڵام شیلۆ گونیەکەی لێ سەند و خستییە جێیەکەی خۆی. تاراس لە کاتێکدا ئەندرێی کوڕی لە بەردەمی خۆیەوە سوار کردبوو هات و قەرەباڵغی ژنانی وەلادا و گوتی:

– دەبێ بەر لە هەموو، ئالیك بدەینە ئەسپەکان ئەوجا ئێوە دەتوانن پاشماوەی گەنمەکە بکەن بە نان.

ئەم دەستووورە لە قانونی قۆزاقییەکان نەنووسرا بوو و ژنان بە سەرسورمانەوە کشانەوە دواوە سەیری ڕوخساری ئەو پیاوەیان کرد. گەنمەکە بەشی یەك هەفتە نانی دەکرد. بەر لەوەی زەخیرەی ئەو حەوت ڕۆژە تەواو بێ پیاوانی قۆزاقیی دووبارە بە سەرکردایەتی تاراس بۆڵبا هێرشێکی دییان بردە سەر دەوروبەری شار و بە سەرکەوتوویی گەڕانەوە. تەواوی ئەو ساڵە وەزع بەو جۆرە بوو.

خەڵکی دێیەکە لەبەر دلاوەری تاراس بۆڵبا کە بەهۆی ئەوەوە کاریان مەیسەر دەبوو، گەلێ شوکریان کرد.

لە بەهاری ئەو ساڵەدا چەند گونیەیێکی پڕ لە کا کرد لە کێڵگەکەدا هەڵیواسینە قەد درەختێ. سەری گونیەکانی بە عەمامەی تورکان پۆشیبوو ئەوجا شمشێری پیاوانەی دایە دەستی ئەندریێ و نەڕاندی:

– ئەوە بکوژە

ئەندریێ شمشێرە قورسەکەی هەڵگرت و وەك قۆزاقییەکی دروست لە بینینی دوژمن خۆشنود بێ زەردەخەنەی هاتێ، پاشان بەرەو پاش هەڵبەزییەوە و شمشێرەکەی چەقاندە سنگی دوژمنە خەیاڵییەکەی. پاشان لێدانی دووەم بەر سەری دوژمن کەوت یانی عەمامەی سەر گونیە کایەکەی دڕاند. ئەوجا سەیرێکی باوکی کرد.

تاراس بەڕەزامەندییەوە سەری ڕاتەکاند و ئەندریێ هێرشی کردە سەر کیسەیێکی دی کە قەڵغانی پۆڵۆنیی پۆشیبوو. هەرکە شمشێرەکەی لێدا زرەی لێ بەرز بووەوە تاراس لە جێیەکەی خۆیەوە هەڵسا و بەکوڕەکەی وت:

– ئەمەت لە بیر نەچی، هەمیشە قەڵغان زەبری شمشێر کەم دەکاتەوە. بۆ ئەوەی بتوانی پیاوانی قەڵغانپۆش بکوژی دەبێ درزێ لە نێوان سینگ و قەڵغانەکە پەیداکەی، ئەوانەی کە قەڵغان دەپۆشن لە زەبری شمشێر ناترسن.

تەنها بەیەك شێوە دەتوانی لە پێیان خەی، دەبێ گەروویان بکەیتە نیشان یا ژێر باڵیان.

تاراس پاش ئەم قسانەی دەمانچەکەی دەرهێنا و دایە کوڕەکەی و وتی:

– ئەمە بگرە و هەندێ جار سوودی لێ وەرگرە، چونکە تەنها ئەمە دەتوانێ قەڵغان بسمێ.

ئەندرێ بە کەیف خۆشییەوە چەکی گەرمی وەرگرت. ئەو لە پێشدا تەنها تفەنگی منالآنە و نیوە پڕ ئاگری بەدەست گرتبوو، ئەمە یەکەم جارە دەمانچەی گەورە و دەم پڕ بگریتە دەست. دەمانچەکەی بەرز کردەوە نیشانەی گرت. پاشان چەکوشی چەکەکەی ڕاکێشا و دەستی بە پەلەپیتکەکە نا. تەقینەوەی چەکەکە بەرەو پاش تەکانی پێ دا، ئەندرێ بەجەستەی لەرز داگرتوو بەرەو پێش چوو، سەیری کرد قەڵغانەکە کون بووە.

تاراس چووە پێشێ و دەمانچەکەی لێ وەرگرت و خۆی مژولی بارووت داگرتنی دەمانچەکە بوو.

ئەندرێ گازی باوکی کرد، بەڵام تاراس نەی ژنەوت. ئەندرێ دووبارە گازی کرد.

– باوکە.

تاراس هەر خەریکی پڕکردنی دەمانچەکە بوو، ئەندرێ گوتی:

– باوکە.. لەگەڵ تۆمە پیرەکەر

– ها تووتکە سەگ چ دەڵێی؟

– ئەرێ بۆ قۆزاقییەکان قەڵغان ناپۆشن؟

تاراس بە تووڕەیییەوە گوتی:

– چیت گوت؟ ئێمە وەکو پۆڵۆنییەکان تەپۆ و ترسنۆك نین، کوڕە. ئەمە

ببینە تاراس خاچێکی لە گەردندا بوو، نیشانی دا و گوتی:

– قەڵغانی ئێمە ئەمەیە و شمشێریش چەکمانە، ئیمانمان پۆڵای زاخاو دراوە و گەورەترین چەکمانە. هەر ئەوەندە و بەس تێگەیشتی؟

ئەو ساڵە تێپەڕی. کوڕەکەی تاراس گەورە بوو. ئیدی منداڵ نییە بەڵکو بە گەنجێکی وەك شێر دەچوو. ئەو نەمامەی کە تاراس لە ئەستیپ هێنابووی و لە پاینی تەپۆڵکەیەکدا ناشتبووی. بەئەندازەی چل پێ بەرز ببووەوە و ناوقەدێکی توندی پەیدا کردبوو، لە چەند لایەکەوە بەشمشێری ئەندرێ بریندار ببوو.

ئەندرێ و ئۆستاپی برا بچووکی، چەند مانگێ لە سەریەك لە ژێر ئەو درەختەدا مەشقی شمشێربازی و نەبەردیان دەکرد، لێهاتوویی و تەردەستییان وەدەست هێنا بوو.

کاتێ ئەو مەشقەیان تەواو دەکرد، نۆرەی ئەسپ سواری سەیر و سەرسوڕهێنەر دەهات. تاراس وای کردبوو کوڕەکانی بێ زین سوار بن، بەتیژییەوە لە سەرەولێژی بێنە خوارێ یا بەسەر جۆگا ئاودا بازدەن. بەملا و ئەولای ئەسپەکەدا بچەمێنەوە. کە ئەسپ بە چوار ناڵە ڕای دەکرد دەبا دەست و سەری خۆیان بگەیەننە زەوی. ئەندرێ کوڕە گەورە، لەم کارەدا بەتەواوی تەردەست ببوو، شارەزایی وەدەست هێنا بوو، گەنجێکی گەلێ چوست و چالاك، لاوێکی چاك ڕەفتار و دلاوەر بوو.

ڕۆژێ تاراس سەیری ئەسپ سواری کوڕەکانی دەکرد، بە دڵنیاییەوە گوتی:

– ئەندرێ قۆزاقییێکی تەواوە.

ئەو پیاوە پاشان جامێکی پڕی عەرەقی خەستی ڕووسی دایە کوڕە گەورەکەی و لەگەڵ خۆیدا بردی تا بۆ یەکەم جار لەگەڵ ژنێکدا دروست بێ و ببێتە پیاوێکی تەواو.

نزیکەی ساڵێك پاش ئەم ڕووداوە ڕۆژێ ئۆستاپی کوڕە بچووك دایکی لە بازاڕەوە دەگەیاندە ماڵێ. گالیسکەکەی هێنایە حەوشەی کێڵگەکە. تاراس لەبەر هەتاو و لەسەر بۆشکەیێکی گەورە دانیشتبوو و پارچە پەڕۆییێکی کردبووە بەروانك و کێردێکی بریقەداری بەدەستەوە بوو، لە بەرانبەریشی ئاوێنەیەك دەبینرا.

سۆفیای هاوسەری بەترس و سەرسوڕمانەوە لە گالیسکەکە دابەزی، ڕووەو مێردەکەی ڕای کرد و قیژاندی.

– تاراس شێت بوویت؟ مەگەر شێت بوویت؟ خودایە بۆ ئەم کارەت کرد؟

هۆی سەرسوڕمانی ئەم ژنە ئەوەبوو کە شیلۆ سەری مێردەکەی تاشیبوو. تەنها یەك دەستە موو لە تەوقی سەریدا جێ مابوو کە تا سەرشانەکانی تاراس درێژ بوو جگە لە توڕە مووەکە، تەواوی سەری تاراس ساف بوو.

سۆفیا بەگریانەوە دەستەکانی هەڵپێکا و ناڵاندی

– توڕە مووی قۆزاق! مەگەر ئێوە هەردووکتان شێت بوون؟

تاراس بۆڵبا لە ئاوێنەکەڕا سەیرێکی خۆی کرد و گوتی:

– پیرە قەل ئەوەندە مەبۆڵێنە دەنا وەستای سەرتاش دەستەوسان دەبێ.

سۆفیا سەرنجێکی شیلۆی دا – کە سەری مێردەکەی دەتاشی – ئەوجا سەیرێکی دەوروبەری کرد کەشیشی دی، باوکە میخائیل، لە گۆشەیێکی حەوشەکەدا و لە پشتی مێزێ دانیشتووە و جامێکی لە دەستە. کەشیشی ڕۆحانی کە ئاگای لە ترسی سۆفیا بوو، بەزەردەخەنەوە سەری ڕاتەکان. سۆفیا گوتی:

– باوکە تۆیش؟ مەگەر هەمووتان شێت بوون. بەم قەڵافەتەوە تاراس ببینن هەڵیدەواسن. ئاخر ئەمە نیشانەی قۆزاقە، گرووپی قۆزاقییەکان، چەند ساڵە پەرت و بڵاو بوونەتەوە. قۆزاق بە یاخی دەژمێردرێت. ساڵەهایە چ کەسێ ناوی قۆزاقی نەهێناوەتە سەر زمان.

تاراس بە زەردەخەنەوە لە ژێر لێوەوە گوتی:

– ئافرەت هەرچەند بقیژێنی پەیوەندی خۆت بەمنەوە توندتر دەسەلمێنی. شیلۆ خەنجەرەکەی بەناو دەستی خۆیدا دەرهێنا و تاقی کردەوە و گوتی:

– دەزانن تورە مووی تەوقی سەر دوا مۆدێلە، لە دەرباری وارشۆدا ئەهمیەتی زۆری هەیە. شای پۆڵۆنیا هەموو ئێمەی قۆزاقییانی عەفوو کردووە بەمەرجێ چ خراپەیەك نەکەین. ئێمە ساڵەهایە لەم دێیەدا بەئارامی ژیان دەگوزەرێنین.

بەم قسەیە هەموو پێکەنین. ئۆستاپ کورە چکۆلەی تاراس بە شیلۆی گوت:

– دەشێ پاش ئەوەی سەرتاشینی باوکمت تەواو کرد سەری منیش بتاشی گەوجە.

تاراس بە سەرسوڕمانەوە لەکوڕەکەی پرسی:

– کوڕە ئەوە چیت گوت؟

ئۆستاپ بە زەردەخەنەوە گوتی:

– باوکە منیش قۆزاقیی نیم؟ دڵم دەیەوێ منیش تورەی مووم هەبێ.

– تورەی موو؟ کوڕۆ تۆ کاتێك دەتوانی مووت ببێ، لیاقەتی خۆت بسەلمێنی، تۆیێ کە نە شمشێربازی دەزانی و نە لە هونەرەکانی نەبەرد سەر دەردەکەی تۆ تەنها خەریکی وەدەستهێنانی فەزیلەت و فێربوونی زمانی لاتینیت، ئەمە نابێتە قۆزاق.

قسەکەی تاراس ڕاست بوو، چونکە ئۆستاپ بەپێچەوانەی ئەندرێی برا گەورەی، حەزی بە جەنگ و هونەرەکانی جەنگ نەدەکرد، بەڵکو مەبەستی بوو زمانی لاتینی فێر ببێت. قەرار بوو ئەو دوو برایە لە ئەکادیمیای

زانستی ئیلاهی شاری کیڤ بخوێنن. ئۆستاپ لە قسەکانی باوکی شەرمەزار بوو و گوتی:

– باوکە وەك ئەوەی زمانی لاتینی گەلێ بێهوودە بێ، وانییە؟

تاراس دەنگی رەساتر کرد و گوتی:

– پۆڵۆنییەکانی شاری کیڤ ئەکادیمیای زانستی ئیلاهییان دامەزراندووە تا نەخوێنەوارانی کۆنە قۆزاقییەکان فێرکەن، ئێستایش کوڕانی تاراس بۆڵبای دەسەڵاتداری قۆزاقییەکانی ئۆمانسکی لەوانەن کە یەکەم کەس لەو ئەکادیمییەدا خۆیان ناونووس کردووە. باوکی ڕۆحانی وا نییە؟

کەشیشی ڕۆحانی سەیرێکی سەربانی ماڵەکەی کرد – کە لە کەنار کێڵگەکەدا بوو – گوتی:

– چۆن.. هەروایە.

لەم کاتەدا دەنگێ لە لای سەربانی خانووەکەوە بەرز بووەوە و کەسێ وتی:

– ئێوە قسەی پڕوپووچ دەکەن.

هەموو سەری خۆیان بەرز کردەوە. تاراس لە ڕووی سەرسوڕمانەوە دەنگی لێوە هات. کوڕە گەورەکەی، ئەندرێ لە سەربانەدا خەریکی چاککردنەوەی دووکەڵکێشەکە بوو. مووە ژاکاوەکانی دەرکەوتبوو. وەك گورك کەوتبووە ڕوو. ئەندرێ سەیری یەك بەیەکیانی کرد پاشان نەڕاندی:

– شا تف دەکاتە ڕوخساری ئێمە. ئەمە تەحەمول ناکرێ، شا باوەڕی وایە نابێ چیدی لە بابەتی قۆزاقییەکان ختوکەی یادی بدەن. بایەخ بەئێمە نادات ئێوەش دانیشتوون و قاقا پێدەکەن.

تاراس بەپەلە لە جێی خۆی ڕاپەڕی. شیلۆ شمشێرەکەی لە دەست ڕەسی

تاراس دوور خستەوە. تاراس بە تووڕەییەوە گوتی:

– تفێ شا ڕۆی کاتە ڕوخساری ئێمە دەبێ بگەڕێتەوە سەر ڕوخساری خۆی. تووتکە سەگ بڵێ بزانم لە سەربانداا چیت دەکرد؟ دەتەوێ کوڵمان لێ بگری؟

ئەندرێ لە سەربانەوە بازی دایە خوارێ و لە تەنیشتیانەوە وەستا و وتی:

– دەمویست دووکەڵکێشەکە چاك بکەم، هەروەها بایەوانێکم لە سەربانداا چەقاندووە تا بزانم با لە کوێوە هەڵدەکات. ئێستا بڵێن بزانم پۆڵۆنییەکان بۆ ئێمە چ خێر و بەرەکەتیان هەیە تا ئەوان بتوانن ئێمە فێرکەن؟ ئەوەی کە پێویست بوو باوکی ڕۆحانی فێری کردووین، باوکە وانییە؟

کەشیش سەری ڕاتەکان و وتی:

– نەخێر وانییە.

سۆفیا ڕووەو کوڕە گەورەکەی چوو، دەیویست لە کێڵگەکە دووری خاتەوە، بەڵام ئەندرێ دەستی خستە ملی دایکییەوە و بەتووڕەییەوە گوتی:

– من ئەوەندەی قۆزاقییێك کە دەبێ بیزانێ دەیزانم.

تاراس پڕی دایە تیغی سەرتاشی و گوتی:

– قۆزاق. تۆ دەربارەی قۆزاقییەکان چ دەزانی؟ هیچ. ئەوەندە دەزانی کە ئەوانە بەربەرن.

– من سەر لەمانە دەرناکەم، من هەر ئەوەندە دەزانم کە دەبێ قۆزاقیی لەگەڵ پۆڵۆنیدا جەنگ بکات. باوکە تۆ خۆت ئەمانەت فێر کردووم، من ئامادە نیم بچمە شاری کیڤ و لەوێدا لە ئەکادیمیای زانستی فێری زمانی لاتینی بم. من نامەوێ ببمە پۆڵۆنی. ئامادەم بە شمشێرەوە بچمە کیڤ و پۆڵۆنییەکان تەمێ بکەم. ئەمە و بەس. ئەگەر بۆ کیڤ بچم هەر تەنها لەبەر ئەمە دەچم نەك بۆ خوێندن. من نامەوێ وەکو تۆ کڕنۆش بەرم.

تـاراس نـەڕەی لـێوە هـەڵسا و پـارچـەکـەی دەوری گـەردنـی لادا و بـە زەردەخەنەوە گوتی:

– ڕاستە.. دیارە ئامادەبووی لەگەڵ مندا جەنگ بکەی؟ ئامادەی؟

ئەندرێ گوتی:

– بەڵێ پیرە سەگ. هەر کاتێ بتەوێ حازرم لەگەڵ تۆ زۆرانبازی بکەم.

تاراس بە ئەدەبەوە سەری ڕاتەکاند و بێ ئەوەی جێیەکەی بگۆڕێ بە ئەندریێ گوت کە هێرشی بۆ بێنێ. ئەندرێ شانەکانی بەرز کردەوە و بـەیـەك بـاز هـێرشی بـردە سەر تـاراس. تـاراس هـەنـدێ بـەلای چـەپـدا چەمییەوە. مەچەکی خۆی بردە پێشێ، بەجۆرێ ئەندرێ کە بازی دابوو کەوتە سەر زەوی و چەناگەی بەر مەچەکی تاراس کەوت. بەبێ ئەوەی بەڕووی خۆیدا بێنێ وەحشییانە لە جێیەکەی خۆی بەرز بووەوە. تاراس دایە قاقای پێکەنین و زیاتر ئارەزووی هێرشبردنی خستە دڵی کوڕەکەی. هەر لەو کاتەدا ئەندرێ مشتێکی توندی کێشایە چەناگەی باوکی. تاراس هەندێ بەرەو پاش کشا سەری خۆی ڕاتەکاند و گوتی:

– ئاوها.

ئەندرێ دووبارە هێرشی بردەوە سەر باوکی. تاراس دەستی لە کەمەری هـەڵـپـێچـا و کـوڕەکـەی بـەرز کـردەوە، وەك ئـەوەی پـەڕە کـایـێکـی بـەرز کردبێتەوە ئاوها دەکەوتە ڕوو. پاشان ڕووەو گۆشەیەکی حەوشەکە چوو و بە ئاسپایی و لەسەر پێ خستییە نێو چاڵە ئاوەوە. دەنگی کەوتنی ئەندرێ کەوتە گوێ. پاشان دەنگی تەقەڵلادان و کەشمەکەش دەبیسترا. سۆفیا و ئۆستاپ ڕووەو چاڵەکە ڕایان کرد.

ئۆستاپ سەتڵێکی خستە نێو چاڵەکەوە و پاشان ئەندرێ وەك مشکی تەڕبوو ڕاکێشرایە سەرێ.

ئەندرێ مووە تەڕەکانی خۆی پاك کردەوە و بەتەوسەوە بەرانبەر باوکی خۆی ڕێزی نواند و گوتی:

– گەلێ چاکە. تۆ بردتەوە. من جگە لە ملکەچی چ چارێکی دیم نییە. گەلێ چاکە. هەر لە سبەینێوە من و براکەم، کوڕانی تاراس ئیڤانۆڤیچ بۆڵبا، سەرکردەی قۆزاقییانی ئومانسکی، بۆ خوێندن دەچینە شاری کیڤ لە ئەکادیمیای پۆڵۆنییەکان خۆمان ناونووس دەکەین.

ئەندرێ لەگەڵ ئەم قسانەیدا زەردەخەنەیەك نیشتە سەر لێوانی و بەردەوام بوو.

– بەڵام باوکە لە بیری نەکەی من تا ئەو کاتە ملکەچی فەرمانەکانی تۆ دەبم تا هێز پەیدا دەکەم و بتوانم بتخەمە چاڵەکەوە. بێ شك ئەو ڕۆژەش بەزوویی هەر دێت.

– تاراس بۆڵبا لەپڕ و بە تووڕەیی گوێی کوڕەکەی گرت و گوتی:

– گوێ گرە کوڕی تاراس بۆڵبا، جاشەکەر، تۆ هێشتا نازانی بە چ موناسەبەتێ دەچیتە شاری کیڤ. گەلێ چاکە، مەیلت وایە لەگەڵ پۆڵۆنییەکاندا بجەنگی بەڵام ئەگەر دەربارەی پۆڵۆنییەکان ڕەسم و نەریت و قانون و هونەری جەنگی ئەوان بزانیت ئەوا چاکتر دەتوانی ئەوان لە پێ خەی. کاتێ کە تۆ لەم شتانە بگەی، ئیدی ئەو کاتە، کاتی زۆرانبازی پۆڵۆنییەکانە، هیچ نیگەران مەبە، ڕۆژێکی ئاوها بەزوویی دێت.

ئەندرێ ڕووی لە براکەی کرد و گوتی:

– بەخوا گەر درۆم نەکردبێ (مۆخ) لە نێو سەرە ناشیرینەکەی ئەم پیرەمێردەدا هەیە.

تاراس بەدەنگی بەرز پێکەنی و تیغی سەرتاشییەکەی گرتە دەست و گوتی:

– کوڕینە بەئومێدی ئەو ڕۆژەی کە سەری ئێوەش لەسەر مۆدیلی قۆزاقییەکان بتراشم.

شاری کیڤ دەکەوێتە ڕۆخی ڕووباری (دنێ پیر). کەشێکی دڵگیری هەیە، ئەو شارە خاوەن مێژوویێکی دێرینە. کاتێ کە کوڕانی تاراس بۆڵبا بۆ یەکەمجار پێیان نایە ئەو شارە، سەریان سوڕما. خانووبەرەکان لە بەرد دروست کرابوون. ئەمە بەنسبەتی ئەوانەوە شتێکی تازە بوو. خانووبەرەکان بەپێی سەبکی میللەتانی جۆراوجۆر بوون. هەر نەتەوە و مەزهەبی نەتەوە لەو شارەدا خانەوادەی خۆیان هەبوو. زیاتری دانیشتوانی شارەکە ڕووس و ڕۆمی و ئاشووری و ئیرانی و تورك بوون. شاری کیڤ لە نێوان تەپۆلکە ڕازاوەکاندا بنیات نرابوو و نیگا و دیمەنی بێ وێنەی هەبوو. بۆ کوڕانی تاراس بۆڵبا بینینی ئەم شارە مەزنە – کە خۆیان لە بیابان و لادێدا گەورە ببوون، شتێکی تازە و سەیر بوو.

ئەندرێ و ئوستاپ پەستەکیان لەبەر بوو و پۆتینی چەرمی قۆزاقییەکانیان لە پێ کردبوو، بەدەم داچەقاوییەوە بوخچەکانیان– کە پۆشاك و پێداویستییەکانی دییانی تێدا بوو– نابووە بن باخەڵەوە. لە کەناری سەربازانی پۆڵۆنی پاك و تەمیز و ژنانی شیك پۆش و جوان و پیاوانی بەئەدەب و کامل، بەپرس و سۆراخ بەرەو ئەکادیمیا – کە پێش وەخت ئیستیڤان ناونیشانی دابوونێ – هەنگاویان دەنا. هەروەك دوو بەرازی وەحشی لە دەرگاوە چوونە ژوورێ و لەسەر چیمەنەکەی ئەکادیمیادا مژوولی پیاسە بوون.

ئوستاب لە حاڵەتی هەڵچوون و کەیف خۆشی ئەم شوێنە نوێیەی دایە بەر زەین بەڵام ئەندرێ هەند ڕازی نەبوو چونکە ئەو لە سێ ڕووەوە ناڕەحەت بوو. یەکەم ناچارە تا هاوین دەبێ لە ئەکادیمیەدا شەو بداتە دەمی ڕۆژەوە و خەریکی فێربوون بێ و لە دیدەنی دایك و باوکی بێ بەری

بێ دووەم، ناچار لەگەڵ پۆڵۆنییەکان – ئەوانەی کە وڵاتی ئەمیان داگیر کردووە و شکستیان بەقۆزاقییەکان داوە – هەڵسوکەوت بکات سێهەمیش ئەوە بوو کە نەیدەتوانی وەك لە دێ و بیابان ئازاد بوو، ئازاد بێ.

لەپڕ ئەندرێ لە جێیەکەی خۆیدا وێستا. ئوستاپ لای کردەوە تا بزانێ چ شتێ سەرنجی براکەی ڕاکێشاوە و لە چ لایەکی ئەکادیمیا ئەم خۆشنودییەیان بۆ بووە. ئەوەی سەرنجی ئەندرێی ڕاکێشابوو تەلاری ئەکادیمیا و قوتابیان نەبوو. ئەو گەنجە بەچاوانی نیمچە زەق و حاڵەتی کەیف و خۆشی سەیری کچێکی گەلێ جوانی دەکرد کە کراسێکی جوانی حەریری لەبەردا بوو و دوو حەڵقەی تەسبیح لە گەردنیا ئاوێزان بوون.

یەکەم جار کە چاوانی (ئەندرێ) کەوتە سەر ڕوخساری کچەکە، سەیری کرد زەردەخەنەیێك لەسەر لێوانی دایە، وەك پەرییێك لە بەهەشتەوە بۆ ئادەمیزاد پێبکەنێ، ئاوها بوو. زەردەخەنەی ئەو کچە نە هێندە بەرین و نە هەند تەنگ بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێ سەرنجڕاکێشتر بوو چاوە شینەکانی و برۆی باریك و لووتی ورد و دەمە چکۆلەکەی بوون کە وەك شەراب مەستییان دەبەخشی. ئەندرێی کوڕە گەورەی تاراس بۆڵبا وەك لەخۆچوونێك لە خۆی پرسی. ئایا دەشێ ئەم فریشتەیە قوتابییەکی ئەکادیمی زانستی ئیلاهی بێ؟

لە سەراپای ئەو کچەدا سامان و بەرزی دەباری و ئەوەی نیشان دەدا کە کچی یەکێ لە ئەعیانەکانە.

کچە جوانەکە سواری گالیسکەیێك بوو – کە لەسەر دەرگای ئەکادیمیەدا بوو و مەئموورێك لەسەر ڕکابی گالیسکەکەدا وەستا بوو – هەر لەو کاتەدا بوو چاوە مرواری ئاساکانی کچەکە کەوتە سەر ڕوخساری ئەندرێ. پاش هەندێ چاوانی ئەم دووە بەر یەکدی کەوتن. ئەندرێ هەستی کرد کاریگەری تیشکی گەرمی بەخشی ئەو دوو گەوهەر دەیتوێنێتەوە تا ئەو

کـاتـەی گـالـیسکـەچـی قـامـچـی کێشایـە پشتـی ئـەسپـەکـان و کـەوتـە ڕێ..
ئەندرێ بەدوای گالیسکەکەدا مات بوو ئوستاپی برای سیخورمەیێکی پیا کێشا بەڵام ئەندرێ وەك ئەوەی لە خەودا بێ چ کاردانەوەیێکی نەبوو، هەروەها سەرنجی ئەو ڕێیەی دەدا کە گالیسکەکەی پیادا ڕۆیشت. ئۆستاپ بـە دەمـارگـیـریـیـەوە مشتێکی بـە ئـەنـدرێ دا کێشا، وەخـۆ هـاتـەوە، ڕووی وەرچەرخاند و لە ژێر لێوەوە گوتی: هۆو

ئۆستاپ سەری بردە پێشێ و چپاندییە گوێی:

– گای نەفام، بە چی لێدراوی؟ ئەم کەسانە لێرەدان گوایە هاوپۆلی ئێمەن.

– چ کەسێ؟

– نەفام، مەگەر مەست بووی و چاوانت نایبینێ؟

لـەو بـەری چـیـمـەنـەکـەدا، دروست لـە پشتـی سەری ئـەو دوو بـرا تـازە هاتووەدا، گروپێ لە قوتابیانی ئەکادیمیای علومی ئیلاهی کۆببوونەوە.

ئەوانە هەموو قوتابیانی پۆڵۆنی بوون. پۆشاکیان شیك و گران قیمەت و ڕەنگاوڕەنگ بوو، کراسەکانیان سپی و ملیوانی بەرز پانتۆڵی جوان و تەنگ و پشتوێنی زەرکەش و شانێڵی زێرچی، جوانییێکی تایبەتی بەو گەنجانە بەخشیبوو کە لە ڕووی کوڕانی بۆڵبادا وێستا بوون... کوڕانی بۆڵبا بەپەستەکی بەربەرییەوە ببوونە مایەی گاڵتە و تەوسی قوتابیان.

ئـەنـدرێ وەك سەبـکـی بـاوکـی، بـرۆیـێکـی بـەرز کـردەوە لـە تـەنیشتـی براکەیەوە کەوتە ڕێ.

یـەکـێ لـە قـوتـابـیـیـەکـان لـە ڕووی گـاڵـتـە پێکردنـەوە دەرگـای نـاوەوەی ئـەکـادیـمیـای کـردەوە، دوو بـراکـە چـوونـە ژووری، لـە کـاتـێکدا سەیـری بـەرانـبـەری خـۆیـان دەکـرد بـەرەوپـێش دەچـوون و لـە تـەنـیشتـی ریـزێ قـوتـابـیـانـی پـۆڵـۆنـیـیـەوە تێپـەڕین. خوێنی قۆزاقیی بە دەمـارەکـانـیـان

هاتوچووی دەکرد و وردە وردە ڕەنگیان سوور هەڵدەگەڕا. لەم کاتەدا یەکێ لە پۆلۆنییەکان بۆ پێ ڕابواردن لە ڕیزی پۆلۆنییەکان جیا بووەوە، لە پشتی سەری ئەو دوو برایەوە ڕێی گرتە بەر، لاسای ئەوانی دەکردەوە، وەك مەیمونێ بەپێی دەستووری لۆتییەکەی بجووڵێتەوە ئاوها دەجوولایەوە. قوتابیانی دی دایانە قاقای پێکەنین. ئۆستاپ و براکەی سەیرێکی یەکدییان کرد، لەپڕ وەك مارێکی بریندار گەڕانە دواوە بازیان دا، وەك دوو شێر کەوتنە نێوان قوتابیان، بەر لە هەموو ئەو گەنجەی کە لاسایی ئەوانی دەکردەوە وەك مەیمون دەڕۆیشت، بەرز کرایە سەر سەر دوو هەنگاو دوورتر بەسەر ڕوخساردا تەختی سەر زەوی کرا و لە جووڵە کەوت. پاشان پۆلۆنییەکانی دی یەك لە دوای یەك پەرت کران. دوو کەسیان وەك ئەوەی فەنەر بەپێیانەوە بێ هەڵدرانە ئاسمان و بەسەر سەر کەوتنە سەر بەردەکان. کوڕانی بۆڵبا توورە ببوون.

دوو کەس بەرانبەر بە هەڤدە کەس..

ئەم زۆرانبازییە نزیکەی دە دەقیقەی کێشا دروست لەو کاتەی کەسی چوارەمی پۆلۆنییەکان لە پێ کەوتبوون، سەرۆکی ئەکادیمیا کە کەشیشێ بوو، دەرکەوت. دوو براکە خۆیان بەرانبەر ئەو بینییەوە. لە پشتی سەرۆکی ئەکادیمیا، کابرایەکی بەهێز و زەبەلاح دەستەکانی نابووە سینگی و دەستی ڕاستی قامچییەکی پێ بوو، وێستا بوو.

کەشیش بەبێ ئەوەی چ تەحقیقێ بکات گوتی:

– ئێمە ئەم جێی فێرکردنەمان بەتایبەتی بۆ کەسانی ئێوە ئاسایە بەو ئومێدەی کە نەوەی قۆزاقە وەحشییەکان کە زەمانێ لەم خاکەدا جموجۆڵی خراپەیان هەبوو، ئێستاش هەموو لادێیی و سەرچڵن تا بنیادەمی ڕێك و لەباریان لێ دەرچێ و بتوانن لەگەڵ پۆلۆنییەکاندا بژین. لەم ئەکادیمیەدا لەگەڵ ئێوە وەك قوتابیان ڕەفتارتان لەگەڵ دەکرێ، با

یەکەم شتیشتان پێ بڵێم ئێمە تەحەمولی ڕەفتاری سەرکێشی و ژیانی بەربەری و کاری وەحشیانەی ئێوە کە لاتان بووەتە خوو، ئێمە تەحەمولی ئەوە ناکەین.

سەرۆکی ئەکادیمیا سەری بەرەو لای (دێوی بێ شاخ) کە لە پشتی سەریا وێستا بوو وەرچەرخاند. کابرا قامچی وەشێنی ئەکادیمیا بوو، پێی وت:

– برا (بارتۆ لۆمیۆ) بەناوی خوا ئەم حەقیقەتانە بخە مێشکی ئەم دوو کەسە.

قامچی وەشێن هەنگاوێ چووە پێشێ و باسکی خۆی لێ هەڵماڵی. باوکی ڕۆحانی گوتی:

– گەلێ چاکە، ئێستا ئێوە کراسەکانتان داکەنن و لەسەر زەویدا ڕاکشێن. وا دەکەوتە بەرچاو کە ئێستا ئەندرێ سەرپێچی دەکا و هێرش دەباتە سەر قامچی وەشێن و لە چاو ترووکانێکدا تەختی دەکات، بەڵام وانەبوو، چونکە ئۆستاپ سەیرێکی براکەی کرد و زەردەخەنە گرتی و ئیشارەتی دایێ کە ملکەچ کات. پاشان کراسەکەی خۆی داکەند و لەسەر زەویدا ڕاکشا. بەدەستەکانی سەری خۆی پاراست. ئەندرێ شانی ڕاتەکاند و سەیری قەمچی ڕاهبی توند و زەبەلاحی کرد، پاشان لە تەنیشتی براکەی ڕاکشا.

باوکی ڕۆحانی، سەرۆکی ئەکادیمیی علومی ئیلاهی کڕنۆشی برد، خەریکی دوعا خوێندن بوو. ئەوجا (بارتۆ لۆمیۆ) قەمچی بەرز کردەوە، بەتەواوی هێزی خۆی دایدایەوە. قەمچی وەشاندنی یەك لەسەر یەکی توندوتیژی کابرا، پشتی کوڕانی بۆڵبای خوێناوی کرد و بەردەکانیشی بەخوێن لەوتاندەوە.

هەر لەو کاتەدا ئۆستاپ بۆ خۆی بیری دەکردەوە، ئەگەر تاراس بۆڵبای باوکیان لەو کاتەدا ئەمانی ئاوها بینیبا چی دەکرد؟ بەبێ شك وەکو شێر

دەینەڕاند، بەر لە هەموو قامچی وەشێن و پاشان سەرۆکی ئەکادیمیای لە چاوترووکانێکدا شەق دەکرد، ئەوجا تەلاری ئەکادیمیای دەڕووخاندە سەر پۆلۆنییەکان.

قامچی دادەبارییە سەر شانی کوڕانی تاراس بۆڵبا. بەم شێوەیە پێشوازییان لێ کرا و بەخێرهاتنیان کردن.

## ٨

دووەمین جار کە ئەندرێ کچە چاوشینەکەی بینی، لە کڵێسای (سانت سۆفیا) بوو. خەڵکێکی زۆر لە قوتابیان و خەڵکی دی، هەژار و دەوڵەمەند لە کڵێسا بوون و سەریان داخستبوو و دوعایان دەخوێند.

لەم کاتەدا خەڵکەکە ڕێیان بۆ حاکمی شار و کچەکەی کردەوە تا بێنە ژوورێ. حوکمڕان کابراییێکی زلەی ئارام بوو، کچەکەیشی هەمان کچە چاوشینەکە بوو کە ئەندرێ بۆ یەکەم جار لە ئەکایمیادا چاوی پێ کەوتبوو. گەر لەو کاتەدا شوێنێ نەبا شانی لەسەر دابدا، بێ گومان تلۆر دەبووەوە و لەسەر زەویدا تەخت دەبوو. سەیری کچی حوکمڕانی دەکرد.

کچۆڵەکەیش سەیری ئەوی دەکرد، ئەو فریشتە ئاسمانییە سەیری (ئەندرێ بۆڵبا)ی کوڕە قۆزاقی ژاپورۆژ دەکات. ئەندرێ بۆ دووەمین جار هەستی کرد دڵی ڕیشەکێش کراوە

ئۆستاپ ئەمانەی بینی و بە ئاسپایی پێی گوت:

– بەدبەخت، تەنانەت ئەو تۆیشی نەبینی

– بێ دەنگ بە، تۆ دڵی منت نییە.

(بارتۆ لۆمیۆ) نزیکیان بووەوە، دوو براکە قسەی خۆیان بڕی و تێکەڵی قوتابیەکانی دی بوون.

بەر لەوەی ئەو کوڕ و کچە بۆ جاری سێیەم یەکدی ببینن، بووە زستان، شەوێکی سارد بوو. بە ئاسپایی بەفر دەباری و دەوروبەری پەنجەرەکانی کۆشکی حوکمڕانی پۆشیبوو.

خەڵکانی شاری کیڤ لە بالکۆن و پشتی پەنجەرەی خانووەکانیانەوە سەیری قوتابیانی ئەکادیمیای (لاهوت)یان دەکرد کە لە بەردەم

قەسرەکەدا ڕیزیان بەستبوو بەموناسەبەتی جەژن سروودی کریسمیسیان دەخوێند. ئەندرێ لە ناوەڕاستی سروودەکەدا بێ دەنگ بوو. چاوی بڕییە یەکێ لە بالکۆنەکان. کچە چاوشینەکە کراسێکی ئاوریشمی سپی هاوڕەنگی بەفرەکەی لەبەردا بوو. کەوڵە ڕێویێکی دابووە سەرشان، مەمکەکانی قوت ببوونەوە. ئەو کچەش سەیری ئەندرێی دەکرد.

چ گومانێ لەمەدا نەبوو.

ئەندرێ هەستی کرد کە لەشی سست بووە و چ توانای جووڵەی نەماوە.

هەروەها کچۆڵەکەیش سەرنجی ئەوی دەدا و لە بالکۆنەکەدا وەستا بوو.

قوتابیان لە پای درەختە گەورەکەی کریسمیسدا وەستا بوون، بەردەوامییان بە سروودەکە دەدا، کۆتایی پێ هات. نۆکەرانی قەسر بە سینی گەورەوە لە قەسرەوە هاتنە دەرێ، جامە شەرابیان لە نێو قوتابیاندا دابەش دەکرد.

قوتابیان پێکەکانی خۆیان بەرز دەکردەوە و دەیاننایە سەر. ئۆستاپ لای کردە لاوە تا بەسەلامەتی براکەی بخواتەوە، بەڵام ئەندرێ پێکەکەی ڕووەو کچەکە بەرز کردبووەوە.

ئۆستاپ هەناسەیێکی هەڵکێشا و لە ژێر لێوییەوە گوتی:

– جوانە ئاخرمان خێرکەیت.

کەنیزەکێك لە پشتی سەری کچی حوکمڕان و لە بالکۆنەکەدا دەرکەوت و جامێ شەرابی دایە دەست کچەکەی، جامەکەی بەرەو دەم برد، دووبارە چاوەکانی لەگەڵ چاوی ئەندرێدا یەکیان گرتەوە. پاش چەند ڕۆژێ ئەو دوو برایە لەگەڵ قوتابیاندا بۆ گەمەکردن لەسەر دەریاچەی مەییوی کیڤ چوون. لەوێدا دەستیان بەخلیسکان و سەما کرد. قوتابیانی دی دەیانبینی ئەو دوو کەسە بەبێ ترس و واهیمە لەسەر زوقمەکە دەسووڕێنەوە، باز دەدەنە هەوا، وەکو قۆزاقییان هەڵبەز و دابەز دەکەن، هەموو لە دەوریان

کۆبوونەوە ئەندریێ لەسەر بەفرەکەدا مژولی سەمای قۆقازی بوو، بەتیژی بەدەوری خۆدا چەرخی دەخوارد، بەڵام پێی خزا و لەسەر سەر کەوتە سەر بەفرەکە، ماوەیێك بەم شێوەیە مایەوە. ئۆستاپ بەزەردەخەنەوە سەیری ئەوەی دەکرد لەپڕ ئەندریێ دەنگی سمی وڵاخی بیست، پاشان دەنگی پێکەنین هاتە گوێی بەتووڕەییییەوە سەری بەرز کردەوە کچی حوکمڕان لە نێو گالیسکەکەدا دانیشتبوو سەیری ئەمی دەکرد و پێدەکەنی، پاش هەندێ چەپڵەی بۆ لێدا گالیسکەکەی لێخوڕی و کەوتە ڕێ.

بەهار هات و چرۆ دەمی کردەوە. ئەو تەپۆلکانەی کە تاراس بۆڵبا و شیلۆی هاوڕێی زراعەتیان تیادا دەکرد ئەستیپی جوان و پێدەشتی بەرینی بەعەتری بەهار بۆن خۆش کردبوون. مراوییەکان لەسەر دەریاچەکەدا مەلەیان دەکرد و خونچەکان دەمیان کردبووەوە نەسیمی گەرم لە بری کزە بای سارد هەڵی کرد.

کوڕانی بۆڵبا هەردووکیان لە کەناری ئاو و لە ژێر سێبەری درەختەکەدا دادەنیشتن و دەرسەکانیان ئەزبەر دەکرد.

ئەندریێ سەیرێکی دەریاچەکەی کرد و لە ژێر لێوەوە گوتی:

– ئامۆ .. ئامس.. ئامات.. خۆشم دەوێی..

ئۆستاپی برای سەری سوڕما، چۆن ئەندریێ بەیەك جار لە دەرسی لاتینییەوە پەڕییە سەر ئەم ڕستەیە. بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی کتێبەکەی کرد و گوتی:

– ئەندریێ ئەوە چ دەڵێی؟ خۆ لەم کتێبەدا نەنووسراوە خۆشم دەوێی.

ئەندریێ لە ژێر لێوەوە گوتی:

– ڕاستە بەڵام من خۆشم دەوێ.

– کێت خۆشدەوێ؟

ئۆستاپ پاش ئەم قسەیەی سەرنجی جێی تەماشای براکەی دا. کچە چاوشینەکە لەگەڵ کارەکەرە تاتارەکەی لە ڕۆخی بەرانبەری دەریاچەکە دانیشتووە و کتێبێکی لەسەر ڕانە. ئۆستاپ چ گومانی لەوەدا نەبوو کە کچەکە ئاگای لە کتێبەکەی نییە، بەڵکو سەرنجی براکەی ئەم دەدات بەئاسپایی گوتی:

– بە.. وەك ئەوەی بەختت یار بێ، چ گەوجم وامدەزانی بۆ لێواری دەریاچە هاتووین بخوێنین. تەڕمان خوێندەوە!

ئەندرێ لەسەر سەوزە گیاکەی ڕۆخدا پاڵی لێ دایەوە و گوتی:

– تاراس وتی کە..

– مەبەستت چییە.. باوکمان چی گوت؟

– مەگەر لە یادت چوو، بەر لەوەی بێینە ئێرە باوکمان گوتی دەبێ هەرچی پێویست بێ دەربارەی پۆڵۆنییەکان فێر بین!

ئۆستاپ سەری ڕاتەکاند و وەڵامی داوە:

– بەڵێ بەڵام نەك ئەم پۆڵۆنییە . من دڵنیام باوە و دایە ئەم پۆڵۆنییە جوانەیان هەر لە خەیاڵدا نەبووە. ژن هەر ژنە. بەڵام ئەمەیان کچی حوکمڕانە و لەوانە نییە ڕووی خۆشت بداتێ.

ئەندرێ سەیرێکی کتێبەکەی خۆی کرد، بەدەنگی بەرز بەجۆرێ کچۆڵەکەی ئەوبەری ڕۆخەکە بژنەوێ ئەم وشەیەی بەلاتینی گوت:

– خۆشم دەوێی. خۆشم دەوێی. خۆشم دەوێی

*

ئەندرێ بەو هەندە پرسیارەی کە کردبووی دەیزانی ئەو کچە ناوی (ناتالیا دۆبرۆڤ)ە. کچی حاکمی شاری (کیڤ)ە. برایەکی هەیە ناوی ئەلکسییە. دایکی نەماوە. ئەوەیشی زانیبوو کە ناوی کارەکەری زیتایە و یەخسیرێکی تاتارییە.

ڕۆژی دوایی ئەندریٚ بیستی کە کچی حاکم لەگەڵ هەندێ لە گەورەکان بۆ شکاری بەراز دەچنە جەنگەڵەکانی باکوور. بەم هۆیەوە تەگبیرێکی کرد و خۆی لە براکەی شاردەوە و. ئەسپێکی وەدەست هێنا، بەیانی زوو لە ئەکادیمیە دەرچوو ئەسپی زین کرد. کە گەیشتە جەنگەڵەکە و لە شوێنێکدا وەستا وا چاوەڕێ دەکرا کچی حاکم بۆ شکار بێتە ئەو شوێنە، چاوەڕێی کرد. سەعاتەکان تێدەپەڕین و وردە وردە ئەندریٚ ئومێدی لە دەست دەدا، لەپڕ دەنگی سمی ئەسپی بیست. پاشان گەلێ سواری بینی، پۆشاکی ڕەنگاو ڕەنگیان پۆشیبوو، ژنان کراسی ئاوریشمیان پۆشیبوو، پیاوانیش وەك ئەوەی بۆ جەژن هاتبن جلی جوان و شانێلی زەرکەفتیان لە بەردا بوو، هەموویان دەستکێشی درێژ و سپییان لە دەستا بوو بەم حاڵەوە هاتبوون بۆ شکار.

ئەندریٚ خۆشحاڵ بوو. زەردەی هاتێ و هاتە دەرێ و ڕووەو گرووپی ڕاوچییان چوو تەراتێن بکات. هەموو لایان کردەوە، سەیری ئەم سوارە سەیرەیان کرد. ئەسپ بەهەڵبەز و دابەزەوە دەرکەوت، هەردوو دەستی بەرەو هەوا بەرز کردەوە. ئەم کارەی هەندە سەرسوڕهێنەر بوو، بووە مایەی ئافەرین گوتنی ئەوان. ڕەنگە ئەو ئەسپە بێ چارەیە تا ئەو کاتە تەڕاتێنی وای نەکردبێ، بەڵام لە بەر ئەوەی سوارەکە ئەندریێی کوڕی تاراس بۆڵبا بوو تەنانەت بەرازیشی دەهێنایە سەما. تەواوی ئەو ماوەیە ئەندریٚ چاوی لە سەر ڕوخساری کچە جوانەکە لانەدا کچەش حەیرانی ببوو و زەردەخەنەی پەرش دەکردەوە.

ئەندریٚ پاش ماوەیێك جووڵەیێکی بەنیشانەی عوزرخوازی نواند ئەوجا دوور کەوتەوە و لە پشتی درەختەکاندا گوم بوو.

تەنها کەسێ ئاگاداری سەرنجی ئەو گەنجە و زەردەخەنەی کچۆڵەکە بوو ئەلکسی برای کچەکە بوو. ناتالیا لە شیرینکاری ئەندریٚ گەلێ خۆشحاڵ بوو.

بەڵام ئەلکسی برای گەلیٚ توورە و دەمارگیر بوو.

سێ ڕۆژ پاش ئەو ڕووداوە، کارەکەرە تاتارەکەی ناتالیا پەیامێکی بۆ ئەندریٚ برد. پەیامەکەیش ئەوە بوو، کچی حاکم بۆ ماوەی ساڵیٚ بۆ خوێندن نێردراوەتە وارشۆ.

ئەمە بووە هۆی نیگەرانییێکی گەورە، بەجۆریٚ ئەو گەنجە گۆڕا قەمچیەکەی (باریۆ لومیۆ) شەو و ڕۆژ لە کاردا بوو.

٩

ساڵ بە ئارامی تێپەڕی. ئەندرێ لە خۆشەویستەکەیەوە چ هەواڵێکی پێ نەگەیشت. ئەڵبەت هەواڵی دی پێ دەگەیشت. بۆ نموونە کەشیشی دێیەکەیان میخایل نووسیبووی، لە هەواڵی دایك و باوکی ئاگاداری کرد بوو و سەلامەتیانی بۆ نووسیبوو. دەیزانی ئەم ساڵ گەنم هاتیەتی، ئیستیڤانی پیر دوا دگانی خۆی کێشاوە و شتی دیش.. بەڵام دەربارەی ناتالیا نە پەیامێ نە خەبەرێ نەگەیشت.

دووەمین بەهاری ئەو دوو برایە لە ئەکادیمیا بووە هاوین بەڵام چ خەبەرێ نەبوو. نە قسەیێك نە پەیامێك ئایا چ ئینسانێ توانیویەتی تەحەمولی ئەم ڕەنجە بکات؟ بەباوەڕی ئەندرێ وەڵام (نەخێر) بوو.

تا ئەوەی ڕۆژێ هەردوو براکە لە شەقامەکانی شاری کیڤ دا پیاسەیان دەکرد، ئۆستاپ سەری دانەواندبوو کتێبی دەخوێندەوە و ئەندرێ سەرەڕای زیرەکییە خۆرسکەکەی بەڵام گەلێ بێ حەواس ببوو، بەبێ ئاگای سەیری دەوروبەری دەکرد، هەردوو گەیشتنە نزیکی قەسری حوکمڕان، ئەندرێ لە جێیەکەیدا وەستا، سەری بەرز کردەوە تا سەیری یەکێ لە بالکۆنەکان بکات دڵی داتەپیبوو، سەراپای لەشی هاتبووە لەرز، چونکە ناتالیا بەر لە ساڵێك لە هەمان شوێندا وەستا بوو. قوتابیانیش سروودی کریسمسیان دەخوێند. ناتالیا جامێ شەرابی بە دەستەوە بوو، ڕووەو ئەندرێ بەرزی کردبووەوە هەڵیدابوو. ئەم یادەی بووە مایەی لەرزی ئەندرێ، بەڵام ئەفسووس چ شوێنەوارێکی ناتالیا لە بالکۆنەکەدا دیار نەبوو.

هەر لەو کاتەدا گالیسکەیێك لە دوورەوە دەرکەوت و نزیکی قەسرەکە بووەوە. ڕێیەکە باریك بوو، گەر گالیسکەچییەکە هەندێ بەلای ڕاستدا لای

دابا دەیتوانی بەئاسانی تێپەڕێ بێ ئەوەی ئەندرێ دوور بکەوێتەوە و لە جێیەکەی خۆیەوە باز بدات. گالیسکەچییەکە بەبێ بایەخی بەراستە ڕێیەکەدا دەهات. گەر ئەندرێ کەمێکی دی وەخۆ نەکەوتبا ئەوا لە ژێر تایەکانی گالیسکەکە دا دەپلیشایەوە.

گەنجی قۆزاقی بەیەك باز خۆی هاوێشتە نێو چاڵێکی پڕ لە گڵ و گیانی خۆی لە مەرگی حەتمی ڕزگار کرد.

گالیسکەکە بەتەنیشتیا تێپەڕی. ئەندرێ بە دەمارگیرییەوە لە چاڵەکە هاتە دەر. گالیسکەکە تیژڕەوی خۆی کەم دەکرد و تایەی پاشەوەی وەستا ئەوجا ئەندرێ پێیەکی پێش خست و تایەکەی گرت و نەیهێشت بجووڵێتەوە ماسوولکەکانی نیشتنە سەر یەك و دەمارەکانی گەردنی دەرپەڕین. چ نەمابوو چاوانی بێتە دەر، بەم تەقەلاو فشارە توانی گالیسکەکە لە جێی خۆیدا ڕاگرێ و نەبزوێ.

گالیسکەچی سەری سوڕما بوو، بۆ چ لەپڕ ئاوها وەستا، بەخەیاڵ وایزانی تایەکان کەوتوونەتە سەر بەرد، لای کردە لاوە سەیری کرد، بەبینینی ئەو گەنجە قامچیەکەی بەرز کردەوە و کێشایە سەر و قەدی. ئەندرێ بازی دایە لایەك و قامچی لە دەست گالیسکەچییەکە ڕاکێشا، سەری وەرچەرخاند دەیویست بەقامچییەکە سەر و گوێلاکی گالیسکەچییەکە داپڵۆسێ. لەناو گالیسکەکەوە گوێی لە دەنگی پێکەنینێکی ناسك بوو. بەتووڕەییەوە لە پەنجەرەی گالیسکەکەوە سەری بردە ژوورێ، خۆی بوو. ناتالیا لە نێو گالیسکەکە دا دانیشتبوو. ئەم ژووانە بەجۆرێك ناگەهانی و چاوەڕوان نەکراو بوو ئەندرێ لە خۆشییا تووشی وەجد بوو لەگەڵ ئەمەشدا نەیتوانی دەست بەسەر تووڕەیی خۆیدا بگرێ و گوتی:

– بۆ وا دەزانی پیاو شێلان و پیاو کوشتن کارێکی پێکەنین ئاوەر بێ؟

ئەندرێ پێکەنینی نەبوو. ناتالیا پێکەنینەکەی خۆی گرت و گوتی:

– زۆر بە داخەوەم بەڵام تۆ گەلێ دەمارگیر دیاریت.

– حەقمە دەمار گیر بم.

کچی حوکمڕانەکە دەستەسرێکی جوان کە گۆشەکانی گوڵگوڵین بوو، دەرهێنا و دایە دەستی ئەندرێ و پێی وت:

– تۆ جارێ لووتت خۆڵاوییە و پاکی کەوە تا لەم قیافەتە پێکەنین ئاوەرە دەرچی.

ئەندرێ دەسماڵەکەی وەرگرت و لووتی خۆی پاك کردەوە و سوپاسی کرد هەردوو پێکەنین. لە خۆشی ئەم دیدارە، گەشانەوە و ئەندرێ گوتی:

– ئاخری گەڕایتەوە

– بەڵێ گەڕامەوە

– باشە دەبێ سوپاسی باوکت بکەم، چونکە دووبارە تۆی بۆ ئێرە گەڕانەوە. ناتالیا بەرەو پێش چەمییەوە، بە سەرسوڕمانەوە سەرنجی ئەندرێی دا.

هیچ کاتێ ئەوەندە لە یەك نزیك نەبووبوونەوە. ناتالیا گەنجێکی بینی موو ڕەش و پێست سووتاو، چاوانی لە ڕەنگی چاوەکانی خۆی بوون، برۆکانی کەوانی و دگانەکانی سپی و دەبریقانەوە. ناتالیا هەندێ خۆی کێشایەوە و دڵی لەرزی، چونکە تازە تێگەیشت ئەو گەنجە قۆزاقە، قۆزاقیێکی ترسناك، بوونەوەرێکی سەر سوڕهێنەر، وەحشی، ئەو کچە گەلێ داستانی دەربارەی قۆزاقییەکان بیستبوو، زاڵمی و بێ رەحمی، پەیوەندییان لەگەڵ گوناه.. لەو کاتە دا هەوڵی دا ئەو ڕوخسارە لە مێشکی خۆیدا، ئەم ڕوخسارە جوانە گەورەتر بێت.. لە ساڵانی دواییشدا ئاوهای لێهات.. قۆزاقیێکی تەواو.

ناتالیا بە لاڵە پەتێیانەوە گوتی:

– تۆ.. دەڵێی تۆ قۆزاقییت؟

– بەڵێ وایە. من قۆزاقییم. دەڵێی تۆیش.. پۆڵۆنییت..؟

ناتالیا پێکەنی و گوتی:

– هەریەکە و بەجۆرێ قسان دەکەین دەڵێی باوەڕی جیاوازمان هەیە

– ڕاستە چونکە من پیاوم و تۆیش ژنیت.

– وایە

لە دوورەوە دەنگی زەنگ دەگەیشتە گوێی کچۆڵەکە، زیاتر چەمییەوە و وتی:

– ئەمە دەنگی زەنگەکەی ئەکادیمیایە

– بەڵێ وایە

– ئەوان فەلاقەت دەکەن، چاك دەزانم جارەها جەنجاڵت ناوەتەوە و فەلاقەیان کردوویت.

ئەندرێ سەیری دەسماڵەکەی دەستی خۆی کرد و گوتی:

– بەڵی.. زۆر بەداخەوە دەسماڵەکەت خوڵاوی بووە

– گرنگ نییە.. ئایا قەمچی خوێن دەردێنی؟

– بەڵێ یەك دوو دڵۆپ. چاکە سبەینێ لێرەدا دەتبینم

ناتالیا بە لا چاوەوە سەیرێکی گالیسکەچییەکەی کرد کە سەیری ئەمانی دەکرد ناتالیا گوتی:

– نەء.. خۆت ماندوو مەکە. من سبەی لێرەدا نابم و دەتوانم لە بازاڕ دەسماڵێکی دی بۆ خۆم بکڕم. ئەهای (ژۆزیف) بمبە بۆ نێو قەسر.

ئەندرێ زەردەخەنەی هاتێ، قامچییەکەی دایە دەستی گالیسکەچی و دەسماڵە دیارییەکەی لە گیرفان نا و کشایە دواوە. گالیسکە کەوتە ڕێ.

ئەندرێ بۆ دواجار سەیری ناو گالیسکەکەی کرد دەستیشی بۆ لێوانی خۆی برد.

ئۆستاپی برا بچووکی، لە نزیکەوە سەیری ئەم دیمەنەی دەکرد. پاش ڕۆشتنی گالیسکەکە هاتە لای براکەی و گوتی:

– مەرج دەکەم تۆ لە نێو ئەو چاوە سەوز و درشتانەدا نوقم بوویت تەنانەت زەنگی قوتابخانەشت نەبیست.

– چاوەکانی ئەو شین و زەنگەکەشم بیست.

بە یەکجار ئەندرێ ڕەنگی گۆڕا و چاوانی درەوشانەوە و گوتی:

– ئاە.. سبەینێ لە بازاڕی (تیوز)دا دەمبینێ.

– ئەگەر تۆ لەگەڵ ئەودا ببینن هەر سبەی شەو لە سەر قەنارەی پۆڵۆنییەکان سەما دەکەیت، وەرە وڵاغی بێ مێشکی عاشق با بڕۆین و بگەینە دەرسەکانمان هەردوو بەرەو ئەکادیمیای علومی ئیلاهی ڕۆیشتن. کاتێ گەیشتنە ئەوێ سەیریان کرد دەرگا ئاسنەکە داخراوە. سەیری یەکدییان کرد وەك پێشتر چەند جارێ ئەم کارەیان دووبارە کردەوە. چوونە پشتی دیواری ئەکادیمیا. ئەندرێ پەنجەکانی دەستی هەڵپێکا، ئۆستاپ چووە سەر دەستی و خۆی خستە سەر دیوارەکە ئەوجا چەمییەوە، دەستی درێژ کرد و ئەندرێی کێشایە سەرێ. پاشان هەندێ هەردوو پێی نایە حەوشەی ئەکادیمیا. لەپڕ دەنگێ لە نێو تاریکییەوە بەرز بووەوە و گوتی:

– ئەندرێ.. ئۆستاپ

سێبەرێ دەرکەوت. ڕاهبێکی زەبەلاح لە پشتی درەختەکانەوە هاتە پێش. ئەو دوو برایە بێ ئەوەی ترس دایانگرێ یا ناڕەحەت بن بەرانبەر ڕاهبەکە وەستان و بە یەکەوە گوتیان:

– سەلام.. بارتۆ لۆمیۆ

پاش دوو دەقیقە هەردووکیان لە ژووری بەڕێوەبەری ئەکادیمیا وەستا بوون باوکی ڕۆحانی، سەرۆکی ئەکادیمیای لاهوت بە ئەندرێی گوت:

– دوو ساڵی تەواوە تۆ دەست لەم کارانەت بەرنادەیت، سەرم لێ تێکچووە خۆشم نازانم چۆن تەمێت بکەم. ئیدی ماندوو بووم، پێم وایە لە هەموو شتێ چاکتر ئەوەیە لە ئەکادیمیا دەرتکەم. بەڵام هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە. ئۆستاپ برۆ چارەسەری خۆت بکە، چونکە ئەمە لە هەموو ئەشکەنجەیێك زیاتر ئەزیەتت دەدا بەڵام ئەمە یەکینکە...

ئۆستاپ شانی هەڵتەکاندو لە ژوورەکە دەرچووە دەرێ، باوکی ڕۆحانی ڕووی لە ئەندرێ کرد و گوتی:

– دەزانی بۆ ئۆستاپم ناردە پۆلەکەی، چونکە دەمەوێ بە تەنها ئاگادارت کەمەوە؟

بەڵێ باوکی ڕۆحانی ئەمە تیوری میکاڤیلییە. سیاسەتێکی چاکە دەڵێ دوژمنی خۆت پەرت کە، بەسەریا سەردەکەوی.

– ڕاستە بەڵام مەبەستی من ئەمە نییە. پێویست ناکات ئۆستاپ تەمێ بکرێت چونکە ئەوە بە قۆزاقی هاتووەتە دنیا و بەقۆزاقییش دنیا بەجێ دێڵێ بەڵام ئەندرێ تۆ منت نارەحت کردووە، چونکە فکری ڕۆشنت هەیە.

– ئایا ئەمە نارەحەتییە قۆزاقییەك ڕۆشنفکر بێت؟

– نەخێر بە پێچەوانەوە، تۆ منت ئومێدەوار کردووە کە بەگەشبینییەوە سەیری هاوسۆزانت بکەم. چونکە نەریتی قۆزاق و خووی قۆزاق لە لای تۆدا کەمترە وەك لە لای براکەت. ئۆستاپ کە نەپەیوەندی بە دەرسەکانیەوە هەیە و نەهیچ شتێ دەزانێ. ئەو قۆزاقییەکی خالیسە، بەڵام تۆ نیوە قۆزاقیی. ئەگەر دەست لە وەحشیگەری خۆت هەڵگری ئەوا دەبیتە کوڕێکی ڕێکوپێك و خودایش لە بەرەکەتی خۆی بێ بەشت ناکات، ئاخر چۆن فکری خۆت بە پڕوپووچی و نەفرەت کردن لە پۆڵۆنییەکان خەریك دەکەی؟

ئەندریێ بە زەردەخەنەوە، بەڵام بە ئەوپەڕی جدییەوە گوتی:

– من نەفرەت لە هەموو پۆڵۆنییەك ناکەم. ئەسڵا من نەفرەت لە هیچ پۆڵۆنییەك ناکەم. هۆی ناڕەحەتی من تەنها ئەوەیە کە من پەیوەندیم بە ئەستیپەوە هەیە و هەندیێ شتم دەربارەی بیستووە، ناڕەحەتی کردووم.

– ئەندریێ ئەستیپەکان هی پۆڵۆنییەکانە. ڕابوردوو لە نێوان نەماوە. دەبێ فکر لە ئێستا بکرێتەوە. چەرخی مێژوو بەرەو پێش دەڕوات چ کەسێ ناتوانێ بەرەو دواوەی ببات، تەنانەت تۆ و ئۆستاپی برای موتەعەسیبیشت.

– گەورەم ئەمە نەبەردێکە هێشتا سەرەنجامەکەی مەعلوم نەبووە.

باوکی ڕۆحانی ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

– براکەت قۆزاقییێکی موتەعەسیبە بەهیچ جۆرێ ناگۆڕدرێت، بەڵام تۆ.. من بەنیسبەت تۆوە ئومێدەوارم بەرگی قۆزاق لەبەر داکەنی ئەوجا من دەتوانم ڕۆحی تۆ ڕووەو خوا و ئینسانییەت بەرم.

١٠

ناتاليا دوبرۆڤ له هۆڵی قەسرەکەی حوکمڕان بەرانبەر بەئاوێنەیێکی قەد دیوار ڕاوەستا بوو، کراسێکی ئاوریشمی سپی لەبەر بوو. زینای کارەکەری لە پشتی سەرییەوە وەستا بوو سەبەتەیێکی بەدەستەوە بوو. چاوەکانی خانم و کارەکەرەکەی لە ئاوێنەکەدا یەکیان گرت و هەردوو بزەیان هاتێ. لایان کردە لاوە و ڕووەو دەرگای دەرێ چوون. لەو کاتەدا دەنگی سارد و ئامرانەی حاکم بەرز بووەوە کچەکەی گاز دەکرد. ناتالیا و هاودەمەکەی بەرەو ناردووانەکە ڕۆشتن.. حاکمی پیر لە پاینی پەیژەکانی هۆڵەکە وەستا بوو. (ئەلکسی-یش) لە تەنیشتی بوو. پیرەمێرد سەرنجێکی ناتالیاو پاشان ئالکسی کوڕی دا، پاشان پشتی تێ کردن و وتی:

- ناتالیا براکەت ڕووداوەکەی دوێنێی بۆ گێڕامەوە. گوایە دوێنێ لە ڕووداوێکدا قوتابیەکی قۆزاق..

ناتالیا یەکسەر پەی بەوە برد کە ژۆزێف-ی گالیسکەچی ڕووداوەکەی دوێنێی بۆ براکەی گێڕاوەتەوە و گوتی:

- ئاهـ.. باوکە شتێکی گرنگ نەبوو.

دۆبرۆڤی پیر لە کاتێکدا لە پێپلیکانەکەوە بەرەو ژوور دەچوو گوتی:

- ناتالیا تۆ کچی منیت. هەر شتێکی تایبەتی لە بەرچاوی خەڵکدا وەئەنجام بدەی ئەوا بەناوی منەوە تەواو دەبێ. هیچ کاتێ ئەمە لە بیر نەکەی.

- بەڵام باوکە ئەو ڕووداوە گرنگ نەبوو.

- براکەت بۆ ناسینی ئەو قوتابیە قۆزاقە گوایە هەمان ئەو گەنجە

بـەجـورئـەتـەیـە کـە پـار بـەجـەسارەتـەوە لـە شکـارگـادا بـە ئـەسپ تـەڕاتـێنـی دەکرد. براکەت پێویستییەکان وەئەنجام دەدا تا چیدی لەم بابەتە کارانە ڕوونەدات.

پیرەمێرد گەیشتبووە سەر دوا پلەی پێپلیکانەکە و بەر لەوەی بڕوات گوتی – بەڕاست ناتالیا تا ئەو کاتە، تۆ حەقی دەرچوونە دەرێی قەسرت نییە – حاکم لە بەرچاو گوم بوو. ناتالیا بەنائومێدییەوە شانێلەکەی خۆی هەڵگرت و گەلیٚ هەوڵی دا نەگریێت. ڕووەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت. زینایش کەوتە دوایەوە.

هەر لەو کاتەدا کە ئەو ڕووداوە لە قەسری حاکمدا ڕووی دا. ئەندرێی گەنج، کوڕەکەی تاراس بۆڵبا، پۆشاکی سادەی لەبەر بوو. بەبیٚ سەبری لە بازاڕی تیوزدا دەسووڕایەوە سەیری ئەملا و ئەولای دەکرد. فرۆشیاران کاڵای خۆیان خستبووە ڕوو. بەڵام ئەندریٚ چ ئاگاداری ئەوان نەبوو بەڵکو بەدوای ناتالیادا دەسووڕایەوە کە دوێنیٚ خۆی وا نواند بۆ دەسماڵ کڕین دێتە بازاڕی تیوز مەگەر مەبەستی ئەوە نەبوو لەم ڕێیەوە وادەی ژوانی بداتیٚ؟ ئەی بۆ دیار نییە؟ خۆ ناشیٚ ئەوی گوم کردبیٚ؟ ڕەنگیشە ناتالیا ئەم قسەیەی لە ڕووی شۆخییەوە کردبیٚ. ئەمانە ئەو پرسیارە بیٚ وەڵامانەی مێشکی ئەندریٚ بوون. ئەو لە نێو ئەم ئەندێشانەدا بوو. چاوی بە ژنێکی پەچەدار کەوت. لە جۆری پۆشاکەکەی یەکسەر پەی بەوە برد کە زینای کارەکەرە و هاودەمی ناتالیایە چونکە هەمیشە کڵاوی مەخمەڵی لەسەر دەنا، کڵاوەکەی گوڵدروو بوو وە هەمیشە پۆشاکی خۆڵەمێشی دەپۆشی.

ئەندریٚ بە دیتنی ئەم ژنە خاترجەم بوو کە زینایە، بۆیە دەستفرۆشانی بەملا و ئەولادا دەڵەك دا و گازی کرد:

– ئەها.. ئەها.. خانمی تاتار!

کچۆڵەکە لای کردە لاوە و پەچەکەی لادا. لەپڕ دڵی ئەندریێ داتەپی، چونکە ئەو کچە چ کەسێ نەبوو غەیری ناتالیا نەبێ کە بەپۆشاکی کارەکەرەکەی لە قەسر هاتبووە دەرێ و خۆی گەیاندبووە بازاڕ.

ئەندریێ لە جێیەکەی خۆیدا وشك بوو. ناتالیا بزەی هاتێ و بەئیشارەتی سەر تێی گەیاند کە لێرە نابێ قسە بکرێ. ئەندریێ سەری وەرچەرخاند و بەئارامی فیتووی لێ دەدا، خۆی وا نواند بۆ کات بەسەربردن یا کڕین خۆی بەتەماشاکردنی کەلەرم و شتەکانی دییەوە مژول کرد. کە کچەکە کەوتە ڕێ ئەندریێش بەدووری چەند هەنگاو کەوتە دوای. ئاگادار بوو لەوەی ڕاستە و ڕاست سەیری نەکات.

ناتالیا لە بەردەم نان فرۆشێکدا وەستا نانێکی خڕی کڕی و خستییە نێو سەبەتەکەی دەستی. ئەندریێش بزەیێکی کرد و لە مەیفرۆشێ گۆزەیێکی چکۆلەی شەرابی کڕی ناتالیا هەندێ ترێ و سێو و پەنیری کڕی. ئەو دووە ماوەیێکیان لە بەینا بوو و دەڕۆیشتن. ڕووەو دەریاچە هەنگاویان دەنا.

ئەندریێ بەتەواوی سەری سوڕما بوو بۆ ناتالیا خۆی وا لێ کردووە و هۆی ئەمە چییە، چونکە لە ژێر کراسە تەنکەکەی زینا، کراسە گرانقیمەتەکەی خودی ناتالیا دیار بوو ئەمەیش ئەمەی دەنواند کە ئەو کچە بەڕادەیێك پەلەی کردووە تەنانەت نەیتوانیوە کراسەکەی خۆی داکەنێ. هەردوو گەیشتنە دەریاچەکە و بەکەناردا دەڕۆیشتن گەیشتنە شوێنێ هەندێ لە ڕۆخەوە دوور بوو، ئەندریێ لە پێشەوە دەڕۆیشت، لە جێیەکەی وەستا، چاوەڕێی گەیشتنی ناتالیای دەکرد. بێ ئەوەی چ قسەیێك بکات، گۆزە شەرابەکەی خستە نێو سەبەتەکەی ناتالیا و پاشان دەستەکانی لە کەمەرەی ئاڵان و ناتالیای بۆ شوێنێکی چکۆڵەی وشك کە دوور بوو لە ئاوەکە بەرز کردەوە.

کاتێ گەیشتنە وشکانی، ئەندریێ بۆ ماوەیێك ناتالیای لە باوەشدا بوو و چاویان بڕیبووە یەکدی. کچەکە دەستی خستە گەردنی. ئەو وەزعە لە لای

ئەواندا ئاسایی بوو. پاشان کچەی لەسەر زەوی دانا و سەبەتەکەی لە دەست سەند. هەردوو لە ژێر سێبەری ئەو چەند درەختەی کە لەو پارچە وشکانییەدا ڕوابوون، کەوتنە پیاسەکردن. لە شوێنێکدا ئەندرێ پەستەکەکەی خۆی لەسەر زەویدا ڕاخست. ناتالیا سەیرێکی دەوروبەری کرد بەئاسپایی ئاوازێکی قۆزاقی چڕی. وردە وردە دەنگی بڵندتر و ڕەساتر دەبوو.

ئاوازەکەی ڕێکوپێك و سەری لە وشەکان دەرنەدەهێنا، تەنها ئاوازەکەی دەزانی، شانێڵەکەی کردەوە گێسووەکانی کەوتنە ڕوو.

ئەندرێ چەقۆکەی دەرهێنا و و مژولی ئامادەکردنی خۆراك بوو، دەستەکانی کێشایە قەد یەك ئەوجا کەوتە چەپڵە لێدان، ناتالیا دروست وەك سەمازانێکی شەهوانی تاتار مژولی سەماکردن بوو و بەدەوری خۆیدا دەسووڕایەوە.

ئەگەر باوکی لەو حاڵەتەدا ئەوی دیبا بێ شك دڵی دەتەقی.

ئەندرێ دەستی بە گۆرانی چڕین کرد. دەنگێکی ڕەسا و سافی هەبوو، ئاوازێکی خوێند کە شیعرەکەی دەربارەی گەنجێکی قۆزاقی عاشق بوو کە کچە تاتارێکی بەئەسپ هەڵگرتووە.

ناتالیا لەسەر ڕیتمی گۆرانییەکە سەمای کرد، چەپڵەی لێ دەدا تا بەپێکەنین و هەناسەبڕکێ خۆی خستە سەر پەستەکەکە و لە نێوان بازووەکانی ئەندرێدا خۆی گرتەوە. گەنجەکە بەئەسپایی و لە سەرخۆ کچەی بۆ باوەشی خۆ ڕاکێشا. بەو دەسماڵەی کە شەوی ڕابوردوو وەریگرتبوو و شۆردبووی، تکە ئارەقەکانی ڕووخساری سڕییەوە و پرسی:

– کچێ تۆ لە کوێ بەم جۆرە فێری سەماکردن بوویت؟ لە قەسری حاکم؟

ناتالیا سەری ڕاتەکان و بەبزەوە وتی:

– تۆ مەبەستت گاڵتەیە، بەڵام ئەم قسەیەت ڕاستە. من لە ژوورەکەی خۆمدا لە قەسر فێربووم.

ئەندریێ دەماری غیرەتی بزوا، بەتوندی پرسی:

– چ پیاویێ ئەم سەمایەی فێر کردوویت؟

ناتالیا پێکەنی و گوتی:

– مەبەستت چییە، پێت وایە من سەمای تاتا لە پیاوەوە فێر بووم؟ نەء، وا نییە.

تۆ بەهەڵەدا چوویت. من ئەم سەمایە لە زینا–ی تاتاری هاودەممەوە فێر بووم.

– ئاهـ.. ڕاست دەکەی.. زۆر بەداخەوەم پێم وابوو کە..

– بەڵێ دەزانم فکرت لە چی کردەوە

ئەندریێ بەئەسپایی کچەی بەر دا، پاشان بۆ لای خۆیەوە ڕایکێشایەوە بەڵام ناتالیا گوتی:

– من زۆرم برسییە.

ئەندریێ کچەکەی بەر دا، پارچە نانێکی هەڵگرت و لەتی کرد، پارچەیێکی بەنووکی چەقۆ بۆ کچە درێژ کرد. ناتالیا سەری بەنیشانەی سوپاسگوزاری ڕاتەکان و نانەکەی وەرگرت. لە نێو بێ دەنگییەکی تەواودا نانیان خوارد. کاتی نۆشینی شەراب هەردوو سەیری یەکدییان دەکرد.

ئەندریێ سێویێکی کردە دوو بەشەوە بەشێکی دایە ناتالیا. کچە سێوەکەی وەرگرت، پاشان دەستی بۆ چەقۆکە برد و تێی ڕاما. چەقۆکە چەماوە بوو مشت و شاخی بە زیو نەخشێنرا بوو.

ئەندریێ بەئارامییەوە گوتی:

– کە دوانزە ساڵان بووم، باوکم ئەم چەقۆیەی دامێ.

– باوکت قۆزاقە؟

– پێت وایە چییە؟ دەتەوێ مەغۆڵی بێت؟

– مەبەستم ئەوەیە ئایا باوکت جەنگاوەرە و لەو چەشنە قۆزاقانەیە کە شەو و ڕۆژی خۆیان لەسەر پشتی ئەسپ دەگوزەرێنن و شمشێر دەوەشێنن تورە مووی پەلك کراو و سمێڵی درێژیان هەیە، ڕاست و چەپ پیاو دەکوژن؟

– بەڵێ ئاوهایە. ئەسڵا ئێمە ئاوهاین، منیش ئاوهام، بەڵام ئەوەیە تا نەچمە نێو جەنگەوە و بەشداری نەکەم ناتوانم تورە مووی پەلك کراوم هەبێ. ناتالیا بەلەرزێکی هەست پێکراوەوە چەقۆکەی دایە دەستی و پرسی:

– بۆ قۆزاقەکان بەم شێوەیە ژیان دەگوزەرێنن؟

– چونکە ئەم جۆرە ژیانە لەگەڵ ئێمەدا دەگونجێ. ئێمە ئازادیمان دەوێ. ئێمە کەسانی ئازادین یا بەواتایەکی دی بەر لەوەی پۆڵۆنییەکان ئێمە لە ئەستیپ دەرپەڕێنن کەسانی ئازاد بووین.

ناتالیا دەستی خستە نێو دەستی ئەندرێ و گوتی:

– تۆ توند و زبری، هەند توندی چ کەسێ باوەڕ ناکات لە هەمان کاتدا ئارام و ڕێك بیت، بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا پڕی لە نەفرەت و کینە – نەفرەت لە ئێمە دەکەی.

– کێ ئەم باسەی بۆ کردوویت؟

– باوکم. خەڵکانی دی. هەموو کەس.

– ئایا پێیان نەوتوویت بۆ تا ئەم ڕادەیە نەفرەت لە پۆڵۆنییەکان دەکەین؟

– چۆن، گوایە دەتانەوێ ئێمەی پۆڵۆنی بۆ پۆڵۆنیا بگەڕێینەوە، ئۆکرانیا بۆ ئێوە جێ بێڵین.

– چاکە.. ئەمە چ عەیبێکی تیادایە؟ ئەڵبەتە مەبەستی من خودی تۆ نییە بەڵکو پادشای ئێوەیە. پادشا و نەجیبەکانتان و سوپاکانتانە. ئۆکرانیا سەر زەمینی ئێمەیە و پۆڵۆنییەکان داگیریان کردووە.. ئەویش بەفرتوفێڵ و خیانەت.

ناتالیا بە بێ باوەڕییەوە گوتی:

– پێم وا نییە ئەم قسەیە ڕاست بێت.

– بەڕاستە؟ سەردەمێك کە پۆڵۆنییەکان وەخۆ کەوتن و قۆزاقییەکانیان تەفروتوونا کرد باوکی من لەوێدا بوو، بەچاوی خۆی کوژرانی نیوەی زیاتری دۆستانی گیانی بەگیانی خۆی بینی. ئەو بەچاوی خۆی بینیویە کە چۆن فەرهەود کران و خەرمانەکانیان بووە خۆراکی ئاگر، چۆن پۆڵۆنییەکان بە نامەردی هێرشیان بردە سەر قۆزاقییەکان.. ئایا چاوەڕێی ئەوەی پۆڵۆنییەکانمان خۆش بوێت؟ بەڵام ناتالیا.. من تۆم خۆش دەوێ. ئەم عشقە لای من شتێکی تەواوە، بەڵام جڵەوی ئیختیارم لە دەست داوە، ئامادەم گیانی خۆم لە ڕێی تۆدا ببەخشم، ناتالیا دەمەوێ بۆ تۆ، لە پێناوی تۆدا بمرم.

ناتالیا لە ڕووی ئەم ئیعترافە ڕاشکاوییەدا تووشی شەرمەزاری بوو وتی:

– ئاه.. بەڵام گوێ گرە.. ئەوان تۆیان بۆ ئێرە هێناوە دەرس و مەشقت دەدەن، پۆڵۆنییەکان دەیانەوێ لەگەڵ ئێوەدا، دۆست بن. لەگەڵ ئێوەدا.. ئەندرێ قسەکەی بڕی و گوتی:

– نەخێر.. پۆڵۆنییەکان دەیانەوێ ئێمە نەرم کەن. بمانکەنە کەسانی خوێنەوار، لە پشتی مێزدا دانیشین. ڕاممان کەن، خوی سەرکێشی و جورئەتی ئێمە نابود کەن. دەیانەوێ کارێ بکەن ئێمە باوەڕ بەوە بێنین کە پۆڵۆنییەکان نانی ئێمە دەدەن. دەیانەوێ قۆزاقییەکان لە بەر پێیاندا وەکو سەگ هەڵبەزنەوە. بەڵام ئەم کارانە هیچ سوودێکی نییە. ناتالیا ئایا

دەزانی من بۆچی هاتوومەتە ئەم شارە؟ من هاتوومەتە ئێرە تا هەموو شتێکی پۆڵۆنییەکان فێر بم، تا بتوانم ڕۆژێ لەگەڵیانا دەربەم و ئۆکرائینی ئازیز وەرگرمەوە.

ناتالیا ئایا بەپێی بۆچوونی تۆ چ عەیب لەوەدا هەیە خاکی خۆمان وەرگرینەوە.

ناتالیا بەئارامییەوە گوتی:

– نەخێر.. نەخێر.. بەڵام ئایا عەیب لەوەدا هەیە ئێوە وەکو ئێمە ڕێزتان بۆ پاشای پۆڵۆنیا هەبێ، لە سایەی ئەودا ئەژین؟ بۆ ئێوە هیچ فەرقێکی هەیە؟

– لێ گەڕێ با شتێکت بۆ باس کەم.. سەردەمێ کە قۆزاقییەکان لە جەنگدا شکستیان بەتورکان دا، پۆڵۆنییەکان خیانەتیان لە قۆزاقییەکان کرد و تەفروتوونایان کردن. بەڵام بەشێك لە ئێمە لە ئەستیپدا مانەوە. پۆڵۆنییەکان باجی قورسیان خستە سەرشانی ئەوان. هەرکەسێ باجی نەدابا کێڵگە و خەرمانەکەیان دەسووتاند. ناتالیا، ناتاشا، بەعشقی من ئەم قسانەم هەموو ڕاستن و درۆ نین. من دەتوانم ناوی ئەو قۆزاقییانەی کە بەدەستی پۆڵۆنییەکان ستەمیان دیوە بۆت بێنم.. باوکی من دووجاران هەوڵی داوە قۆزاقییەکان کۆکاتەوە تا بگەڕێنەوە بۆ ئەستیپ و شەڕخوازی دوژمن کەم کەنەوە. بەڵام لەبەرئەوەی قۆزاقییەکان بتوانن کۆبنەوە کرێگرتە و جاسوسان بەپەلە ئاگاداری سوپای پۆڵۆنییان کردووە و بەریان لە کۆکردنەوەی قۆزاقییەکان گرتووە و بەشێکی تەواویان کوشتوون. ئەوانەی مانەوە بەناچاری ڕووەو پێدەشتەکانی دەوروبەر ڕایان کردووە. ئەگەر ئەمڕۆش پۆڵۆنییەکان بزانن باوکی من تاراس بۆڵبا و شیلۆی هاوڕێی لە کوێدان، ئەوا گەلێ کەس دەنێرن بۆ کوشتنیان.

ناتالیا دەستی ئەندرێی دوورخستەوە و پرسی:

– شیلۆ کێیە؟

ئـەنـدریێ دەستـی خـۆی خستـە سەر هـەمـان ئـەو شوێنـەی کـە لـەوەوبـەر لەسەری دابوو، وەڵامی داوە:

– شیـلـۆ گـیـانـی بـەگـیـانـیـتـریـن هـاوڕێی بـاوکمـە. قـۆزاقـیـیـەکـی گـەلـێ موتەعەسیب و چالاکە. زەبەلاح و کەڵەگەتە. بەژنی حەوت پێ درێژە و جەنگاوەرێکی بێ وێنەیە. جەنگاوەرێکە جگە لە باوکی من چ کەسێ لە ڕوویدا بەرگری ناکات. پیاوێکە دەتوانێ کێردێ بۆ دووری بیست هەنگاو هەڵدات و پارچە دارێکی پێ کون کات. پیاوێکە دەتوانێت جوانوویەك لە ماینێ بزێنێ بێ ئەوەی ماینەکە هەست بەئازار بکات. ناتالیا عەشقی من لێ گەڕێ لەبەر خاتری با لەگەڵ کەسێکدا بجەنگم.

ناتالیا بەبێ حەوسەڵەییەوە گوتی:

– تۆ تکای بێ سەروبەر لە من دەکەی. چاکتر وایە ئەم باسە درێژە نەکێشێ ئەندریێ کچۆڵەکەی ماچ کرد، ماچێکی کەم تەمەن، ناتالیا ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و گوتی

– تۆ لە عەشقبازیدا گەلێ شارەزایت، گەلێ.

– نەخێر وانییە من تا ئێستا جگە لە دایك و باوك و خانەوادەم و جگە لە ئەسپەکەم کەسم خۆش نەویستووە.

لێرەدا ئەندریێ دووبارە ماچی کردەوە و ئەم ماچە درێژ بوو.

ناتالیا ئەو گەنجەی لە خۆ دوورخستەوە، دەستێکی بەنێوان قژەکەی خۆیدا هێنا ئەوجا خۆی کێشایە سەر ئەندریێ و کەوتە ماچکردنی.

هەموو شوێنێ ئارام و بێ دەنگ بوو. هەردووکیان توانییان ترپەی دڵی یەکدی و دەنگی شەپۆڵەکانی دەریاچەکە بژنەون، پاشان ناتالیا گوتی:

– ئەندریێ دڵم دەیەوێ شتی زیاتر دەربارەت بزانم. دڵم دەیەوێ.

– من ئێوە نابێزێنم، بەڵکو تۆم خۆش دەوێ، تەنانەت بەتەواوی دڵنیا

نیم ئایا نەفرەتم لە پۆڵۆنییەکانە یان نەء، هەر ئەوەندە لە منداڵییەوە منیان بەوە گۆش کردووە نەفرەت لە پۆڵۆنییەکان بکەم. من تەنها ئەستێپم دەویێتەوە و بەس ئەما.. نەء.. هەندێ پۆڵۆنی هەیە ڕقم لێیان دەبێتەوە. بۆ نموونە (پارتۆ لۆمیۆ) یەکێکە لەوان تەنانەت ئەگەر ئەو ڕۆمی بێ یان لیتوانی یا هەر شتێکی دی با، هەر ڕقم لێ دەبووەوە. هەروەها ڕقم لە قوتابییەکانە، چونکە ئەوانە هەموو ئۆروستوکراتن و ڕقیان لە ئێمە دەبێتەوە کە قۆزاقی هەژار و دەستکورتین، پاش ئەمانەش فەرماندەی بۆردرماج، واتە شازادە گریگۆری و پاشان گالیسکەچییەکەی ئێوەش.

ناتالیا لەپڕ گوتی:

– ئـاهـ .. کەمم مابوو لە بیری کەم، گالیسکەچییەکە ڕووداوەکەی دوێنێ شەوی بۆ ئەلکسی برام باس کردووە. ئەلکسیش بەدوای **تۆدا** دەگەڕێ تا کارێك بکات خەتم بەدەوردا بکێشێ.

ئەندرێ بەبێ ئەهمییەتەوە گوتی:

– من ئەلکسم بینی، چ ترسێکیشم لەو نییە.

ناتالیا سەیرێکی ئاسمانی کرد و گوتی:

– ئەلکس گەلێ بێ ڕەحمە، من خۆشم حەزم بەچارەی نایێت.

– ئەها.. تۆ بەڕووکەش پۆڵۆنیت، بەڵام مەرامی قۆزاقیانت هەیە.

ناتالیا پۆڵۆنییەکان هەموو خۆپەسەندن و خۆیان بەحاکمی موتڵەق دەزانن دەیانەوێ ئێمە نۆکەرییان بین. ناتالیا تۆ پۆڵۆنیی نیت بەڵکو تۆ کەنیزێکی قۆزاقییت.

– بەڵێ ئازیزم ڕاستە. ئێستا من بوومە قۆزاق. چەنێ خۆشم دەوێی.

– منیش تۆم خۆش دەوێ عەشقی من ناتاشا، قۆزاقی جوان.

## ١١

بارتۆلۆمیۆ مژولی پشکنین بوو، قامچییە ڕەشەکەی– کە خوێنی پێوە وشك ببوو، بەدەستەوە بوو، هۆڵی خەوتنی جێهێشت. هەرکە دەرگاکەی بەدوای خۆیدا بەست، ئەندریێ چاوەکانی کردەوە لێفەکەی لەسەر خۆی لادا ئۆستاپ–ی برای کە لەسەر تەختەیەکی تەنیشتیا خەوتبوو، چاوی بەئەندرێ، کەوت کە هێشتا جلوبەرگەکەی و تەنانەت فەروەکەی دانەکەندبوو. ئۆستاپ پرسی – ئەندرێ تۆ شێت بوویت؟ ئاخر تەواوی ئەمڕۆ لە کوێ بوویت؟

ئەندرێ گوتی:

– لەگەڵ ئەودا بووم. پێم گوتبووی ئێمە لە بازاڕی (تیوز) یەکدی دەبینین. برای بچووکم تۆ نازانی چ ڕۆژێکمان گوزەراند. ڕۆژێ بوو زمانم عاجزە و ناتوانێ تاریفی بکات.

– ئەحمەقی بێ فکر هێشتا وادەزانی لێپرسراوانی ئەکادیمیا نازانن کە تۆ ئەمڕۆ لێرە نەبوویت؟

بزانن یان نەزانن بۆ من گرنگ نییە. گرنگتریش نییە بەقامچی لێمدەن.

ئەندرێ چەمییەوە و چپاندییە گوێی براکەی

– ئۆستاپ ئەو منی خۆش دەوێ. ناتالیا منی خۆش دەوێ. هەرکە ئەکادیمیا تەواو کەین پۆشاکی ڕەهبانیەت لەبەر داکەنین دەبێتە ژنی من.

– بەڵێ دیارە تۆش دەبیتە شای پۆڵۆنیا.

– ڕاستە.. بەلام کاتێ دەبمە شا، قۆزاقییەکان پۆڵۆنیا داگیرکەن، ئەویش دەبێتە مەلیکە، ئیمپراتۆریش و خواوەندی من.

– بەدبەخت باوکمان ئەو کچە دەخاتە بەردەمی سەگەکان.

– برا گویٚ گره ئێمه یەکدیمان لە بازاڕدا بینی، میوە و شەرابمان کڕی و بەرەو دەریاچە چووین، بۆ شوێنێکی چۆڵ و دوور لە ئەغیار، لەوێدا ناتالیا سەمای بۆ کردم، سەمای تاتاری کەنیزەکەکەی فێری کردبوو. منیش گۆرانیم چڕی. پاشان خواردنمان خوارد، منیش گوڵێکم نایە نێوان قژەکەیەوە، پاشان..

ئۆستاپ قسەکەی براکەی بڕی و گوتی:

– بەڵێ دەزانم پاشان عەشقبازیتان کرد. وایە؟

– سبەینێ دووبارە دەیبینمەوە. سبەی پاش تەواوکردنی دوعا لە دەرێی کلێسادا دەیبینم.

– ئەندریێ تۆ ناتوانی لە بازاڕدا عەشقبازی بکەیت، ئەو پۆڵۆنییە بایی ئەوە نییە ئینسان لە پێناویدا بمرێ. مەهێڵە ئەم کچە لەو ڕێیەوە بەرەو نابووديت بکێشێ.

بزە کەوتە سەر لێوانی ئەندریێ. هەر لەم کاتەدا گوێبیستی دەنگی پێ بوون. بەپەلە و بەهەمان پۆشاکەکەی بەری، لێفەکەی کێشایە سەر خۆی.

دوو سەرباز و نەجیبزادەیێکی پۆڵۆنی لە بەردەم ڕاهیبێکی شاپلێتە بەدەست، هاتنە هۆڵی خەوتنەوە، نەجیبزادەکە کەس نەبوو جگە لە (ئەلکس دوبرۆڤ)ی کوڕی حوکمڕان. پاش هاتنە ژوورێ بەشمشێرەکەی ئیشارەتی بۆ قەرەوێڵەکەی ئەندریێ کرد. دوو سەربازەکە لێفەکەیان لەسەر لابرد و ئەندریێ–یان بەرز کردەوە، بەر لەوەی بتوانێ قسەیێك بکات یا کاردانەوەیێکی هەبێ، ئەندریێ–یان گوریس پێچ کرد.

ئۆستاپ لە جێیەکەی ڕاپەڕی، تەواوی قوتابیان بێدار بوونەوە و سەیری ئەم ڕووداوەیان دەکرد. یەکێك لە سەربازەکان مشتووی شمشێرەکەی کێشایە ئۆستاپ، پاش هەندێ لە هۆڵی خەوتنەوە هەردوو براکە بەرەو دەرێ پەلکێش کران.

قوتابیەکانی دی بەئیشارەتی ڕاهیبەکە لە جێیەکانی خۆیانەوە ڕاپەڕین و کەوتنە دوایانەوە. زۆری نەکێشا ئەندریێ خۆی لە ژێر زەمینێکی بێ پەنجەرەدا بینییەوە. ڕاهیبەکە لە بەردەمەوە دەڕۆیشت پاش هەندێ هەردوو براکەیان بردە ژووری زیندانەوە. ئەلکسی بەسەر ئیشارەتی بۆ سەربازێکیان کرد. ئەو سەربازە کراسەکەی ئەندریێی تا کەمەر داماڵی گوریسی لە دەوری سینەیدا ئالاند و بازووەکانی بەستەوە، ئەوجا ئەو سەری گوریسەکەی بەستە گەردنی و درێژی کردە ژێر پێیەکانی و گرێی دا. ئەندریێ چەمییەوە، و کەمەری ئازاری دەدا. لەشی لەبەر ئازاری کوشندە دەلەرزییەوە.

ئۆستاپ بەگوریسەوە بەسترابوو بێ ئەوەی بتوانێ تەکانێ بدات سەیری ئەم دیمەنەی کرد. دوو قوتابیش بە مەحکەمی چاودێرییان دەکرد. ئەوان لە ژێر زەمینی ئەکادیمیادا بوون.

قوتابیان دوو ڕیزی درێژیان لە ژێر زەمینەکە دا بەستبوو. هەریەکەیان گوریسێکی بەدەستەوە بوو، سەری گوریسەکان گرێ درابوون، هەموو قوتابیان بەرانبەر ئەو دوو برایە کینەدار بوون قەسدی خوێنیان هەبوو، بەبێ سەبرییەوە چاوەڕێیان دەکرد کە زوو دەستووری حەملەیان بدەنێ. ئەوان نەیاندەزانی کوڕی حاکم بە چ موناسەبەتێکەوە ئا وها ڕەفتار لەگەڵ ئەندریێ و ئۆستاپ دا دەکات. پاش ئەوەی (ردای) ئەندریێیان داماڵی، ئەلکسی سەری ڕاتەکان.

ئۆستاب بەهیچ جۆرێ توانای خۆ ڕاپسکانی نەبوو، چونکە دوو قوتابی بە مەحکەمی گرتبوویان و بەپارچەیێکیش دەمیان بەستبوو. ئەلکسی بەدەست ئیشارەتی کرد. دوو سەربازەکە بەتوندی گوریسەکەیان ڕاکێشا ئەندریێ تلۆر بووەوە، دروست وەك کاسەی لێهات، هەریەکە لەوانە دەیانویست پیایا بکێشن. ئەندریێ بەزەحمەت خۆی گرت تا نەقیژێنێ،

دەمارەکانی گەردنی پەنمان پێستی بەدەنی داماڵرا و خوێنی لێ دەچۆڕا.

جگە لە هەناسە بڕکێی هێرشبەران، چ دەنگێکی دی نەدەبیسترا. ئۆستاپ بەچاوی خۆی ئەشکەنجەدانی براکەی دەبینی و چ توانای ئەوەی نەبوو کارێ بکات، لە ژێر دەمبەستەوە دەینەڕاند و دەینالآند.

ئەندرێ هەوڵی دا هەڵسێ، بەلآم قوتابیان بە فەرمانی ڕاهیبەکە و ئەلکسی سەر و گوێلاکی ئەندرێیان دادەپلۆسی. لە دڵی خۆیدا گوتی:

– باوکە.. باوکە بگە دادم، فریام کەوە.. خوایە توانام بدەرێ تا هەموویان شەق کەم.. یا مەریەمی پیرۆز..

ئەندرێ تا نیوە هەڵسا، تلۆر بووەوە دووبارە کەوتەوە سەر بەردە سادەکان. دەمی بۆ هەناسە کێشان کردەوە پشتی بەهۆی گوریس و مشتەکۆڵە بریندار ببوو دەکزایەوە. ئەلکسی چووە پێشی، بێ دەربەستان شمشێرەکەی بەرز کردەوە و گوتی:

– قۆزاقی.. من تۆ ناکوژم، بەلآم کارێ دەکەم تا هەمیشە فکرم ڕەحەت بێ و دڵنیابم کە چیدی بەچاوی حیزەوە سەیری ژنی پۆڵۆنییان نەکەی.

یەکسەر ئەندرێ پەی بەوە برد کە ئەو گەنجە برای ناتالیایە، ئەلکسی بزەی تەوس ئامێزی هاتێ و گوتی:

– قۆزاق دەزانی چ دەکەم دەمەوێ لە ڕەوشتی تورکان و عەرەبەکان کە کۆیلە تایبەتییەکانی خۆیان لە حەرەمسەرا دەخەساند تا بەچاوی حیزەوە سەیری ژنەکانیان نەکەن، ئیستیفادە بکەم.

ئەلکسی پاش ئەم قسانەی بە دوو سەربازەکەی گوت:

بەرزی کەنەوە سەر پێ و ڕووتی بکەنەوە.

سەربازەکان ئەندرێیان بەرز کردەوە و گوریسەکەی دەوری کەمەر و دەستەکانی شل کردەوە تا ڕووت و قووتی کەنەوە و ئەلکسی–یش زەکەری

ببڕێ کە ئەندرێ هەستی کرد گوریسەکەیان شل کردووەتەوە، هەموو هێزێکی خۆی کۆکردەوە، دەستێکی هەواڵەی سەری یەکێ لە سەربازەکان کرد، پشتی دەستی بەدەمی سەربازەکە کەوت و دگانەکانی شکاند. ئەندرێ بەخۆشحاڵییەوە دانەوییەوە، لە چاو ترووکانێکا شمشێرە دەرپەڕیوەکەی دەستی سەربازەکەی هەڵگرت و ئەوجا خەمی ئەلکسی خوارد، ئەلکسی لە هەمان کاتدا هێرشی بردە سەر ئەندرێ و بەیغەی شمشێرەکەی شانی ئەندرێی بریندار کرد، ئەوجا کشایەوە تا بتوانێ سینەی ئەو گەنجە قۆزاقییە کون بکات. ئۆستاپ هەستی کرد چاودێرەکانی سەرنجی ڕووداوەکە دەدەن. دەستیان شل کردووە ئەمیش بەهەمان ڕق و گەرمی براکەی هەردوو دەستی بەتوندی بەرەو سینگی خۆی برد ئەم کارەی هەندە تیژ بوو هەردوو قوتابیەکە پەلە خورد بوون، چونکە هەریە کە لە قوتابیەکان دەستێکی ئۆستاپ–یان گرتبوو بۆیە کە ئەم دەستەکانی نزیك یەکدی کردەوە دوو قوتابیەکە لەگەڵ دەستیا هاتن و سەریان بەر سەری یەکدی کەوت. دەنگی سەریان وەك دەنگی دەمانچە دەنگی دایەوە. ئۆستاپ بە هەموو هێزێکی خۆیەوە و بەپشتی دەست کێشایە ژێر چەناگەی ئەو دووانە. لێدانەکە هەند توند بوو یەکێ لەو دوو قوتابیە پاشەوپاش کەوت و ملی شکا، دووەمیش لە گۆشەیەکدا کەوت، ئۆستاپ بەرەو لای ئەندرێ ڕای کرد، لە پاش و پێشەوە لە قوتابیانی پۆلۆنی هەڵدەدا خۆی گەیاندە ئەندرێ، دروست لە کاتێکدا گەیشتە لای ئەلکسی شمشێرەکەی بەرز کردبووەوە تا سینەی ئەندرێ بسمێ. ئۆستاپ بە یەك باز خۆی گەیاندە سەر کوڕی حوکمڕان. ئۆستاپ بێ ئەوەی شمشێرەکە لە مشتووەوە بگرێ، دەستی خستە سەر ناوەڕاستی تیغەکەی، بەگشت توانایەکی شمشێری چەقاندە سینەی ئەلکسی.

سەربازی دووەم لە گۆشەیێکدا گێژبوو بوو، هاتەوە سەر خۆی، بەرەو ئۆستاپ چوو. ئەندرێ تەقەلای دا گوریسەکەی لە دەوری خۆی کردەوە و

گرتیە دەست، ڕووەو سەربازە چەکدارە کە چوو، پاش چەند حەرەکەتێکی سەیر توانی بە گوریسەکە شمشێرەکە لە دەستی سەربازەکە دەربێنێ، ئۆستاپ پێی نایە سەر شمشێرەکە. ئەو دوو برایە لە تەنیشتی یەکدی وەستان، لە ناو ئەو خەڵکەدا تەنها ئەو دووە چەکدار بوون.

لەپڕ قوتابیەکان بە یەکەوە هێرشیان بردە سەریان و گوریسەکانی دەستیان ڕاوەشاند. ئۆستاپ ڕووەو دەرگای دەرێ چوو، لەوێدا بە تەواوی لەززەتەوە، مشتێکی توندی کێشایە ڕاهیبەکە و پاشان دەرگاکەی کردەوە لە هەمان کاتیشدا ئەندرێ ئەڵقەی گوریسەکەی نایە گەردنی سەربازە قەڵەوەکە بەتوندی ڕایکێشا. سەری گوریسەکەی بەدەستەوە بوو، بەرەو دەرگا ڕایدەکێشا، سەربازەکە خەریك بوو بخنکێ بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشا.

دوو براکە لەو شوێنە چوونە دەرێ. کە لە دەرگای دەرێ دەچوونە ئەودیو بە پەلە، ئەندرێ سەری سەربازە قەڵەوەکەی لادا، خۆی چووە دەرێ و سەربازەکەی کردە بەربەستی نێو دەرگاکە و گەردنی نایە نێوان هەردوولای دەرگاکە و بەگوریسەکەی گەردنی لەودیوەوە دەرگای بەست. بەم شێوەیە سەنگەرێکی چاکیان وەدەست هێنا، چونکە قوتابیەکان بەزەحمەت دەیانتوانی دەرگاکە بکەنەوە و بکەونە دوای کوڕانی تاراس بۆڵبا، چونکە سەربازە قەڵەوەکە ڕێی لێ گرتبوون و خەریك بوو بخنکێ، لەقەفرتێی دەکرد و بەڕاست و چەپا خۆی ڕادەتەکاند.

ئەندرێ سەری گوریسەکەی بەستەوە بەئەڵقەی ڕووی دیوارەکە، ئۆستاپ هاواری کرد.

– ڕووەو تەویلە بڕۆین

– گەلێ چاکە. سێ ئەسپ زین کە. هەر ئێستا پێت دەگەم.

هەردوو براکە ڕایان کرد. لە پشتەوە گوێیان لە دەنگی ناڵە ناڵی سەربازە قەڵەوەکە بوو.

## ١٢

حوکمڕانی کیڤ لە پاینی پەیژەکانی هۆڵی ڕازاوەدا ڕاوەستابوو. لە ترسی ئەو هەواڵەی کە پێیان گەیاندبوو بەدەستە ڕەنگ پەڕیوەکە موحەجەرەی ناردوانەکەنی دەگوشی. ئەو سەربازەی ئەندرێ لێی دابوو بەسەر و سەکوتی خوێناوییەوە بەرانبەر بەحوکمڕان وەستابوو، هەوڵی دەدا ناڕەحەتی خۆی بشارێتەوە و ئاسایی خۆی بخاتە ڕوو. حوکمڕان بەڕەنگ و ڕووی پەڕیو و سپی، بەئاسپایی گوتی:

– زۆر سوپاست دەکەم کە هاتی و خەبەرت دامێ، چاکترە ئێستا بڕۆیت و برینەکانت تیمار کەیت. لەم ڕووەوە من ئێوە بە کەمتەرخەم نازانم چونکە ئێوە نەتاندەزانی لەگەڵ شەیتاندا زۆرانبازی دەکەن.

سەربازەکە ڕێزی نواند و لەهۆڵە کە چووە دەرێ.

حوکمڕان سەری بەرز کردەوەو سەیرێکی ناتالیای کرد– کە لە سەر پەیژەکانا وەستابوو– بەخەفەت و ماتەمەوە گوتی:

– ناتالیا، براکەت، کوڕەکەی من ئەلکسی بەبێ ڕەحمانە لەلایەن قۆزاقییە عاشقەکەی تۆ کوژراوە.

ناتالیا گوتی:

– ئەلکسی مردووە و ئەو زیندووە! گەلێ خۆشحاڵم کە قۆزاقییەکە زیندووە. حوکمڕان بە توڕەییەوە لە پەیژەکانەوە سەرکەوت و مەچەکی کچەکەی گرت و زللەیێکی توندی کێشایە ڕوخساری. ناتالیا دەستی بەگریان کرد و باوکی پێی گوت:

– تۆ چ جۆرە کچێکی؟ چ خوشکێکی؟ چ ژنێکی خەم بۆ مەرگی براکەت ناخۆیت بەڵکو کەیف خۆشی؟

– لە بەر ئەوەی من ئەو قۆزاقەم خۆش دەوێ.

حوکمڕانی پیر بە سەرسوڕمانەوە دەستی کچەکەی بەردا و گوتی:

– چۆن جورئەت دەکەیت؟ زوو بە هاودەمەکەت (زینا) بڵێ کەلوپەلەکەت کۆکاتەوە. هەر ئەمشەو لەگەڵ چەند مەیمورێکدا دەبێ شاری کیڤ جێ بێڵی.. تێگەیشتی؟ تۆ چیدی حەقی ئەوەت نییە لێرە دا بژیت. فەرمان دەدەم تۆ ببەن بۆ (دونبۆ) تا لەوێدا لە قەسر وەك كەنیزەك خزمەت بکەیت. بەم شێوەیە سزا بدرێیت ڕەنگە ڕۆژێ بێت و بتوانم بەبێ هەستکردن بەکینە و نەفرەت بتوانم سەیری ڕوخسارت بکەم.

ناتالیا بەگریانەوە بەرەو ژوورەکەی خۆی چوو. حوکمڕان بەبێ ئەوەی لە جێیەکەی خۆی بجوڵێتەوە سەرنجی کچەکەی دەدا، ئەوجا ڕووەو ڕێسمانی زەنگەکە چوو، ڕایکێشاو چاوەڕێ بوو.

شاری کیڤ ببووە پارچەیێکی ئاگر. هەموو کەس گەورە و بچووك هەواڵی کوشتنی کوڕی حوکمڕانیان بیستبوو. بە دووای قۆزاقە ڕاکردوەکاندا دەسووڕانەوە. سەربازە سوارەکانیان بە شاپلێتەکانی دەستیانەوە شەقامەکان دەگەڕان. پەنا و پەسێویان ڕووناك دەکردەوە سەربازەکان لەگەڵ ڕاهبەکانی ئەکادیمیا هەموو شوێنێکیان دەپشکنی، سەریان بە دووکان و ماڵەکاندا دەکرد لە لایەکی دییەوە قوتابییەکانیش بەتووڕەیی و هەڵچوونەوە بەدووی ڕاکردووەاندا دەگەڕان. زەنگی کڵێسای سانت سۆفیا. زەنگی نیوە شەوی لێدا. ئەندرێ لە شوێنێکی کەناری دەریاچەکە ئەم دەنگەی ژنەوت. ئەو لە کەمینگایەکدا هەندێ سەربازی بینی، خەریکی پشکنین بوون. ئەندرێ وای فکر دەکردەوە ناتالیا خۆی دەگەیەنێتە ئێرە. بەڵام زەنگی کڵێسا ئەوەی نیشان دا نیوە شەو تێپەڕیوە و یا ناتالیا لە ڕووداوەکەی بێ ئاگایە یا ناڕەحەت بوە و نایەتە ئێرە. لەپڕ بە خەیاڵیدا هات کە جگە لێرە جارێك ناتالیای لە کڵێسادا بینیوە، ڕەنگە چووبێتە کڵێسا.

ئەندرێ بەم فكر كردنەوەیە لە جێیەكەی خۆیەوە هەڵسا، ڕووەو شار هەنگاوی نا. ئەو كاتی ڕاكردن پۆشاكی یەكێ لە قوتابیانی لەگەڵ خۆدا هێنا بوو و لەبەری كردبوو. برینەكەی دەرنەدەكەوت. ئەندرێ بەزەحمەت خۆی گەیاندە كڵێسا كاتێ كە هەندێ سەربازی بینی خۆی خستە نێو دوكانێكەوە. حەرەسەكان تێپەڕین و ئەم تێگەیشت (بارتۆ لۆمیۆ)—یان لەگەڵ دایە ئەمجارەیان سەرەڕای قامچی دەمانچەیشی پێیە..

ئەندرێ ڕووەو دەرگای كڵێسای سانت سۆفیا هەنگاوی نا و چووە ژوورێ. نیوە شەوێكی ڕۆشن بوو. ترس و سامێكی سەیر خانەی خوای گرتبوو. وێنەی مەلائیكەكان ئەمیان ڕاچڵەكاند. چ كەسێ لە هۆڵی كڵێسەكە دا نەبوو. ئەندرێ بە دڵە لەرزەوە لە بەردەم میحرابەكە دا كڕنۆشی برد و خەریكی دوعا خوێندن بوو. ئەوجا لە جێیەكەی خۆیەوە هەڵسا، ڕووەو دەرگا چوو.

دەرێ تاریك بوو، چاكتر وایە ئێرە جێ بێڵێت و ڕووەو تەویلەی ئەكادیمیا بچێت. لە وێدا ئۆستاپی برای چاوەڕێی دەكات. لەو كاتەدا مەشخەڵێ لەو سەری شەقامەوە دەركەوت. ئەندرێ چاوی بەناتالیا كەوت. ئەو كچە لە قەسر ڕایكردبوو. ڕەنگ و ڕووی پەڕی بوو بەڵام بەدیدەنی ئەندرێ خۆشحاڵ بوو. ئەندرێ بەرەو پیری چوو. لە ناردوانەكانی كڵێسا كە دەهاتە خوارێ لەپڕ دەنگی سمی چەند ئەسپێكی بیست. بە پەلە هاواری كرد.

– بگەڕێوە.. بگەڕێوە..

ناتالیا لە ناوەڕاستی شەقامەكەدا وەستا و بێ چارە مایەوە. سەربازان بەبینینی ئەمان بوونە دوو بەشەوە. دەستەیەكیان بۆ گەمارۆدانی ناتالیا و دەستەكەی دیش بۆ كوشتنی قۆزاقەكە هێرشیان برد.

ئەندرێ لە دوا پلەی پەیژەكەدا هاتە خوارێ. بێ جووڵە بەرانبەر

حـەرەسەکـان وەسـتـا، سەربـازەکـان پـێـیـان وا بـوو بـەرانـبـەر گـەنجێکـی ترسنۆکن دەستیان بەپێکەنین کرد و شمشێرەکانیان ڕادەتەکاند. یەکێ لە سوارەکـان هـاتـە پێش، گەیشتـە ئـەندرێ، چـەمـیـیـەوە تـا بـە شمشێرەکـەی بیکوژێ. بەڵام ئەندرێ سووکە قەڵەمبازێکی دا لە ژێر گەردنی ئەسپەکەوە تێپەڕی و لەغاوەکەی گرت خۆی شۆڕەوە کرد و لەپڕ بەرز بووەوە و بەو شێوەیە ئەسپەکە تەوازونی تێکچوو و کەوت و سوارەکەی هەڵدا. ئەندرێ بـەچـوسـتـی پـەڕیـیـە سەر زیـن و بـەلـێهـاتـوویـی ئـەسپـەکـەی بـەرز کردەوە. سوارەکانی دی حەملەیان بۆ برد ئەندرێ ئاگاداری ئەوە بوو ناتالیا لە لایـەن چـەنـد سەربـازێکـەوە گـەمـارۆ دراوە. بـۆیـە سەری ئـەسپـەکـەی وەرچەرخاند و فریادی سەرکەوتنی ژاپۆرۆژ–ی لە ناخی دڵەوە کێشا، بەچوار ناڵە ئەسپی ڕووەو کۆتایی شەقامەکە تاو دا و لە چاو ترووکانێکا لە چاو ون بوو.

## ١٣

شیلۆی گەورە پیاوی قۆزاقی ژاپۆرۆژ سیچ لە ژێر درەختێکی بەرزدا وەستابوو، دەستێکی کردبووە سابیتەی چاوی، سەیری دوو کەسی دەکرد کە بەزەحمەت دیار بوون لە تەپۆلکەکەی بەرانبەرییەوە بەرەو کێڵگەکەی تاراس بۆڵبا دەهاتن. پاشان سەری وەرچەرخاند و ڕووی لە تاراس بۆڵبا کرد کە خەریکی تیژ کردنی شمشێرەکەی بوو، پێی گوت:

– ئەها.. دوو بێگانە دەیانەوێ نزیك بنەوە.

تاراس بێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە، گوتی:

– ڕووەو ئەوان تەقەیەك بکە.

شلیۆ ساچمەزەنەکەی خۆی بەرز کردەوە و تەقەیێکی کرد، دوو پیاوە بێگانەکە زیاتر تاوی ئەسپەکانیان دا، چوار ناڵە بەرەو پێش دەهاتن. لەم کاتەدا بە ڕێکی بەملاو ئەولای ئەسپەکانیان دەچەمینەوە و دەچوونە ژێر گەردنی ئەسپەکانەوە، یا لە غاردا دەچوونە ژێر سکیان.

تاراس لە جێگەی خۆی هەڵسابووە سەر پێ و لە پشتی شیلۆی دۆستی ڕاوەستا بوو، بزەیێکی کرد و گوتی:

– بێگانە..! سەیرکە چ سوارێکن.. ئەوانە قۆزاقن.. بەڵام تێناگەم چ جۆر پۆشاکێکیان پۆشیوە. ڕێك وەك ژنان دەکەوە نە بەرچاو.

شیلۆ چاوەکانی خۆی تەنگ کرد و گوتی:

– دڵنیام ئەوانە کوڕەکانی تۆن.

– چیت گوت؟ کوڕانی من بە جلی ژنانەوە؟

– سەبرکە ئێستا مەعلوم دەبێ.

ئـەنـدرێ و ئـۆستـاپ گـەیشتنـە کێڵگـەکـە، بـە هـەنـاسە بـڕکێوە لـە ئـەسپ دابـەزین بـاوکیـان بـەبێ ئـەوەی سـەلام و خێرهـاتنیـان بکـات، گوتـی:

– وەرچـەرخـێ

ئۆستـاپ بـەقسـەی بـاوکـی کرد لـە دەوری خـۆیدا سووڕایـەوە، گـەلـێ سـەری لـەم کـارەی سوڕمـا. ئـەندرێ بـە بزەوە سـەرنجـی بـاوکـی دەدا. تـاراس پێکـەنـی ئۆستـاپ پرسیـاری کرد:

– بـە چ پێدەکـەنی؟

شیلۆ خـۆی تـێ هـەڵقورتـاند و گوتـی:

– چـاکتر وایـە لـە ئـاوێنـەدا سـەیری خـۆتـان بکـەن

تـاراس پرسـی:

– ئـەوەی لـە بـەرتـاندایـە چییـە؟ کراسـی ژنـانـەیـە یـا بلوزە؟ بـێ شك ئـاخر زەمـانـە، کوڕانـی مـن بلووز لـەبـەر کـەن. ئـەندرێ بـەم پۆشاکـە پێکـەنین ئـاوەرە نـاتوانـی تـەنـهـا یـەك هـەنگـاو ڕاکـەیت. گـەر وا نییـە فـەرموو بـەرەو چـاڵـەکـە ڕاکـە بـابتبینم.

ئـەندرێ بـە گـاڵتـەوە گوتـی:

– مـن تـەنـهـا لـە یـەك حـاڵـەتدا بـەرەو چـاڵـەکـە دەڕۆم تـا تـۆی تێهـاوم، جووتیـاری پیر.

تـاراس بـەخـۆشحـاڵیـەوە گوتـی:

– ئـا.. توخوا ئـەندرێ پێم بڵـێ بزانم چـۆن سواری ئـەسپ بوویت؟

– پیرەمێرد گـاڵتـەم پـێ مـەکـە.

– بـۆ گـاڵتـەت پـێ نـەکـەم؟

– چونکـە گـەر بـە مـن پێکـەنـی دینم لـە سـەر دەردەکـەوێ و دەبـێ لێت دەم، ئـەمـەیش سـەیر نییـە کوڕ لـەگـەڵ بـاوکدا زۆرانبـازی بکـات. تـۆ لادێییت،

ئەمەیشت لە نەناسینی جلەکانمدا سەلماند.

تاراس بە بزەوە گوتی:

– ڕاستە.. دەتەوێ زۆرانم لەگەڵدا بگری.

– بەڵێ.. هەرکاتێ مەیلت هەبێ.

– بە مشت.

– ئەی بە چی، سەگی پیر

تاراس بە دەوروبەری کوڕەکەی دا هات، پاشان بەشۆخییەوە مشتێکی کێشایە قەد سنگی، بەڵام ئەندرێ بەهەموو هێزێکی خۆیەوە مشتێکی کێشایە ژێر چەناگەی باوکی. تاراس لە پشت کەوتە سەر زەوی و شیلۆ دایە قاقای پێکەنین. تاراس خۆشحاڵ بوو لەوەی کە کوڕەکەی نەگۆڕاوە، وەکو جارانە هەڵسا، پەلامـاری دا و کەمەری گرت. بەڵام ئەندرێ بەدەوری خۆیدا سووڕایەوە دەستی گەیشتە سەرە تاشراوەکەی باوکی و هەردوو بەیەکەوە کەوتنە سەر زەوی لەم کاتەدا دەنگی فریاد لە هەیوانەکەوە بەرز بووەوە، دایکیان دەرکەوت و گوتی:

– خوایە.. خوایە.. دوو ساڵە یەکدییان نەبینیوە، کەچی بەم شێوەیە خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن. خەڵکینە ئاخر کێ دیویەتی کوڕو باوك لەگەڵ یەکدی جەنگ بکەن؟

ئۆستاپ چووە لای دایکی، دەستی خستە گەردنی دایکی، دەیویست ناوبژییان بکات، ئۆستاپ نەیهێشت و کێشایە دواوە.

تاراس و کوڕەکەی بە زۆرانەوە گەیشتنە نزیکی چاڵە ئاوەکە، لەوێدا هەردوو تلۆر بوونەوە، بەجارێ هەردوو بێ حەرەکەت بوون، دەستی یەکدییان گوشی و یەکدییان لە ئامێز گرت.

تاراس بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– مەعلووم بوو هونەری جەنگتان لە یاد نەکردووە. ئێستا لێگەڕێن با هەردووکتان ماچ بکەم.

پاش ئەم قسەیە هەردوو کوڕەکەی ماچ کرد، دەیکێشایە قەد پشتیان بە ئۆستاپی گوت:

– کوڕە.. تۆ چۆنی.

ئۆستاپ پێکەنی، پێی وابوو ئێستا نۆرەی ئەمە زۆرانی لەگەڵ بگرێ. بەڵام دایکی مناڵان هاواری کرد.

– ئاهـ.. ئەندرێ تۆ برینداری.؟

هەموویان سەری خۆیان بەرز کردەوە سەیری ئەندرێیان کرد، خوێن لە شانییەوە دەهات و بەسەر جلەکەیا دادەچۆڕا. ئەندرێ سەیری خوێنەکەی کرد و پاشان شانەکانی بەرز کردەوە، تاراس بەتووڕەییەوە شانی کراسەکەی ئەندرێی داماڵی، سەرنجی برینی جێ شمشێرەکەی شانی دا. شیلۆ بە سۆفیای گوت:

– ئەم برینە هی ئەم شەڕەی ئێستا نییە. ئەم برینە شمشێرە. تاراس بە چاوە تیژبینەکەی بەوردییەوە سەرنجی برینەکەی دا پاشان کوڕەکەی بردە لاوە و گوتی:

– دانیشە با بزانم.

پاش ئەم قسەیە گۆزەیێك شەرابی هێنا، بەدوو پەنجە دەمی برینەکەی کردەوە و شەرابی ئاگرینی تێ کرد، ئاگاداری سیما و ڕەنگی کوڕەکەی بوو ڕووی لە شیلۆ کرد و گوتی:

– گۆرانی بچڕە با ئەندرێ ئازارەکەی فەرامۆش بکات.

ئەندرێ بەدان جیڕکردنەوە گوتی:

– گۆرانی گرنگ نییە خەریکی کاری خۆتان بن.

تاراس بە ڕەزامەندییەوە گوتی:

– ڕاستە.. پێم بڵێ کێ تۆی بریندار کردووە؟

– کەسێکی پۆڵۆنیی.

– پارچە ئێسقانێکی شکاو لەناو برینەکەدایە، بەڵام هەند گرنگ نییە.. ئۆستاپ هۆ و . هەندێ مووی کلکی ئەسپم بدەنێ.. چاکە.. بڵێ بزانم ئەو کەسەت کوشت یا نەء؟

– براکەم کوشتی

تاراس بە ڕەزامەندییەوە سەری ڕاتەکاند. مووی کلکی ئەسپەکەی لە دەستی ئۆستاپ وەرگرت دەمی برینەکەی زیاتر کردەوە مووەکەی خستە نێو برینەکە و پارچە ئێسقانە شکاوەکەی پێ دەرهێنا، زیاتر شەرابی داچۆڕاندە نێو برینەکە و پرسی:

– بڵێ بزانم لەسەر چی جەنگتان کرد؟

– لە پێناوی ژنێك

تاراس بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

– ژنێك..!

– بەڵێ

تاراس مۆمێکی هێنا و بە ئاگرەکەی شاپڵیتەیەك کە بەسەر دیوارەکە چەسپا بوو، داگیرساند و گوتی:

– حەتمەن ئەو ژنە پارچەیێکی نایاب بوو.

– ڕاستە وابوو.

تاراس مۆمە تواوەکەی تێکەڵ برینەکەی کرد و لەگەڵ شەرابەکەدا ئامێتەی کرد. بەجارێ شانی ئەندرێ ئاگری تێ بەر بوو. ئێسپرتۆی شەرابەکە گڕی گرت. گڕی ئاگرەکە تا مووەکانی سەری ئەندرێ بەرز

بووەوە. ئەندریێ کەوتە سەر زەوی و لە خۆ چوو. تاراس سەیرێکی کرد و بەغرووڕەوە بە شیلۆی گوت:

شیلۆ چۆن بوو؟ دیت چۆن لەگەڵ مندا جەنگی دەکرد؟ بەبرینەکەی سەرشانییەوە مەردانە لەگەڵما دەجەنگا. قۆزاقییەکی کامڵ و ڕەسەنە.

شیلۆ وەڵامی دایەوە

– بەڵێ زۆر چاك بوو. دڵم دەیەوێ ئەو ژنە ببینم.

تاراس ڕووی لە ئۆستاپ کرد و پرسی:

– بڵێ بزانم ئەو ژنەی کە ئەندریێ لە پێناویا بریندار بوو، جوانە؟

– پۆڵۆنییە

تاراس بە جەسارەتەوە گوتی:

– کوڕم بەم شێوەیە یادی مەکە. ژن هەر ژنە. سەردەمێ ئیستیڤانی پیر لەگەڵ کەنیزێکی تاتاردا.. دەی ئەوەندە گرنگ نییە. تاراس گۆزە ئاوێکی هەڵگرت و پژاندییە سەر ئەندریێ. کوڕە لاوەکە وەخۆ هاتەوە. باوکیشی پێی گوت:

– کوڕۆ.. تۆ گەلێ بەچاکی دەجەنگی وەك لەگەڵ مندا جەنگای ئاواش لەگەڵ پۆڵۆنییەکاندا بجەنگێ قەسەم بەخوا یەك کەسێکیان بە زیندوویی نامێنێتەوە.

ئەندریێ بەبێ حاڵییەوە زەردەیێکی هاتێ.

ئەو شەوە لە ماڵەکەی تاراس بۆڵبادا کرابە ئاهەنگ. تەواوی قۆزاقییەکان کە لەو دەوروبەرە دا ژیانیان دەگوزەراند هاتبوونە ماڵەکەی بۆڵبا و بەشداری ئەو ئاهەنگەیان کرد. ژووری چکۆڵە پڕ لە میوان هەموو پۆشاکی جەنگییان پۆشیبوو پووتی سوور و شەرواڵی پان و خەنجەر و چەقۆ و دەمانچەیان لە خۆ بەستبوو. دەیان نەڕاند، دەیانخوارد و قلیانیان

دەکێشا، پێدەکەنین و دەجەنگان و جنێویان دەدا.

میوانییەکەی بۆڵبا بەبۆنەی کوڕەکانیەوە بوو. ژنان لە پشتی دیواردا وەستابوون و جامی ئامادەبووانیان پڕ دەکرد.

بانجۆنژەنێکی کوێر پەنجەی بەسەر ژێکاندا هێنا و ئاوازێکی غەمناکی قۆزاقی خوێند. ئاوازێکی گەلێ حەزین بوو و شیعرەکەی هەموو ئامادەبووانی هێنایە گریان. ئاواز خوێن گەلێ ئاوازی دی چڕی. بەجۆرێ بوو هەموو میوانان چاوە تەڕبووەکانی خۆیان سڕییەوە.

لە سینی گەورەدا میوەی جۆراوجۆر هێنرا، پاشان قازی سوور کراوە کە سکیان پڕ کرابوو لە سێو، دران بە میوانەکان، پاشان چێشتی کەلەرم و هەنگوین و مورەبا و ماسی و پەنیر و قارچك و شتی تریان خستە سەر سفرە.

قۆزاقییەکان مەست بوون. بانجۆژەنە نابیناکە ئاوازێکی سەمای چڕی و مەیدان بۆ پیاوان کرایەوە گرووپێ چوونە ناوەڕاست و دەستیان بە سەماکردن کرد. پاش سەماکردن شیلۆی توند و مەند لە جێیەکەی خۆی هەڵسا و گوتی:

– بە سەلامەتی ئەندرێ و ئۆستاپ، کوڕانی تاراس بۆڵبا دەخۆینەوە.

هەموویان جامەکانیان هەڵدا. تاراس بۆڵبا دەستی خستە ملی ئەندرێ و پرسی:

– ئەو ژنە کێ بوو پێم بڵێ؟

ئۆستاپ شانازی بە عشقی براکەیەوە دەکرد وەڵامی دایەوە:

– کچی حوکمڕانی شاری کیڤ بوو.

تاراس ڕووی لە سۆفیای هاوسەری کرد– کە جامەکانی پڕ دەکرد لە مەی– وتی:

– حـورمـیٚ گـویٚت لـیٚ بوو.. گـویٚت لـیٚ بـوو؟ کوڕەکەت عـاشقـی کـچـی حوکمڕان بووە شیلۆ سەری بردە پێشی و گوتی:

– دەربـارەی ئەو کچە هـەندێکمـان بۆ بـاس کە. قەڵافەتی چۆن بوو؟

ئەندریٚ بۆ ئەوەی کۆتـایی بـەم بـاسە بێنیٚ، گوتی:

– چ فەرقیٚ هـەیە کە ژن هـەر ژن بیٚ.

شیلۆ گوتی:

– دروستە ئەسپیش هـەر ئەسپە بەڵام ئەسپ هـەیە و ئەسپیش هـەیە.

– ڕووداوێك بوو تێپەڕی. دووان دەربـارەی ئەوە چ فـائیدەیێکی نییە.

تـاراس بـە توندی گوتی:

– قۆزاقی نـاهێڵیٚ جنسی ژن فکری تێکدات.

تـاراس چـاوێکی لـە شیلۆ داگرت. پـاشان هـەڵسا و دوور کەوتـەوە. شیلۆ دەستی بە سەمـاکردن کرد، هـەموویـان چەپڵەیـان لیٚ دەدا و گۆرانییـان دەچڕی، ئـارەقیـان دەردەدا و تـاراس لـە بـەردەرگـاوە نـەڕاندی.

–ژاپۆرۆژ

هـەموو خـامۆش و بێدەنگ بوون. دیدەکان ڕووەو بۆڵبا ئەبڵەق بوون.

دوو ئـەسپـی سپـی لـە ئـەسپـەکـانـی تـاراس سەریـان هـێنـایـە ژووری دووکەڵاوی، تـاراس ئەسپەکانی هێنایە ژووریٚ و نـاوی کوڕانی خۆی هێنـایە سەر زمـان. هـەموو تێگەیشتن مـەسەلە چییە، بەرەو پـاش کشانـەوە کوڕانی بۆڵبا هـەڵسانە سەر پیٚ و بەرەو پێش چوون.

ئـەنـدریٚ گـەلـیٚ بـە حـەزەوە سەیـری ئـەسپـەکـانـی دەکرد. ئۆستـاپ بـە سەرسوڕمـانەوە تەمـاشای دەکردن. تـاراس ڕەشمەکانی بەرەو ئەوان درێژ کرد و بەگریەوە گوتی:

– ئەم ئەسپـانە بەنـاوی دیـارییەوە لە بـاوکتـان قبوڵ بکەن.

ئیستیڤانی پیر بێ دگان بەرەو پێش چوو، شمشێرەکەی هەڵکێشا و گوتی:

– کڕنۆش بەرن

دوو گەنجەکە وەك ئەوەی بڵێی بەرانبەر کەشیش یا شا وەستاون، کڕنۆشیان برد. ئیستیڤان بەدەنگە بێ هێز و لەرزۆکەکەی خۆی گوتی:

– من بەتەمەنترین قۆزاقی زیندووم بەڵام حەز ناکەم و نامەوێ لە ناو نوێندا بمرم. ئێستا بەهاتنی ئێوە ئومێدەوارم جەنگ بەرپا بێ تا لەو جەنگەدا بکوژرێم. بۆ نێو کۆمەڵەی برایانی ژاپۆرۆژ بەخێر هاتن.. ڕەنگە خوای گەورە ئێوەی بۆ نابوودی دوژمن ناردبێ.

هەموویان هورایان کێشا و کڵاوەکانیان هەڵدایە هەوا و پێیان دە کوتایە سەر زەوی. دوو گوللە گەیشتە گوێ. هەموو ئامادەبووان پەلاماری چەکەکانی خۆیان دا.

لەم کاتەدا دوو قۆزاق کە هێشتا دووکەڵ لە لوولەی دەمانچەکانیانەوە دەردەچوو، هاتنە ژوورێ. یەکێکیان گوتی:

– ئێمە بەدوای تاراس بۆڵبا، سەرداری قۆزاقییەکان ئۆمانسکی..

تاراس بەرەو لای ئەوان چوو. لە کاتێکدا ئەوانی لە ئامێز دەگرت بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– ئاه.. ئێوەن.. (فی لی)، (کارژ) گەلێ بەخێر هاتن. ئێوە لە کوێوە پەیدا بوون؟

ڕێك بیست ساڵی ڕەبەقە یەکدیمان نەبینیوە. چ خۆش بەختییەکە.

پاشان تاراس ڕووی لە ئامادەبووان کرد و گوتی:

– بەڵێ چ بەختەوەرییێك لەمە باڵاترە کە پیاو کوڕەکانی بۆ بگەڕێنەوە و دۆستە گیانی بە گیانییەکانیشی بەرەو لای بێنەوە.

فی لی کە تازە ڕووبەڕووی دۆستە کۆنەکەی ببووەوە، سەراپای کوڕەکانی دابووە بەر زەین و گوتی:

– ئەمانە تووتکەکانی تۆن؟

کارژ بەهێز تەماشای ئەسپەکانی دەکرد و گوتی:

– چ ولاخی جوانت پێشکەش بە کوڕەکانت کردووە. بەڵام ئەمانە بۆ من گەلێ چکۆڵەن ناچارم بەپشت هەڵیانگرم.

ئەندرێ سەیرێکی ئەو خێوە بێ شاخ و کلکەی کرد و گوتی:

– ئەگەر ڕاست دەکەی فەرموو خۆیشت بچۆ سواری ئەسپەکەت بە.

ئەندرێ نیشتە سەر پشتی ئەسپی بێ زین، کارژ چووە ژێر سکی ئەسپەکە و هەردوو دەستی بڵاوکردەوە و خۆی ڕاست کردەوە و ئەسپ و ئەندرێی بەرز کردەوە. دەنگی پێکەنینی ئامادەبووان بەرز بووەوە. کارژ ئەسپەکەی دانا و لە ژێر سکی هاتە دەرێ. ئەندرێ سەری لەم هەموو هێز و توانایە سووڕمابوو. لە ئەسپەکە دابەزی. کارژ گۆزە شەرابێکی لە دەست ژنە ساقییێك وەرگرت و نایە سەر. فی لی ش جامێ شەرابی لە دەست سۆفیا وەرگرت، بەدەنگی ڕەسا و گڕەوە و گوتی:

– ئێستا کاتی ئیشکردن هاتووە. کاری دیمان لە بەر دەمە. هاوڕێیان تورە مووی خۆتان لە ژێر کڵاو دەرخەن! ساڵەهایە ئێمەی قۆزاقی بەپێی بڕیاری خۆمان تیغمان نەهێناوەتە سەر. مووەکان دووبارە درێژ بوونەوە، وەکو جارانیان لێ هاتووە. ئێستایش دەبێ مووی قۆزاقی خۆمان بخەینە ڕوو. ئیدی پێویست ناکات شمشێرەکانتان بۆ نان بڕین بەکاربێنن. دەبێ خەنجەرەکانی خۆتان تیژ کەن. تاراس بۆڵبا پرسی:

– مەبەست چییە؟

فی لی وەڵامی دایەوە:

– سەرکردەی ئێمە بەیداغی زێڕینی فریشتەی مەزنی بەرز کردووەتەوە.

سەرکردەی ئێمە هەموو قۆزاقییەکانی ئامادە کردووە. هەموویان چەکدار دەکا. قۆزاقییەکان، ئێمە دەست بە جەنگ دەکەینەوە.

دەنگی (بژی ژاپورۆژ) بەرز بووەوە.

تاراس بۆڵبا گۆزەیێك شەرابی هەڵگرت و خستیە نێو سۆپاکەوە. ئەوانی دیش گۆزە و پەرداخەکانیان شکاند. تاراس گازی کرد.

– ئەریٚ ژنان.. پەرداغی نوێمان بۆ بێنن. دەبیٚ لە پەرداغی نوێدا لە سەلامەتی سەرکردەی خۆشەویست ئیڤان میخائیلۆڤیچ می کۆلا، مەی بنۆشن. پێم بڵیٚ بزانم بە هەڵەدا نەچووم. سەرکردەمان می کۆلایە؟

– هەر ئەوە و می کۆلا وەك پێشوو شاد و سەلامەت و بەهێزە. ئامادەیە بۆ ڕابەری قۆزاقەکان.

هاوڕێیان یەکدییان لە ئامێز دەگرت، دووبارە مەی نۆشی دەستی پیٚ کردەوە. هەموو شاد بوون سەمایان دەکرد و پێدەکەنین.

کاتیٚ ئەندریٚ و ئۆستاپ چاویان بۆ ژیان هەڵهێنا، قۆزاقییەکان هەر یەکە لە پەنایێکدا ژیانی ئارامی خۆیان دەگوزەراند. تا ئەم کاتە سیمای ڕاستەقینەی قۆزاقییەکانیان نەبینیبوو. گەلیٚ سەریان سووڕمابوو.

قۆزاقییەکان بیست ساڵی ڕەبەق لە دێهات و کێڵگەکاندا ژیانیان بەسەر دەبرد و چاوەڕێی ڕۆژێکی ئاوهایان دەکرد، ڕۆژێك کە دووبارە سەرکردە کۆیان دەکاتەوە تا دژ بەدوژمن، دوژمنیٚ نیشتمانیانی داگیر کردووە هێرش بەرن. گەلیٚ کەیف خۆش و شاد بوون.

ئەندریٚ و ئۆستاپ کە بینییان بوونەتە بەشێکی قۆزاقییەکان و لەم زووانەدا جەنگ دەست پیٚ دەکات بە خۆشحاڵییەوە گوتیان:

– چ کاتیٚ لەشکر ساز دەدەین؟

– بڕیارە تەواوی قۆزاقییەکان، تەواوی ئەوانەی کە بیست ساڵ لە

مەوبەر بە یەکەوە بووین هەروەها قۆزاقە نوێیەکان، ئەوانەی لە سەرەتای مانگی دووهەمی هاوین، یانی دە ڕۆژی دی لە (چی گی رین) کە کەوتووەتە سەر زێی (دونبۆ) بگەنە یەك و کۆبوونەوە ساز دەن. بۆ هەموو ئەوانە پەیام نێردراوە.

(فی لی پن کو) پاش ئەم قسانە ڕووی لە ئیستیڤانی پیر کرد و گوتی:

– پیرەمێرد هێشتا زیندوویت؟ شمشێرە کۆنەکەت تیژ کەوە تا وەك قۆزاقییەکی ڕەسەن بمری.

ئیستیڤان گوتی:

– ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە ساتێ بەر لە ئێستا ئارەزوویم دەکرد

ئەندرێ خۆی تێ هەڵقورتاند و گوتی:

– بەڵام ئێمە دەبێ لەگەڵ چ کەسانێکدا بجەنگین؟ کێیە دوژمنمان؟

بۆڵبا گوتی:

– جگە لە پۆڵۆنییەکان دوژمنمان نییە. هێشتا برینەکەی تورکان تەواو سارێژ نەبوونەتەوە. ئێمە دژ بە پۆڵۆنییەکان دەجەنگین.

فی لی سەری ڕاتەکاند. ئیشارەتی کرد کە ئەوانەی بۆ نابوودی پۆڵۆنییەکان شەرابیان دەنایە سەر بێدەنگ بن ئەوجا گوتی:

– نەء.. هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە لەگەڵ پۆڵۆنییەکاندا بجەنگین.

تاراس هەندێ لە شمشێرەکەی خۆی هەڵکێشا و پرسی:

– ئەی دەبێ لەگەڵ چ کەسانێکدا بجەنگین؟ لەگەڵ دۆستەکانی خۆمان؟

– شای پۆڵۆنیا پێویستی بە سوپایێکی دە هەزار قۆزاقییە و لە ژێر ئالای فریشتەی مەزن، گەورە پیاوان و سەرکردەکانی ئەم سوپایە خودی قۆزاقییەکانە. کرێی چاکمان دەداتێ، دەسکەوتی جەنگیش بۆ خۆمانە. بەڵێ شای پۆڵۆنیا سوپایێك لە قۆزاقییەکان بە کرێ دەگرێ تا لە جەنگەکانی بالتیك بەشداری بکەن.

ئەندرێ پرسیاری کرد:

– ئەدی پاش تەواوبوونی جەنگ چ دەبێ ؟

– کاتێ جەنگ تەواو بوو، ئێمە کوژراوەکانی خۆمان لە گۆڕ دەنێین شمشێرەکانمان دەشۆین و دەسکەوتەکانمان دەژمێرین. بۆ لەمە زیاتر چیدی هەیە؟

ئەندرێ بەبێ ئاگایی و بەبێ ئیختیاری، لاسایی باوکی کردبووەوە، دەستی نابووە سەر مشتووی شمشێرەکەی گوتی:

– لە ڕابوردوو دا قۆزاقییەکان بۆ پۆڵۆنییەکان جەنگیان کرد و شکستیان بە تورکان دا بەڵام پۆڵۆنییەکان چ ڕەفتارێکیان لەگەڵ قۆزاقییەکاندا کرد، کۆلۆنێل (فی لی پن کو) ئایا ئەمەت فەرامۆش کردووە؟

– چی؟ من فەرامۆشم کردووە و تۆ لە یادتە؟ بەچە گیان تۆ ئەو زەمانە هێشتا نەهاتبوویتە دونیاوە، بەڵام دەزانی بۆ من حەز دەکەم لە پاڵ شای پۆڵۆنیا لە جەنگەکانی بالتیك بەشداری بکەم؟ بیستوومە هەرێمەکانی بالتیك گەلێ دەوڵەمەندن، تەنانەت جامی ئاو خواردنەوەیان زێڕە، کەفەڵی ژنیان هەندەی کەفەڵی ئەسپێکە. بەخوا کە فکریان لێ دەکەمەوە وەچوڕکە بە گیانما دێ.

ئەندرێ پرسی

– کاتێ کە لە جەنگ دەگەڕێنەوە. لە ئەستیپ چ دەمێنێتەوە؟

تاراس کە دەبینی کوڕەکەی بەرانبەر ئەو جەنگاوەرە دنیادیدەیە وەستاوە و قسەی دەداتە بەر قسە چاوێکی لە شیلۆ داگرت، فی لی بە ناخۆشییەوە گوتی:

– پرسیار.. دیسان پرسیار.. ئایا پۆڵۆنییەکان تەنها ئەم شتەیان فێر کردوون؟

ئەندرێ بە تەڵخییەوە گوتی:

– ئێستا بەئێوە دەڵێم کە ئێمە لە پۆڵۆنییەکانەوە چی فێر بووین! ئێمە تێگەیشتووین کە قۆزاقییەکان لە بەر چاوی پۆڵۆنییەکاندا کەسانی بێ شعوور و وەحشین و دەبێ پێی پۆڵۆنییەکان، ماچ کەن. وەك کۆیلە بۆ پۆڵۆنییەکان  بجەنگن. قۆزاقییەکان بای ئەوە قیمەتیان نییە بتوانن لە شەقامەکاندا لەگەڵ پۆڵۆنییەکان پیاسە بکەن، یا قۆزاقییەك ئەوەندە قیمەتی نییە بتوانێ سەیری ژنێکی پۆڵۆنی بکات یا لەسەر زەمینی خۆیدا حوکمڕانی بکات. ئەمە ئەو شتانەیە کە پۆڵۆنییەکان شەو و ڕۆژ بەقەمچی و فەلاقە و مشت فێریان کردین. پیری گەوج تێگەیشتی؟ ئەگەر قسەیێك هەیە بیڵێ تا بتدوورمە قەد دیوارەکەوە.

فی لی پن کو سەیری سەراپای کوڕەکەی تاراسی دەکرد. بە زەردەخەنەوە وتی :

– تۆ قۆزاقی.. قۆزاقییش هیچ کاتێ پرسیار ناکات. بەڵکو فەرمانی سەرکردە ئەنجام دەدات.

– بەڵام باوکم بەجۆرێکی دی پەروەردەی کردووم.

هەردوو بەتوندی و ئیهانەوە قسانیان دەکرد، دەیانزانی لەگەڵ یەکدی ناجەنگن، ئەمە تەنها شەڕە قسەیە و بەس.

تاراس بێدەنگ بوو.لە ناخی خۆیدا نەخشەی دی دەکێشا. ئەو دەیزانی حەق بەکوڕەکەیەتی. قۆزاقییەك..

قۆزاقییەك بە هیچ جۆرێ خزمەتی پۆڵۆنییەکان ناکات!

## ١٤

سێ ئەسپی زین کراو لە کێڵگەکەدا بوون. سۆفیا لەبەر دەرگادا وەستابوو، سەیری تاراس بۆڵبای مێردی دەکرد کە پۆشاکی پۆشیبوو، بە چەکی جۆرا و جۆرەوە لە ماڵێ دەرچووە دەرێ. ئەندرێ و ئۆستاپ پاش باوکیان هاتنە دەرێ. تاراس بەرانبەر هاوسەرەکەی وێستا، بەبێ سەبرییەوە ئەوی بەخوا سپارد و ناوچەوانی ماچ کرد و گوتی:

– پیرێژن نابێ کات بەفیڕۆ لە دەست دەین، خوا حافیزی لەگەڵ مناڵەکانتا بکە.

تاراس پاش ئەم قسەیەی ڕووی لە هەردوو کوڕەکەی کرد – کە هەردووکیانیش پۆشاکی جەنگییان لە بەردابوو– گوتی:

– پەلەکەن سواربن بابڕۆین. دایکتان خوا حافیزی لێ کردن؟

پیرێژن دەستی ڕووەو تاراس– کە سواری ئەسپەکەی دەبوو–درێژ کرد و گوتی:

– وەك لاوان دەچێتە جەنگ، پیاوان بکوژێ.. کوڕەکانم ئیدی ئێوە لە ژێر دەستی باوکتانن. هەر کارێکی بیەوێ بۆی ئەنجام بدەن. تەنها زیندوو بمێننەوە. من لێرەدا لەم خانووەدا چاوەڕێی گەڕانەوەتانم.

تاراس خورجینی خۆراکی خستە سەر ئەسپەکە و گوتی:

– ئیدی بەسە.. بڕۆین.

سۆفیا دەیزانی تاراس ناهێڵێ کوڕانی نزیکی دایکی خۆیان بنەوە و خواحافیزی لێ بکەن، نەبادا ناڕەحەت بن، بەدەنگێکی خەمناکەوە گوتی:

– کوڕەکانم خوا پشت و پەناتان بێت گەر کرا پەیامم بۆ بنێرن، لە حاڵی خۆتان ئاگادارم کەنەوە.

– تاراس بە پەلە گوتی:

– لە کۆتاییدا لە دووحاڵ بەدەر نییە، یا بە ئەو پەری دلاوەرییەوە دەجەنگن یا وەك سەگ دەمرن.. ئامین.. وا هەتاو بەرز بووەوە.. با بڕۆین.

هەرسێکیان سواری ئەسپەکانیان بوون. سۆفیا ڕووەو مێردەکەی ڕایکرد. لە تەنیشتی ئەسپەکەیدا وێستا. گۆنای خستە سەر پێیە بەچەکمە پۆشراوەکەی تاراس بە سەرسوڕمان و ناڕەحەتی و سەرەڕای مەیلی خۆی چەمییەوە بەتوندی و تیژییەوە دەستی برد سەری ژنەکەی ڕاکێشا، گوایە نەوازشی دەکات و لە ژێر لێوەوە گوتی:

– بەسە پیرێژن. بەسە.

تاوی ئەسپی دا و لە کێڵگەکە چووە دەرێ. کوڕان و باوك دوور کەوتنەوە سۆفیا سەیری ئەوانی دەکرد، هەرسێکیان لە تەپۆلکەکەوە سەرەوژێر بوونەوە تاراس بەرەو درەختی توندمەند کە سەردەمێ نەمامی ئەستیپ بوو، چوو.

هەڵوێستێکی کرد و سەرنجی دەوروبەری خۆی دا ئەو جا بە تووڕەیییەوە گەردەنی خۆی خوراند، بەکوڕەکانی گوت:

– خودا حافیزی بکەن لە هەموو کەس و لە هەموو جێ، لە خانوو و چاڵ، لە درەخت تەنانەت لە مەڕ و ماڵات خودا حافیزی بکەن. لە دایکتانیش، ئێوە عەجەب مناڵانی حەق نەناسن، بزانن دایکی بێ چارەتان چۆن وەستابوو دەگریا.. خودا حافیزی لە مناڵی خۆتان بکەن، ڕەنگە نەمرن و ئەم شتانە ببیننەوە، بەڵام هیچ کاتێ ئاوها نامێننەوە، لە تەپۆلکەی چوارەمدا بگەنە لای من.

تاراس پاش ئەم قسانەی بە ناڕەحەتی و تووڕەیییەوە ئەسپی تاودا. بە تەنیشتی ئۆستاپ دا تێپەڕی مشتێکی کێشایە قەد بازووی. ڕەفتارێکی نا قۆزاقیی کرد، جیابوونەوە ئەزیەتی دەدا، شەرمەزار بوو. خۆی لە چاو کرد.

ئۆستاپ دەستی بەبازووی خۆیدا دەهێنا، بە سەرسوورمانەوە گوتی:

– بذچی مشتی پێداکێشام؟

ئەندرێ بێ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، بە زەردەخەنەوە گوتی:

– برا دەزانی من تازە تێگەیشتم باوکمان زیاد پێوەندی لەگەڵ دایکمانا هەیە.

ئۆستاپ پرسی:

– بەڕاستتە؟

ئەندرێ سەری ئەسپی وەرچەرخاند و گوتی:

– وەرە با خوا حافیزی لە دایکمان بکەین، لە تەپۆلکەی چوارەم دەگەینە باوکمان.

ئۆستاپ گوتی:

– گەلێ چاکە.. بەڵام من هێشتا دڵم دەیەوێ بزانم تێبگەم، بۆچی و بە چ مەبەستێ مشتی پیا کێشام.

***

ئەو سێ کەسە تەواوی ڕۆژ چوار ناڵە ئەسپیان تاو دەدا. شەوێ بەرەو باشوور کەوتنە ڕێ و گەیشتنە شوێنێك. ئەندرێ و ئۆستاپ پێیان نەنابووە ئەو شوێنە کاتێ کە ئەسپەکانیان ڕاگرت، سەیری دەوروبەریان کرد، ئەندرێ پرسی:

ئێرە ئەستیپە؟

تاراس بەدەنگێکی پڕ لە شادی کە تا ئەو کاتە کوڕانی بەو شێوەیە نەیان بینیبوو، گوتی:

– هێشتا نەء.. سبەی دەگەینە زەوییەکانی ئەستیپ، ئێرە شوێنێکە هەر بەراورد ناکرێ لەگەڵ ئەستیپ.. ئۆستاپ ئەسپەکان ئاوبدە.

ئۆستاپ گوتی:

– گەلیّ چاکە.. تۆ جاریّ کۆتەکەی خۆت..

– تووتکە سەگ، جاشەکەر، کە من پێت دەڵێم ئەسپەکان ئاودە، دەبیّ بە پەلە قسەکەم جێبەجیّ بکەی.

ئۆستاپ گوتی:

– سەرچاو باوە.. سەرچاو کۆلۆنێل.

ئەندریّ پرسیاری لە باوکی کرد.

– گەر زەوییەکانی ئەستیپ هەند نزیکن، ئەی بۆ چ جاریّ بۆ دیدەنی ئێمەت نەهانی؟

چونکە لەگەڵ خۆدا بڕیارمان دابوو تا ئامادەی جەنگ نەبین، نابیّ سەیری ئەستیپ بکەین. تا ئەستیپ لە ژێر دەستی پۆلۆنییەکان بێت تەنها بەو شێوەیە پای تیا دەنەین. لە دەست پۆلۆنییەکانی دەرهێنین.

ئەو پیاوە دەستی خۆی بەرەو کیڤ و پاشان بەرەو وارشۆ تەکان دا.

ئەو شەوە خەوتن و بەرەبەیان هەڵسان، ئەسپەکانیان زین کرد و بەرەو باشوور تاوی ئەسپیان دا. بەر لەوەی هەتاو هەموو شوێنێك ڕۆشن کاتەوە بە هەورازێکدا سەرکەوتن. ئەستیپی بەرینیان لیّ دەرکەوت.

زەوی ئەستیپ بیّ سنوور، ساف ، لە ئاسۆوە بۆ ئاسۆ، وەك دەریاییێکی پانی سەوزی داپۆشراو بوو و نێوانی سەوزاییەکە چ کەلێنێکی تیادا نەبوو. چ شوێنەواری درەخت و خانوو و ڕووباری لیّ دیارنەبوو. چ شتیّ جگە لە ئاڵف و پووش لە ژێر پێی ئەو سیّ کەسەدا نەبوو. زیاتر لە ئەستێرەکانی ئاسمان هەزاران هەکتار، ملیۆنەها هەکتار زەوی بە پیت، لەگەڵ شەماڵدا گیاکان کەڕوێشکەیان دەکرد. دەتوت ئاوی دەریایە شەپۆلەکان دەیلەرێننەوە. ڕووپێوی ئەم زەوییە گاە خۆڵەمێشی و گاە زیوین و گاە برۆنزی دەبوو. تیشکی هەتاو لەگەڵ هەر باییێکی شەماڵدا

ڕەنگێکی پێ دەبەخشی.

ئەم هەموو جوانییە بێ وێنە بوو، بەبێ هیچ دوودڵییێك لە چ جێیەکی جیهاندا مانەندی نەبوو. تاراس ئەشکی چاوەکانی سڕییەوە، بەدڵی پڕ لە عەشقەوە وتی:

– ئای ئەستیپ. نەعلەتت لێ بێ، چەند جوانی

ئەسپی ڕووەو سەوزایی تاو دا و کوڕەکانی دوای کەوتن. کە ئەسپەکان گەیشتنە نێو سەوزاییەکە، سەریان کرد هەر شوێنە جۆرە گیایێك سەری لە نێو ئەو خاکە ڕەش و بەپیت و دەوڵەمەندەی ئەستیپا هەڵداوە. لالەی سوور و زەرد بەرچاو دەکەوتن.

تەواوی ڕۆژ بەسەر فەرشی ئەو سەوزاییە دەڕۆیشتن. لە هەندێ شوێندا پووش هەند بەرزەوە ببوون دەگەیشتنە ژێر سکی ئەسپەکان. کوڕان و باوك چەند دەقیقەیێك بەبێدەنگییەوە دەڕۆیشتن. تاراس بۆڵبا پرسی:

– پۆڵۆنییەکان لە شاردا چییان فێر دەکردن؟ ئەوەیان فێرکردوون کە بەر لە دروستبوون لەگەڵ ژندا، دەستی ماچ کەن؟ فێریان کردوون بەر لەوەی پێلاقە لە نابینایێك بدەن، چەکمەکانتان پاك کەنەوە؟

ئۆستاپ گوتی:

– نەخێر.. دەستووری زمانیان فێرکردین.

– چی؟ دەستووری زمان چییە؟

– پۆڵۆنییەکان ئەم شتانە فێردەکەن.

– پاش ئەم قسانەی ئیشارەتی بۆ خۆی کرد و گوتی:

– من پۆڵۆنیم. تۆ پۆڵۆنیت

سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و بەردەوام بوو:

– ئەویش پۆڵۆنییە.

تاراس دایە قاقای پێکەنین و گوتی:

– من سەر لەمە دەرناکەم. بەڵام گەلێ پێکەنین هێنەرە.

ئەندرێ گوتی:

– ئۆستاپ جارێکی دیش لە ئەکادیمیادا ئەم ڕەفتارەی نواند (بارتۆ لۆمیۆ)یش دایە بەر قەمچی.

– باشە ئێوە چیتان لە (بارتۆ لۆمیۆ) کرد؟

– دەمانویست کەلاکی بخەینە بەر سەگەکان، بەڵام گەلێ پەلەمان بوو و نەمانتوانی.

تاراس گوتی:

– بێ خەم بن. ڕۆژێ دێ قۆزاقییەکانی ژاپوروژ شاری کیڤ داگیر دەکەن. وەعدتان دەدەمێ ئەو کاتە (باتۆ لۆمیۆ) بەئێوە دەسپێرم.

ڕێیان دەبڕی. ئەو شەوە لە ئەستیپدا چاویان بە شیلۆ کەوت– کە سەد قۆزاق زیاتری کۆکردبۆوە و لەبەر دەمیانەوە ئەسپی تاو دەدا.

ڕۆژان تێپەڕین. لەو چەند ڕۆژەدا گەلێ لە قۆزاقییەکان پەیوەندییان کرد. هەرچەند زیاتر دەڕۆیشتن گروپی دی پەیوەندی پێوە دەکردن و ژمارەیان گەیشتە دوو هەزار کەس کە لەگەڵ تاراس بوڵبا و شیلۆدا بەرەو جێی وەعدەکەیان کە کەوتبووە سەر ڕێی (چی گی رین)، دەڕۆیشتن.

لەو شوێنەی کە بڕیار بوو لە یەکەم مانگی هاویندا تەواوی قۆزاقییەکان کۆببنەوە. قۆزاقییەکی زۆر کۆببوونەوە. پیاوانی بەهێز و زەبەلاح و کوڵەبنە، پیاوانی چەکدار دەکەوتنە بەرچاو. دەیان تۆپی برۆنزی لە سەر جادەکەدا بوو. چەندین گالیسکەی پڕ لە چەك دەکەوتنە بەر چاو. قۆزاقییەکانی ژاپوروژ لە دەوری یەکدیدا کۆبوونەوە.

کاتێ کە تاراس بوڵبا و هەزار قۆزاقی دی پەیوەندییان بە هەزاران

قۆزاقی دی کرد کە لەوێدا و  بەر لە مان ئامادە بوون. تاراس چووە لای نزیکترین شەیپوور ژەن و نەڕاندی:

– بە شەیپور ئاگاداریان کەوە هەموو لە جێیەکدا کۆبن..

شەیپوورەکان دەنگیان لێوە هات. زۆری نەکێشا گەورە پیاوان و سەرکردەکان و ڕاوێژکارانی قۆزاق لە پاڵ یەکدا کۆبوونەوە. سەرکردەی هەموویان (ئیڤان میخائیلۆ ڤیچ می کۆلا) دەرکەوت. هاتە لای تاراس بۆڵبا تا بزانێ بۆ ئەمانەی کۆ کردووەتەوە.

## ١٥

کاتێ کە دوو دۆستی دێرینی یەکدی، تاراس و می کۆلا یەکدییان بینی بێدەنگییێکی خەست باڵی بەسەر سوپای قۆزاقییەکان گرت سمێڵ و تورە مووی می کۆلا وەکو بەفر سپی بوون. بەڵام لەشی وەکو جاران توند و بەهێز بوو کە بە یەکدی گەیشتن لەسەر ئەسپەکانیان چەمینەوە تا بەمیهر و سۆزەوە یەکدی لە باوەش گرن. می کۆلا بە بزەوە گوتی:

– شوکر بۆ خوا، جارێکی دی من و تاراس بوڵبا لە تەنیشتی یەکدی ئەسپ تاو دەدەین. تەقدیر وایە کە پاش بیست ساڵ ئێمەی قۆزاقییان پەیوەندی بە یەکەوە بکەین و بچینە لای دۆستە کۆنەکان، شازادە گریگۆری هەمان شازادە کە تۆ بەشمشێر دەستێکت پەڕاند..

تاراس بوڵبا لە سەر زینی ئەسپەکەی ڕاست بووەوە، بەدەنگێکی ڕەسا و وشەی ڕۆشن و بێ گرێ گوتی:

– می کۆلا، من و کورەکانم تەنها لەبەر یەك هۆ بەرەو دونبۆ دەڕۆین ئەویش جەنگ لەگەڵ پۆڵۆنییەکان و هاوپەیمانانی ئەوان بکەین.

پاشان تاراس تفێکی ڕۆکردە سەر زەوی دەمی پاك کردەوە. می کۆلای سەرکردە سەیرێکی سوپای قۆزاقی دە هەزار نەفەری کرد و پرسی:

– تاراس بوڵبا ئایا تۆ ناتەوێ لەگەڵ قۆزاقییەکانی ژاپورۆژ هاوکاری بکەی؟

– سەرکردە لێ گەڕێ با قۆزاقییەکان خۆیان قسان بکەن

– گەلێ چاکە، بیرو ڕای ئەوان دەپرسم.

می کۆلا سەری ئەسپەکەی وەرچەرخاند بەرەو شوێنێ کە بەیداغە زێر. ڕەنگەکەی لێ دانرا بوو، چوو، بەتوندی بەیداغەکەی گرتە دەست و ڕووی

لە دە هەزار قۆزاقییەکان کرد و گوتی:

– قۆزاقییان دەنگی من دەنگی تەواوی قۆزاقییانی ژاپورۆژە. وانییە؟ قۆزاقییەکان هەموو بەیەك دەنگ گوتیان.

– ڕاستە.

دەنگیان لە پێدەشتەکەدا دەنگی دەدایەوە. سەرکردە گوتی:

– بیست ساڵی ڕەبەقە ئێمە چاوەڕێ دەکەین.. چاوەڕێ کردنێکی دوور و درێژ و کوشندە.

– سەرکردە.. ڕاستە..

– ئێستایش ئەو ڕۆژەیە کە چاوەڕێمان دەکرد! ئێمە دە هەزار کەسین دە هەزار قۆزاقی ئازا و جەنگاوەر. ئێستا دەبێ بجەنگین.

دەهەزار قۆزاقی دەیان نەڕاند:

– ڕاستە.. ڕاستە..

– شای پۆڵۆنیا کرێیەکی چاکمان دەداتێ. هەر کەسە و دوو ئەسپ و تووتن و شەرابمان دەداتێ تا لەپێناوی ئەودا بەشداری جەنگەکانی بالتیك بکەین

– خوا بەرەکەت دا.

می کۆلا سەیرێکی دەوروبەری کرد و گوتی:

– ئێمەی قۆزاقی بۆ ئەم دەسکەوتانە لە پێناوی پۆڵۆنییەکان جەنگ دەکەین. بەڵام ئەوەش بزانن یەکەم کەسێ لە گروپی ئێمە یاخی بووە و سەرپێچی دەکا لەم کاتەدا می کۆلا چاوی بڕییە تاراس بۆڵبا، بەردەوام بوو.

– تاراس بۆڵبا نایەوێ لەگەڵ برایانی قۆزاق و لە پێناوی پۆڵۆنییەکان جەنگ بکات. بەپەلە تیربارانی کەن. ئەم قۆزاقە خائینە بخەنە ژێر پێڵەقە.

هیچ کەسێ ناتوانێ سەرپێچی ئێمە بکات. هیچ کەس.

قۆزاقییەکان فریادی کەیف خۆشییان لە سینە دەرپەڕاند. لەسەر زینەکانیاندا جێی خۆیان خۆش کرد. قسەکانی سەرکردە وورووژاندبوونی. هەموو زیاتر چوونە پاڵ یەکدی، می کۆلا بەرەو تاراس چوو گوتی:

– تاراس بۆلْبا تۆ قانونی ژاپورۆژ دەزانی. خۆت بۆ مەرگ ئامادەکە. قۆزاقییەکان هەموو بەیەك دەنگ نەڕاندیان:

– مەرگ بۆ خائین.

تاراس لە بەردەم دەستەکەی خۆیدا وەستا بوو. ئەسپەکەی بەرەو پێش برد. سەیرێکی کوڕانی خۆی کرد– کە سەریان سوورڕمابوو چۆن باوکیان لە پڕ گۆڕا– پاشان بەرەو پێشتر چوو، بە بەردەم ڕیزی دەلاوەرانی چەکدارداتیپەڕی.

می کۆلا دووبارە نەڕاندی:

– ئاگر.. بیکوژن.

تاراس بەرانبەر بە یەکێ لە قۆزاقییەکان وەستا کە پیاوێکی قوچ بوو گوتی:

– تیمۆ ئەوەت لە بیرە کە عەهدت کرد شمشێر لە کەمەر نەبەستی مەگەر تەنها بۆ جەنگ لەگەڵ پۆڵۆنییەکان نەبێ؟ ئەوەت لە بیر چوو کە پەیمانت دا تۆڵە لە پۆڵۆنییەکان بکەیتەوە؟ تیمۆ چاوەکانت داخە تا خۆت نەبینی.

پاش ئەم قسانە تاراس دوور کەوتەوە. می کۆلا دووبارە نەڕاندی.

– ئاگر..

تاراس بۆڵبا بەرانبەر یەکێکی دی کە لە گەورەپیاوانی قۆزاق بوو پیاوێ بوو کوڵە بنە، گوتی:

– سامیلۆ، تۆ.. دۆستی دێرین، بۆ قسەیێك ناکەیت؟ ناتوانی قسان بکەی؟

بـەڵـێ دەزانم پـۆڵـۆنـیـیـەکـان زمـانـی تـۆیـان بـڕیـوە. بـۆیـە نـاتـوانـی بەرانبەریان بوەستی. دەنگی پرتە و بۆڵە بەرز بووەوە. تاراس هەندێکی دی بـەرەو پـێشتـر چـوو. هـەستـی کـرد کـە قسەکـانـی کـاری تـێ کـردوون. گولۆدبا قانون زانی قۆزاقییەکان بوو. بەفەرمانی سەرکردە دەمانچەکەی بەرز کردبووەوە و نیشانی لە سینەی تاراس بۆڵبا گرتبوو. تاراس گوتی:

– گولۆدبا.. بیتەقێنە.. بیتەقێنە، و بمکوژە! وەك ئەوەی نانی پۆڵۆنیانت پـێ بـکـەویّ، دەڵـێی لـە بـیرت چـووە هـەمـان شازادە گریگۆری کـە ئـێستـا دەتەویّ لە پێناویدا بجەنگی، خیانەتی لە ئێمە کرد و بەر لە هەموو کەسیّ خانوو و ماڵ و کێڵگەکەی تۆی سووتاند؟

گـولـۆدبـا دەمـانـچـەکـەی شۆڕ کـردەوە، سەری بـە نـیشانـەی ڕەزامـەندی ڕاتەکاند هەروەها تاراس بۆڵبا بە بەردەمی یەك بە یەکی گەورەپیاوانی قـۆزاقـانـدا تـێدەپـەڕی و قسەی دەکـرد. ئـەوانـیش یـەك لـە دوای یـەك چەکەکانیان شۆڕ دەکردەوە.

تاراس گەیشتە شیلۆ. ئەمیش ئەسپەکەی خۆی بەرەو پێش برد و لە تەنیشتی تاراسدا دەڕۆیشت.. تاراس گەیشتە ئیستیڤانی پیر و گوتی:

– ئـەی ئـاڵای مـوقـەدەس، تـا ڕۆح لـە لـەشمـا بـێ دەتـپـارێزم. تـۆیش ژاپورۆژییەکان بپارێزە.

تاراس لای کردەوە و گوتی:

– کولۆنێل (فی لی پن کو) وەرە پێش.

سەرداری قۆزاق هاتە پێش و سەرکردەی نویّ پرسی:

– بڵێ تا بزانم من بپارێزی یا دوژمن. ئێستا وەختی یەکالاکردنی حسابە.

فی لی وەڵامی دایەوە:

– مـن تـەرەفـداری تـۆم. بـەرەو (دوبـنـۆ) دەچین و ئـەمشەو بـۆ (شادی رۆحی) می کۆلا مەشروب دەخۆینەوە.

تاراس بە ڕەزامەندییەوە سەری ڕاتەکاند، ئەوجا کوڕە گەورەکەی گاز کرد.

– ئەندریێ وەر پێش. تۆ کوڕە گەورەی منی. لە تەنیشتی مندا شمشێر دەوەشێنی. ئیتر لە تەك یەکەوە ئەسپ تاوددەین.

ئەندریێ سەیرێکی باوکی کرد و خەمێکی قووڵ بە سیمایەوە دیار بوو. چووە لای و پێی گوت:

– باوکی من ئەوە شانازییە بۆ من کە کوڕی تۆم، گەلێ شانازم بەوەی قۆزاقییەکم و لە خزمەتی تۆدابم.

تاراس سوپاسی کرد. پاشان کەوتە ڕێ. قۆزاقییەکانی دی بەدوایانەوە ئەسپیان تاو دەدا، دەنگی سمی دە هەزار ئەسپ کردبوویە ڕۆژی حەشر. گەرد و خۆڵی بەرز کردەوە. تاراس و کوڕەکەی لە کەناری یەکدیدا دەڕۆیشتن. هەردوو کەیف خۆش بوون کە بە یەکەوەن. پاش هەندێ تاراس گوتی:

– دەزانی کە من لە ماڵێ فیرارم کرد تا پەیوەندی بەقۆزاقەکانەوە بکەم تەمەنم تەنها چواردە ساڵان بوو. ئەو دەمە می کۆلا بەڕووتی لە ژێر تیشکی هەتاو لەشی خۆی چەور دەکرد. ئەودەمە می کۆلا لەبەر چاوی مندا خێوێکی ترسناك بوو. کاتێ کە نزیکی بوومەوە و گوتم، دەمەوێ ببم بە قۆزاق سەراپای منی دایە بەر زەین و گوتی: کوڕۆ پێم وایە تۆ بۆ قۆزاقی گەلێ بچکۆڵەی؟ من وەڵامم داوە و گوتم، نەخێر پیرەمێرد من ئەوەندە گەورەم دەتوانم لووتت ببڕم. می کۆلا پێکەنی، گەلێ خۆشی بە من هات. بوومە قۆزاق. بەڵام ئەفسوس ئەم سەرکردە ئازایە مرد.

ئەندریێ لەسەرەخۆ گوتی:

– بەڵێ پیاوێکی مەزن بوو

– چاکترە بڵێی قۆزاقێکی مەزن بوو، حەز دەکەم منیش وەك ئەو لە ئەوپەڕی پیاوەتی و دلاوەریدا بمرم.

تاراس پارچە گۆشتێکی سوورەوە کراوی دووکەڵ لێدراوی لە نێو خورجینی تەنیشت زینەکەی دەرهێنا و مژولی خواردنی بوو پاشان گوتی:

– ئەندریێ من گەلێ نارەحەتم کە می کۆلا بەم شێوەیە کوژرا، من لە تەك ئەودا لەگەڵ تاتارەکاندا دەجەنگام. تورکمانەکانمان لە پێ خست. گەر ئەو نەبا بیست ساڵ لەمەوبەر نەمان دەتوانی شکست بە تورکمانەکان بدەین.

ئەندریێ سەری ڕاتەکاند و وتی:

– باوکە من بۆ می کۆلا گەلێ نارەحەتم.

– ژیان گەلێ کورتە، هەرکاتێ گۆزەی شەراب بەتاڵ بوو لایدە، کاتێ نانت خوارد قرقێنە بدە. هەر کاتێکیش کەسێکت کوشت بینێژە. کوڕۆ بیر لە ژیان مەکەوە تێگەیشتی.

ئەندریێ سەری ڕاوەشاند و تاراس بەردەوام بوو.

– ئێستا من سەرکردەم و بە دە هەزار قۆزاقەوە ڕووەو دونبۆ دەڕۆین تا دژ پۆڵۆنییەکان بجەنگین.

ئەندریێ نەجیبەکانی شاری کیڤی وەبیر هاتەوە و گوتی:

– بەڵێ.. ئەوانە فێرکەین کە قۆزاقییەکیش وەکو هەموو بەنی ئادەمێکی دییە.

– بەڵێ.. بەڵام چ پیاوێ پەیدا نابێ وەکو قۆزاقییەك بێت.

لە تەك یەکەوە دەڕۆیشتن. لە بەردەمی سوپاوە بوون و ئاڵای زێڕینیش دەشەکایەوە .

## ١٦

شازادە گریگۆری یا چلیف چووبووە تەمەنەوە. چاوەکانی وەکو پێشوو تیژ بوون بەڵام بەقووڵا چووبوون. لووتیشی چەماوەتر و باریکتر ببوو. ڕیشە سپییە درێژەکەی دەمی پۆشیبوو. جەور و ستەم و بێ ڕەحمی و دڵڕەقی لە نێو خوێنی ڕوخساریا– کە ڕوخساری سپی و سارد بوو– دەرنەدەکەوت. دەستە ڕاستە پەڕیوەکەی بە پارچە چەرمێکی ڕەش پۆشرابوو.

شازادە گویگۆری فەرماندەی سنوورەکانی پۆڵۆنیا لە تەواوی ژیانیدا پیاوێکی بێ ڕەحم و توندە تەبیعەت دەژمێردرا. لەو دەمەی کە تاراس بوڵبا بەشمشێرەکەی دەستێکی پەڕاند، ببووە یەك پارچە کینە و ڕق و جەور و ستەمکار.

شازادە گریگۆری لەسەر ئەسپەکەیدا بوو. تەواوی مەدالیا و پلەی سەربازی نابووە سەر سینەی. گەورە پیاوان و دەرەجەدارانی سوپای پۆڵۆنییش لە پشتی سەرییەوە وەستا بوون.

سوپای پۆڵۆنی بە شکۆمەندییەوە وەستابوون. هەزاران هەزار سواری چەکدار بەپۆشاکی جەنگ و قەڵغان بە دەست و کڵاو و خوودە لەسەر بەسشمشێرو نیزە و تیرو کەوان و ساچمەزەن و تۆپ ئەستیپیان داگیر کردبوو. لە پاش ئەم سوپا مەزنەوە دیوارە بەرزەکانی شاری دنبۆ کە لە شارەکانی سەر سنووری پۆڵۆنییانەوە، بەرەو ئاسمان چووبوون، لەسەر دیوارەکاندا دەیان تۆپی ترسناکی لێ دانرابوو ئامادەی تەقین بوون تا خەڵکی شار لە هێرشی ناگەهان وەئاگا بێنێ. دەروازە دارینەکان هەموو لەسەر پشت بوون. حەرەسەکان بەدیقەتەوە چاودێری ئەسپەکانیان دەکرد.

خەڵکی شار بەپیر و گەنجەوە، لە پشتی دیوارەکاندا کۆبببوونەوە. زەنگی کڵێسا دەنگی دەدایەوە. خەڵکی هەموو شاد بوون و هەڵدەپەرین لە نێو شاردا! گەلێ تاقی سەرکەوتنیان دروست کردبوو، هەموویان ڕازاندبووەوە. ئامادەبوون پێشوازی دوژمنانی کۆن و دۆستانی نوێ–یانی قۆزاقییەکان– بکەن.

شازادە گریگۆری بۆ دەرێی شارو پێشوازی قۆزاقییەکان چووبوو. ئەو گەورەپیاوانی دێی پۆڵۆنییا ئاگایان لە ڕووداوی کوژرانی می کۆلا نەبوو کە چەند ڕۆژێ لەوەو بەر ڕووی دابوو. نەیاندەزانی قۆزاقییەکان بۆ دونبۆ هاتوون تا لەگەڵ خودی ئەماندا بجەنگن. بەڵێ پۆڵۆنییەکان مەبەستی پێشوازی کردنیان هەبوو، نەیاندەزانی قۆزاقییەکان سەرکردەیێکی دییان هەیە. چیدی لە بەرژەوەندی پۆڵۆنییا ناجەنگن، لە کاتێکی ئاوها گەرمی و پێشوازی پڕ شکۆ دا بوو تاراس بۆڵبا لەگەڵ شیلۆ و ئیستیڤان پێی نایە سەر ئەستیپ، ئەستیپی مەعبود کە زەمانێ تورکمانەکانیان تێدا شکاندبوو.

لە نێوان هەردوو هێزەکەی قۆزاق و پۆڵۆنیی جیاوازیێکی گەلێ گەورە هەبوو ڕیزی قۆزاقییەکان تێکەڵ و هەرچەند ساتە و یەکێ لە قۆزاقییەکان دادەچەمێیەوە و لە خورجینی ئەسپەکەی گۆزەیێك شەرابی دەردەهێنا و دەینایە سەر، کەچی پۆڵۆنییەکان بەڕیزێکی تایبەتی وەستابوون، هیچ شتێکیان نە دەکرد بۆنی سەرپێچی لێوە بێ.

قۆزاقییەکان وەکو جاران، ڕۆژانی پێش، پۆڵاو ئاگر و شەیتان بوون قۆزاقییەکان پێدەکەنین و دەیان نەڕاند، لە خۆشییا قاقایان بوو و گۆزە شەرابیان دەنایە سەر، یا پلە گۆشتیان دەتەپاندە دەم. نزیکی سوپای پێشوازیکەر بوون.

کاتێ کە قۆزاقییەکان نزیکی شار بوونەوە. شازادە گریگۆری دەستی

بـەرز کـردەوە و ئـیشارەتـی بـۆ تـۆپـچییـەکـان دا– کـە لـەسەر دیـوارەکـاندا چاوەڕێ بوون– لوولەی تۆپەکان بکەنە ئاسمان و چەند تۆپێ بۆ بەخێر هـاتن بتەقێنن.

تـاراس بۆڵبـا سەری وەرچەرخاند، سەیرێکی هـاوڕێیانی خۆی کرد، بە بـزەوە تفـەنگـەکـەی خـۆی بـەرز کـردەوە، قـۆزاقـییـەکـانـی دیش دەمـانـچە و تفەنگەکانی خۆیـان ڕووەو ئاسمـان بەرز کردەوە. چەکوشی چەکەکانیان کێشایەوە، دەنگی تەقە مەحشەری بەرپا کرد و ئەستیپی پان و بەرینیش دەنگی دەدایەوە.

پۆڵۆنییەکان سەریان سووڕما چونکە دەنگی تفەنگ و دەمانچەکانی قۆزاقییەکان ڕەساتر زیاتر بوو لە ناڵەی تۆپەکانی ئەمان. قۆزاقییەکان بە چوارناڵە تـاوی ئەسپیان دا، گەلێ نزیك بوونەوە لە سوپای دوژمن. تاراس ئیشارەتی دا هەموو وەستان. ئەوجا لەگەڵ شیلۆ و ئەندرێ و گریشای ئالاهەڵگر بۆ دیدەنی شازادە گریگۆری کەوتنە ڕێ.

شازادە گریگۆری چاوەڕێی دەکرد پێشوازی می کۆلا بکات. بەترس و سەرسووڕمانەوە دیدەی چەقییە سەر دوژمنە دێرینەکەی. کەمی کۆلا دیار نـەبوو جلـە جـەنگـیـەکـەی خـۆی مـەحکـەمـتـر چـەسپـانـدە لـەشی خـۆیـەوە. قسەیێکی بەگوێی یەکێ لە هـاوڕێیانی خۆی چپاند. ئەو پیاوە سەیرێکی تـاراسی کرد و سەری خۆی ڕاتەکان و بەرەو سوپای پۆڵۆنیی ڕۆیشت.

کـاتـێ تـاراس بۆڵبـا گەیشتە بـەرانبـەری گریگۆری بـە زەردەخەنەوە گوتـی:

– سڵاو

شازادە گریگۆری بەهەمـان ڕەقییەوە گوتـی:

– قـــۆزاق سڵاو.. سەرکـردەکـەتـان لـە کـوێیـە؟ هـێشتـاش هـەر لـەگـەڵ سەلاتیندا قسان دەکەیت؟

تـاراس پێکەنی و گوتی:

– دەڵێی هێشتا لە بیرت نەکردووە؟

– تاراس بۆڵبا من هێشتا هەموو شتێکی ئەو سەردەمەم لە بیرە.

شازادە گریگۆری بە ورووژانەوە پرسی:

– بڵێ بزانم تەواوی ئەم ماوەیە لە کوێ بوویت؟ سەدان جاسوسم بۆ دۆزینەوەی تۆ خستبووە گەڕ، خەڵاتی پاشایانەم تەرخان کردبوو بۆ ئەو کەسەی دەستگیرت بکات.

– تاراس بەبێ دەربەستییەوە گوتی:

– بەڵێ.. یەك دوو کەس لە جاسوسەکانی ئێوە ساڵانی پێشوو منیان دۆزییەوە. ئەو بێچارانە بێهۆش بوون، بۆیە زوو، بەلاوی مردن، گورگی پیر بڵێ بزانم چ خەوێکت پێوە دەدیم؟

بەجۆرێ قسانیان لەگەڵ یەکدی دەکرد، بەڕووکەش وا دەکەوتە ڕوو کە دۆستانە دەدوێن. دەستەی پێشوازیکەرانی پۆڵۆنییەکان لە ژێر تیشکی هەتاودا ئارەقیان دەردەدا. شازادە گوتی:

– بۆڵبا ئەگەر دەکەوتیتە دەستم هەردوو دەستتم دەبڕییەوە، ئەویش گەلێ گەلێ بەدیقەت و لە ژێر چاودێری پزیشکەکاندا دەمبڕینەوە. ئەوجا تۆم بەستەری دەکرد تا تەواو چاك دەبوویتەوە ئەجا دەستم دەکرد بەئەشکەنجەدانت. ئەوەندەم ئەشکەنجە دەدای تا دەبوویتە هەندێ گۆشت و ئێسك. بەلای کەمەوە یەك دوو ساڵ بەم حاڵەوە دەمایتەوە و ئەوجا دەمردی.

تاراس بۆڵبا بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– خراپ نییە ئەگەر دەمزانی بەم شێوەیە دەمکوژی خۆم دەهاتمە بەردەستت بەڵام ئەگەر تۆ دەستی من کەوتبای ئەوا بەزیندوویی دەرخواردی بەرازەکانی خۆمم دەدای و تۆیش دەمردی. گریگۆری زەردەخەنە نیشتە سەرلێوانی و گوتی:

– قۆزاق ئەو ڕۆژانە تێپەڕین و دەبێ بیر لە ئێستا بکەینەوە. جەنگی بالتیك هاتۆتە پێشمان و لەگەڵ یەکدی هاوپەیمانین. تاراس تۆ چاك ماویەتەوە، وەك هەمان ئەو سەردەمەی بیست ساڵی بەر لە ئێستا کە هاتیتە چادرەکەم. ئێستایش گەنجی و چاپووك و بەخۆوەی، تەنها ڕوخسارت چرچ و لۆچی تێ کەوتووە.

تاراس وەك ئەوەی لەگەڵ کچۆڵەیێکدا قسان بکا، گوتی:

– پۆڵۆنیی تۆ زۆر گۆڕاوی، ناشیرینتر بوویت. هەر زۆر ناشیرین.

شازادە دەستی. بەدەسکێش پۆشراوی بەرزەوە کرد و گوتی:

– تاراس هەندێ وردەکار هەیە دەبێ ئەنجام بدرێ.

ڕیزی سەربازەکان کرایەوە، دەروازەکانی شار خرانە سەرپشت. ڕێ بۆ سەرکردەی قۆزاق واڵا بوو. کاتێ نزیکی شار بوونەوە، کچێك هاتە پێش و لەلایەن کچۆڵەکانی شاری دۆنبۆ وەخێرهاتنی کرد و ئەڵقەی گوڵێکی خستە گەردنی تاراس بۆڵباوە.

سوپای پۆڵۆنیی شمشێرەکانی خۆیان بۆ ڕێزلێنانی قۆزاقییەکان بڵند کردەوە، ئەندرێ و قۆزاقییەکانی دیش ئەم کارەیان وەئەنجام دا.

لەسەر بورجی قەسری دۆنبۆ چەند کەسێك لە شوێنێکدا وەستابوون. کەشیشی وەستاو لە ژێر لێوەوە گوتی:

– چ کەسانێکی وەحشین. جگە لە شمشێر و ژن بایەخ بەچیدی نادەن. بەڵام ژمارەی ئەمانە گەلێ کەمن. چۆن دەتوانن کۆمەکی ئێمە بکەن؟

لە تەنیشتی ئەو کەشیشە، ناتالیای کچی حوکمڕانی شاری کیڤ وەستا بوو کە بەفەرمانی باوکی کرابووە کەنیز و دوور خرابووەوە بەسەرنجی وردەوە سەرنجی قۆزاقییانی دەدا کە دەهاتنە نێو شارەوە، بەڵام لە بەر دووریی مەسافەکە نەیتوانی ئەندرێ بدۆزێتەوە و داوای کۆمەکی لێ بکات تا لە وێدا دەرباز بێ.

لە پشتی دەروازەی شار، گروپێ لە کەنیزەکان دەستیان بە سەماکردن کرد.

قۆزاقییەکان پاش هەندێ سەیر کردن بەردەوامیان بەڕێی خۆیان دا و کڵاوەکانیان هەڵدەدایە ئاسمان و دەیان نەڕاند. ئەفسەرێکی پۆڵۆنیی گەنج بێ ئاگا لە هەموو شتێ بەو خەیاڵەی کە قۆزاقییەکان بۆ کۆمەکی ئەمان هاتوونەتە نێو شارەوە، بە خۆشحاڵییەوە شمشێرەکەی بەرز کردەوە و گوتی:

– بژی ژاپورۆژ

شازادە گریگۆری ئەوەندە خۆی بە مەراسیمی پێشوازی خەریك نەکرد، بەڵکو خەریکی ژماردنی قۆزاقییەکان بوو. بە تاراس بۆڵبای گوت:

– بۆڵبا من ئێوەم ژمارد، دەڵێی لە سێ هەزار کەس زیاتر نین. بەپێی ئەو بڕیارەی لەگەڵ می کۆلا بەستبوومان قەرار بوو دە هەزار قۆزاق بۆ کۆمەکی سوپای ئێمە بێن.

تاراس بە ساردییەوە سەیری شازادەی کرد و گوتی:

– گورگی پیر دەزانی چییە؟ بڕیاری ئێوە لە ڕووی مەرگی می کۆلا چ قیمەتی نییە. خوا ڕەحم بەو پیاوە بکات.

– بەڵام ئێوە قەولی شەرەف..

– تۆیش بیست ساڵ لەمەوبەر ئەم قسەیەت کرد و گوتت، شەرەف پەیوەندی بەم کارەوە نییە. هۆ پۆڵۆنیی ئێمە بۆ کۆمەکی ئێوە نەهاتووینەتە ئەم شارە. ئێمە سەرزەمینی خۆمانمان دەوێ. خەلە و خەرمانی خۆمان دەوێ. هەروەها تۆڵەیشمان دەوێ.

لێرەدا تاراس دەستێکی بە سمێڵیدا هێنا و گوتی:

– هەروەها ئێمە شاری دۆنبۆمان وەك سەنگەرێ پێ دەوێ ئێمە

لێرەداین و لێرەش دەمێنینەوە ئەوەندەی دەمێنینەوە تا دۆنبۆ دەبێتە شاری قۆزاقییەکان.

شازادە گریگۆری بە تەوسەوە گوتی:

– ئایا بە سێ هەزار قۆزاقییەوە دەتەوێ هێرش بەری و شار داگیرکەی؟

تاراس دەستی چەپی بەرز کردەوە و لەپڕ دەنگی شەیپوور بەرز بووەوە. هەزار سوار لەگەڵ تیمۆ لە پەناگای خۆیانی لە پشت درەختە زلەکانی ئەودیو ڕووبار هاتنە دەرێ. بە نەڕەو فریاد کێشانەوە ڕووەو سوپای پۆڵۆنیی ئەسپیان تاو دەدا.

ئەفسەرە گەنجە پۆڵۆنییەکە هەر بەو خەیاڵەوە کە قۆزاقییەکان بۆ کۆمەکی ئەمان هاتوون بە کەیفی خۆشی زیادەوە گوتی:

– بژی قۆزاقییانی ژاپورۆژ

تاراس بە شازادەی گوت

پایە بەرز ئایا دەتوانیت بەرگری بکەیت؟

شەش هەزار قۆزاقی دی بە سەرکردایەتی (فی لی پن کو) لە پشت تەپۆلکەکانی ئەستیپەوە سەریان دەرهێنا. ڕووەو شار هێرشیان هێنا. دەنگی سمی ئەسپەکان مەحشەری بەرپا کردبوو. یەکەم گوللە بەو ئەفسەرە گەنجە پۆڵۆنییەکە کەوت کە هەستی خۆشحاڵی دەردەبڕی– کەوت و دەستبەجێ مرد.

تاراس بەدەنگی هەورە برووسکە ئاسا نەڕاندی:

– قوربان ئێمە لە ئێوەوە فێر بووین.

پاش ئەم قسەیە هێرشی بردە سەر شازادە گریگۆری بەڵام حمایەکەی ئەڵقەیان لە دەور بەست، فەرماندەی خۆیان لە تیغی تاراس پاراست، شازادە لەگەڵ حیمایەکەیدا بەرەو دیوارەکانی شار بە چوار ناڵە ڕۆیشتن و

قۆزاقییەکان کەوتنە دوایانەوە لەوێدا دەیان کەسی پۆڵۆنییان کوشت.

گریشای عەلەمدار بەشادییەوە ئالآکەی بڵند کردەوە و چووە نێو شار. تاراس شمشێر بەدەست لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی هێرشی دەبرد، خەڵکی شار ترس و لەرز دایگرتبوون. قۆزاقییەکان بەمیوانی هاتبوونە شار، کەچی ئەمان کەوتوونەتە بەر هێرشی قۆزاقییەکان بۆیە گەلێ تووڕە بوون.

گرووپێ لە سەربازانی پۆڵۆنیی هێرشیان هێنایە سەر تاراس بۆڵبا. ئەمیش بەزەردەخەنەوە شمشێرەکەی بەرز کردەوە، هەر لە هەمان کاتیشدا چاوی کەوتە هەردوو کوڕەکەی کە لەگەڵ هەندێ قۆزاقیی دیدا بەهانایەوە دەهاتن.

ئەندرێ بە دلاوەرییەوە دەجەنگا، دەیکوشت، هێرشی دەبرد، دەینەڕاند ترسی ئەوەی نەبوو بەرکەوێ، وەلێ ئۆستاپ تەواو کۆپی تاراس بۆڵبا بوو. بە تاراسێکی گەنج دەژمێردرا. هەند چاپووك بوو، سەر و پێی لە یەك نەدەکردەوە هێرشی دەبرد، لە ژێر گەردنی ئەسپەکە یەوە دادەهات، لەگەڵ هەر تەکانێکیا کەسێکی لەگەڵ خاك و خوێن دەگەوزاند.

کوڕان گەیشتنە باوکیان، شان بەشانی یەکدی شمشێریان دەوەشاند، سوپای پۆڵۆنییا کە ئامادەی جەنگ نەبوو، بەرانبەر دە هەزار کەسی قۆزاقیی لە پەلوپۆ کەوتبوون دەنگی فریاد، تەقەی تفەنگەکان و حیلەی ئەسپەکان و ناڵەی برینداران گوێی فەلەکیان کەڕ کردبوو.

سوپای پۆڵۆنییا بەرەو دەروازەی شار ڕایان کرد، بەشێکی زۆریان هاتبوونە ژوورێ. ئەوانەی کە لەدەرێدا ما بوون، کەوتنە چەنگ قۆزاقییەکانی فی لی پن کو. قۆزاقییەکان هێرشیان بردە سەر دەروازەکە، ئەندرێ و ئۆستاپ بەر لە هەموو چوونە ژوورێ. سوپا سوارەی پۆڵۆنیی ڕوو بەڕوویان بووەوە.

کوڕانی بۆڵبا شمشێر بەدەست ڕیزەکانی دوژمناییان دەشکاند ڕوویان لە هەر شوێنێ کردبا گروپێکیان لە خوێن دەگەوزاند.

ئەندرێ تازە دوژمنێکی توند و بەهێزی کوشت بوو، سەری ئەسپەکەی وەرگەڕاند، لەم کاتەدا سەری بەرز کردەوە و لەپڕ چاوی کەوتە سەر سیمایێکی ئاشنا کە لەسەر بانێژەی قەسری دۆنبۆدا وەستابوو. تیشکی هەتاو لەسەر گیسووە زێڕینەکانیا ڕەنگی دەدایەوە. ئەم ژنە ژنێ بوو خۆشەویستی هەبوو عاشق بوو. ئەندرێ پڕ بە دەنگی فریادی کێشا: ناتالیا.

ئەم ژنە کچی حوکمڕانی شاری کیڤ بوو. ئەندرێ لە جێیەکەی خۆیدا وشك بووەوە و چاوانی بڕییە ناتالیا. ئەو بەهیچ جۆرێ چاوەڕێی نەدەکرد لەم شارە و لە شوێنێکی ئاواهادا چاوی پێ بکەوێ. وا دەکەوتە ڕوو کە گوایە لە بیری چووە لە مەیدانی جەنگدایە و چ لە دەوروبەریدا ڕوو دەدات. ماتی و سەرسووڕمانەکەی ئەندرێ بووە هۆی ئەوەی سەربازەکانی پۆڵۆنیی لێی نزیك بنەوە. کاتێ ئەو وەئاگا هاتەوە ناتالیا قیژەی لێ هەڵسا، بەڵام درەنگ بوو چونکە سوارەکانی پۆڵۆنیی لاتەنیشتی ئەندرێیان کون کردبوو، لە ئەسپەکەی کەوتە خوارێ. ئۆستاپ لە سەریەك شمشێرە خوێناوییەکەی بەملاو ئەولادا ڕادەوەشاند. بەرەو پێش چوو ئەو سوارە پۆڵۆنییەی کە دەیویست بەنێزەیێکی دی ئەندرێ بدوورێتە زەوییەوە، ئۆستاپ ئەوی لە پێ خست. ئەوجا لە ئەسپەکەی دابەزی، جەستەی خوێناویی براکەی هەڵگرت و خستیە سەر ئەسپەکە، خۆیشی سواری بوو ڕووەو تەپۆڵکەکانی دەرێی شار ئەسپی تاو دا.

## ١٧

تــاراس و گــروپــێکــی دی هــێرشی مــەرگــبــاریــان بــردە سەر دەروازە سەرەکییەکەی شار. بەڵام دەروازەکە بەتوندی لە ڕوویاندا بەسترابوو. ئەوان لە دەرێی شاردا مانەوە...

خەڵکی تووڕەی شار پەیوەندییان بە سوپاوە کرد، ئەوەی کەوتبایە بەر دەست خۆیان پێ چەکدار دەکرد لەسەر دیوارەکانی شاردا سەنگەریان گرت. هەندێ لە ژنان مەنجەڵی گەورەیان بەرەو شوێنە بەرزەکانی دیوارەکە دەبرد و خەریکی ڕۆن داخکردن بوون. تاراس ئەم دیمەنەی بینی بەهاوڕێیانی خۆی گوت:

– پاشەکشێ بکەن لە کەناری دیوارەکانن بکشێنەوە.

تاراس گەلێ کەیف خۆش بوو. لەوەی کە توانیویەتی بەر لەوەی دەرگاکانی شار داخەن لەگەڵ کوڕانی لە شار بێتە دەرێ و بگاتە هاوڕێکانی.

ڕۆنی داخکراوەیان سەرەو ژێر کرد و بەدیوارەکاندا دەهاتە خوارێ. قۆزاقییەکان لە مەیدانی جەنگدا سەرکەوتوو بوون. بەڵام نەیانتوانیبوو بەشە بەرزەکانی دیوارەکان داگیرکەن، شار کەوتە گەمارۆی قۆزاقییەکان لە کاتێکدا ئەو دە هەزار لاسوارە بریندارەکانی خۆیان دەگواستەوە، تەرمی پۆڵۆنییەکان لە دەوروبەری شاردا مایەوە. قۆزاقییەکان کشانەوە تا لە بوردی تۆپەکان دوور کەوتنەوە.

هەموو خۆشحاڵ بوون بەوەی کەسانێکی زۆری پۆڵۆنییان کوشتووە. دەستیان بە گۆرانی چڕین و سەماکردن کرد.

گریشا کوین کوف ئالای مەزنی قۆزاقییانی لە گۆشەی تەپۆلکەیێکی

نێو مەیدانی جەنگدا چەقان و گەورەپیاوانی قۆزاق لەوێدا کۆبوونەوە.

تاراس کەوتە ژماردنی زیانی خۆیان، ئەوجا ڕووەو شار وەستا و دەستی نایە قەد دەمی خۆیەوە هاواری کرد.

– هۆو پۆڵۆنییەکان دەنگی من دەبیستن؟ ئێوە دەروازەکانتان گرت وڕێتان لێ گرتین بێینە نێو شارەوە. چاك گوێ گرن. قەسەم بەخوا ئەم وەزعە هەروا نابێت. هەر لەم ڕۆژانەدا مەجبور دەبن دەروازەکان بکەنەوەو بێنە دەرێ. تا ئەو ڕۆژەیش ئێمە لێرەدا چاوەڕێ دەکەین.

فی لی پن کو سەیرێکی ئەو دە هەزار قۆزاقییەی کرد کە لە ئەستیپ دا بە ئیسراحەت لێی دانیشتبوون، پاشان لە تاراس نزیك بووەوە و دەستی خستە سەر شانی و گوتی:

– سەبرکە تاراس.. چارەسەرمان چییە؟ دەبێ جەنگ کەین یا وەك ژنان لێرەدا چاوەڕێ بکەین؟ ئاخر چۆن ئێستا پاشەکشێ بکەین.. ؟ دەبێ هێرش بەرین؟ دەبێ حەملە بەرینە سەر دەروازەکان و بە زۆر بچینە نێو شارەوە.

تاراس دەستی ئەو پیاوەی لەسەر شانی خۆی لادا. بەساردییەوە سەیری چاوەکانی کرد کە لە خۆشی جەنگدا خوێنیان گرتبوو تفێکی ڕۆکردە سەر زەوی و گوتی:

– چوونە سەر دیوار و بورجەکان کاری ئێمەی قۆزاقی نییە. مەگەر نازانی گەر قۆزاقی ئەسپی نەبێ چ بایەخێکی جەنگی نامێنێ؟ قۆزاقی بەبێ ئەسپ ئەسڵان بەقۆزاقی ناژمێردرێ.

– بەڵام ئەمەیش کاری قۆزاق نییە گەمارۆی شار بدەین و چاوەڕێ بکەین، ئەمە کاری کەمتیار و ڕێوییە. من دەڵێم بەپەلە هێرش بەرینە سەر دیوارە سستەکانی دۆنبۆ، بەبێ شك لە چاو ترووکانێکا داگیری دەکەین.

تاراس نەڕاندی:

– بەڵام من دەڵێم لێرەدا دەمێنینەوە. ئەوەندە دەمێنینەوە تا دۆنبۆ خۆی

تەسلیم دەبێ و دەبێتە شارێکی قۆزاقی.

– شاری قـۆزاقـی؟ یـەکـەم جـارە شتـی وا دەبـیستـم! دەزانـی چ کـاتـێ قۆزاقییەکان دەبنە خاوەن شار؟ کاتێ کە سمیڵەکانم لەپشتی سەرەوە گرێ بدەم و ڕیشیشم بگاتە کەمەر.

ئەم دووە مژولی کەشمەکەشمی قسان بوون و بەردەوامییان پێ دەدا تا ئەو کاتەی یەکێکیان قسەکەی خۆی بەوی دی بەشمشێر دەسەلماند کەچی لەو کاتەدا سوارێ نزیك بووەوە بەتاراس بۆڵبای گوت:

– کۆلۆنێل کوڕەکەتان لە وێدا کەوتووە و لەسەرە مەرگدایە

تـاراس هـەنـدێ ڕەنـگـی تێکچوو، بـەڵام جگـە لـەمـە هـیـچ نـاڕەحـەتـی و شێواوێکی نەنواند، پرسی:

– لە کوێیە؟

سوارەکە ئیشارەتێکی بۆ گۆشەیێکی تەپۆلکەکە کرد و گوتی:

– لەوێدایە

تاراس بەتوندی فی لی کەنار خست و پێی گوت:

– پاشان دەربارەی ڕیش و سمێڵەکەت قسان دەکەین.. هاوڕێ.

بە پەلە بە تەنیشتی قۆزاقییەکان– کە سەرکەوتنی خۆیان کردبووە ئـاهـەنگ، تێپـەڕی نـەیدەزانـی کـام یـەك لـە کوڕەکـانـی لـە سەرەمـەرگدایـە، ئەندرێ یا ئۆستاپ؟

تـاراس وەك بـا گـەیشتـە لایـان، لـە ئـەسپـەکـەی دابـەزی، لـە تـەنیشتـی ئەندرێ دا چۆکی دادا. چەقۆکەی دەرهێنا و گوتی:

– لەسەر پێدا ڕایگرن

ئۆستاپ براکەی بەرز کردەوە و تاراس دەستی برد شوێنێکی شانی ئـەسپـەکـەی دیـاری کـرد، گـۆشتـی شانـی ئـەسپـەکـەی گوشی پـاشان بـە

چەقۆکە شەقێکی قۆڵی هەڵدڕی، خوێن لەسەر شانی ئەسپەکەوە فەوەرانی کرد. تاراس سەری ئەندریێی بەدەست گرتبوو. دەمی چەقاندە سەرشانی ئەسپەکە. ئەندرێ بە سستییەوە دەیویست سەری بەرەو پاش بێنێ. بەڵام تاراس بەتوندی ملی گرتبوو دەمی چەقاندە سەر شوێنە بڕاوەکەی و گوتی:

– بخۆرەوە.. تۆ پێویستیت بە خوێنە.

ئەندرێ بەزەحمەت توانی خوێنەکە قووت بدات، پاشان ناڵاندی و سەری وەرچەرخاند. تاراس بە ئاسپایی کێشایە سەر گۆنای، دووبارە دەمی چەقانە سەر شانی ئەسپەکە و گوشی. سەرئەنجام ئەندریێی بەرەو پاش کێشا و لەسەر زەویدا خەواندی بە ئۆستاپی گوت:

– خوێنرێژیی شانی ئەسپەکە ڕاگرە.

ڕوخساری ئەندرێ وردە وردە ڕەنگی دەهاتەوە بەر. تاراس کیسە بارووتێکی لە خورجیندا دەرهێنا، بەڵام کەڵە شاخێ کە تایبەت بوو بۆ بارووتی تفەنگ هەندێ بارووتی نایە نێو برینە قووڵەکەی لاتەنیشتی کورەکەی، پاشان خەنجەری دەرهێنا و هەندێ پووشی ئەستیپی بەخاکەوە هەڵکەند، مەشکە شەرابی خۆی هێنا، هەندێکی ڕۆکردە سەر گژو گیا و خاکەکە، قوڕێکی سووری مەیلەو خۆڵەمێشی گرتەوە، بەدەست بەسەر برینەکەیا دەهێنا. ئەندرێ لە خۆ چووبوو، تاراس بەدیقەتەوە بەقوڕەکە برینەکەی پۆشی و نەیهێشت هەوا بچێتە نێو برینەکەی. ئەوجا بەسستی و دڵنیاییەوە لە گۆشەیێکدا دانیشت، پاش چەند سەعاتێك ڕووی لە ئۆستاپ کرد و گوتی:

– گەلێ چاکە.. ئێوە یەکەمین جەنگی قۆزاقی خۆتان ئەنجام دا. کوڕۆ تۆ گەلێ بە چاکی دەجەنگی. من ئاگام لە تۆ بوو. زۆر چاك دەجەنگی، هەم بە دلاوەری و هەم بەچاو و گوێ کراوەوە.

ئۆستاپ هەندێ ڕەنگی سوور هەڵگەڕا. تاراس پانسمانی ئەندریێی

مەحکەمتر کرد و گوتی:

– ئەندرێ–ش چاك دەجەنگی. بریندارببوون بایەخی جەنگاوەر کەم ناکاتەوە.

ئۆستاپ گوتی:

وا بێ کاتی ئەوە هاتووە منیش کڵافە مووی سەر دروست کەم.

–نەء هێشتا زووە.

لەم کاتەدا شیلۆ و فی لی بەئەسپ گەیشتنە لایان و دابەزین. شیلۆ لە تەنیشتی تاراسدا دانیشت و تەماشای جۆری پانسمان کردنەکەی کرد و گوتی:

– گەلێ نایابە .. تۆ وەك ئاشپەزێ لێهاتووی.

ئەو پیاوەی لە بری ئەوەی بڵێ پزیشك، تاراسی بە ئاشپەز ناونا چونکە لە نێوان قۆزاقییەکاندا ئاشپەزکاری پزیشکیشی لە ئەستۆی بوو، بەڵام لە شوێنانی دیدا سەرتاش ئەم کارە ئەنجام دەدات.

ئۆستاپ لە نێو خەیاڵاتی خۆیدا بوو، پرسی:

– بۆ ئێمە ناتوانین کڵافە موومان ببێت؟

– چونکە من وام دەوێت.

ئۆستاپ نەڕاندی

– نازانم.. ئێمە یەکەم جەنگی قۆزاقی خۆمان ئەنجام داوە.. مەگەر وانییە؟

تاراس جنێوی دا و گوتی:

– توخمە سەگ گوێ گرە.. دەزانی چ کاتێ ئێمە دەیبەینەوە، لە بری هەموو کوژراوێکی قۆزاقی دە پۆلۆنی بکوژین و هەند دەسکەوت وەدەست بێنین زیانی ئەم چەند ساڵەی ئەستیپ پڕ کاتەوە. ئەو کاتە تۆ دەتوانی

تورە موو دروست کەیت و سەری خۆت بتاشیت. من خۆم سەرتان دەتاشم، بەڵام تا ئەو ڕۆژە نابێ تیخ بەر سەرتان کەوێ دەنا دانە مووەکانتان هەڵدەکێشم  ئۆستاپ خیشی کرد و سەری داخست. فی لی پن کو بە پێکەنینەوە گوتی:

– کوڕۆ.. تۆ کاتێ دەبیتە خاوەن تورە موو کە من سمێڵەکانم لە پشتی سەرمەوە گرێ دەم.

ئەو پیاوە پاش ئەم قسەیەی هەندێ شەرابی نایە سەرو بەپێکەنینەوە دوور کەوتەوە. تاراس بێ ئەوەی بایەخی بداتێ، دەستی نایە سەر دڵی ئەندرێ پاشان نیکۆتەی خۆی داکەندو دایە سەر کوڕەکەی و گوتی:

– خوێنی تەواو و بەهێزە، دڵیشی بە چاکی کار دەکات. بەم پێیە پەنا بەخوا زیندوو دەمێنێتەوە.

# ١٨

لـه گـەمـارۆدانـی قـەسری دۆنـبـۆ، شازادە گریگۆری فـەرمـاندەی سنـوور و حوکمڕانی ئەو شارە، گەمارۆ درابوو. بەدانە جیرە قسەی لەگەڵ گەورە پیاوانی سوپا کرد و گوتی:

– شاری دۆنبۆ بەتەنها ماوەتەوەو نابێ چاوەڕێی کۆمەك بکەین. یەکەم توانـای ئـەوەمـان نـییـە قـاسیدێ بـنـێرین بـۆ وارشۆ چـونکـە قـۆزاقییـەکان شاریان گەمارۆ داوەو هیچ کەسێکیش هەرچەندە وریا و لێهاتوو بێت تەنانەت لە تاریکی ئەنگوستە چاویشدا بێت ناتوانێ لەئەڵقە گەمارۆکەدا ڕاکات و دەرباز بێت. ئەگەر گریمان قاسید دەرباز بوو و خۆی گەیاندە وارشۆ شا خانم هێزی کۆمەکمان بۆ نانێرێ چونکە گەلێ پێویستی بە سوپـایـە بـۆ جـەنـگـەکـانـی بـالـتـیك. ئـیستـایش وڵاتـی پـۆڵـۆنـیـا هـەمـوو ئـومـێدێکیـان بـەئـێمـەیـە. ئـەگـەر شاری دۆنـبـۆ داگیر بکرێت ئـەوا تـەواوی پۆڵۆنیا لە پێ دەکەوێ. ئیدی دەبێ تا گیانمان لە لەشدا بێ بەرگری لە شار بکەین.

لـێرەدا شازادە هـەنـدێ لـە قسەکـردن وەستـا، دەنـگـی تـۆپـێ لـە بـەرزی بورجەکانەوە هەڵسا. شازادە بەتووڕەییەوە گوتی:

– بەو تۆپچییە ئەحمەقە بڵێن بێهوودە بارووت سەرف نەکات پێویست ناکات تەقە لە سێبەری قۆزاقییەکان و تاقە کەس بکرێ. وەك ئەوەی بڵێی تۆپچییەکانمان گەلێ شارەزاو لێهاتوون، ڕووەو دوژمنی خەیاڵی تەقە دەکەن. ئێمە پێویستمان بەکەرەسە هەیە چونکە چەند مانگێکی ڕەشمان لەبەردەمە.

هەر کەسە و بە سەرسووڕمانەوە سەرنجی کەسی تەنیشتی خۆی دەدا،

نـەیـانـدەزانـی مـەبـەسـتـی شازادە لـەو چـەند مـانگـە ڕەشە چییـە. شازادە بـەردەوام بـوو وەزعـی ئـێمـە گـەلـێ نـاجـۆرە، بـەڵام ئـامـانجی پیرۆزمـان دەخوازێت بەرگری مەرگ و ژیان بکەین. قۆزاقییەکان تا ئێستا گەماڕۆی چ شارێکیان نەداوە کە دیواری بەرزی هەبێ. من زۆر چاك قۆزاقییەکان دەناسم. چ کەسێ هەندەی من چاك نایانناسێ. دەشێ بیانەوێ هێرشێ بهێننە سەر دیوارەکان. بەڵام ئێمە ئامادەی پێشوازین. فەرمانی پێویست دەربارەی ڕۆن داخکردن دەرکراوە. من دڵنیاتان دەکەم کە بەرگری بکەین سەر ئەنجام سەردەکەوین.

چاك بیر کەنەوە و شێردڵ بن.

زینای کەنیزی ناتالیا لە بانێژەی قەسرەکەدا وەستا بوو، بەخانمی وت:

– بەڵام چەنێ درێژە دەکێشێ؟

ناتالیا گوتی:

– زینا خۆیشم نازانم. لەگەڵما وەرە بچینە سەر بورجەکە بەڵکو بیبینم.

خانمی من دڵم خراپ دەڵێ، دەترسم مردبێت.

– زینا جارێکی تر ئەم قسەیە مەکە.

– سەرچاو خانمی من.

***

لە ئۆردووی قۆزاقییەکان کۆبوونەوەیێك بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەی نـوێ ساز درا بـوو. قـۆزاقـیـیـەکـان سەرتـاسەری جـەنگ چ فـکـریـان لـە هەڵبژاردنی سەرکردە نەدەکردەوە و بەبێ ئیختیار فەرمانەکانی تاراس بۆڵبا پەیڕەوی دەکرا.

سەبـەبـیش ئـەوە بـوو تـاراس بـۆڵـبـا ببـووە هـۆی کوژرانـی مـی کۆلای سەرکردەی قۆزاقییەکان. ئێستایش بادەنۆشی تەواو بووە، کەوتوونەتە

فکری دامەزراندنی نوێ، بەپێی سوننەتی دێرینی خۆیان سەرکردە هەڵبژێرن .

شیلۆ لە بەرژەوەندی تاراس بۆڵبا قسەی دەکرد و دەیویست ڕێ لە خەنیمەکەی تاراس واتە فی لی پن کو بگرێ کە ئەمیشیان خۆی بۆ سەرکردەیی هەڵبژاردبوو.

شیلۆ دەیگوت:

– ئێمە قۆزاقی دەزانین (تاراس ئیڤانۆڤیچ بۆڵبا) چ ئەژدیهایە کە گەر. فی لی پن کو قسەکەی بڕی و گوتی:

– ڕاستە بەڵام ئەو ئێمەی لێرەدا کۆکردۆتەوە گەمارۆی شاری پێ داوین و دەبێ وەکو ژنان چەندین ساڵ لێرەدا دابنیشین تا خەڵکی شار تەسلیم بن. ئێمە تاراسمان بە سەرکردە قبووڵ نییە. ئێمە سەرکردەیێکی جەنگاوەری چالاکمان دەوێ. بەبڕوای من تیمۆ شڤسکی لە هەمووومان لەبارترە.

تیمۆشڤسکی هاتە نێو قسان و گوتی:

– من ناتوانم ببمە سەرکردەی قۆزاقییەکان ئەگەر تاراس بۆڵبا نەبێتە سەرکردە ئەوا فی لی پن کۆ لە هەموو موناسبترە چونکە وەك ئاگری گەرم و شێری جەنگاوەرە. شەوو ڕۆژی بۆ نییە، دانانیشێ تا شار داگیر نەکەین.

بەشێ لە قۆزاقییەکان ورووژا بوون. بەهەموو هێزێکی خۆیانەوە گوتیان:

– بژی فی لی پن کوی پیر

فی لی شانەکانی خۆی بەرز کردەوە و گوتی:

– ئەگەر خواستی سەرداران ئەمە بێ ئەوا من چ قسەیێکم نییە.

شیلۆ ئیشارەتی ڕووەو شار کرد و گوتی:

– ئایا لە بیرتان چوو کە می کۆلا دەیویست بمانکاتە هاوپەیمانی پۆڵۆنییەکان؟

ئەگەر تاراس نەبا ئێستا ئێمە کۆیلە و خولامی پۆڵۆنییەکان بووین. تاراس بوو پۆڵۆنییەکانی غەفڵەتگیر کرد و بووە هۆی ئەوەی سێ چوار هەزاریان لێ بکوژین.

ئیستیڤانی پیر گوتی:

– زوو.. کە من تەمەنم پەنجا ساڵان بوو. دەستی شازادە گریگۆری پەڕاند.

قەسەم بەخوا تاراس ئیبلیسێکە بۆ خۆی.

یەکێ لە سەرداران کە ناوی (گولۆدوبا) بوو خۆی گوتی:

– گەلێ چاکە.. ڕا وەردەگرین. سەرەنجام دەردەکەوێ، ئایا هەموو گەورە پیاوان لێرەدان؟ گەلێ چاکە ڕا وەردەگرین.

یەکێ لە گەورە پیاوان گوتی:

– لێگەڕێ با هەرکەسەو قسەیێکی بکات.

بەم شێوەیە (فی لی پن کو) لە جێیەکەی خۆیەوە هەستاو قسانی کرد تا تاقەتی هەبوو تاراس بۆڵبای داگرتەوە تا هاتە سەر ئەوەی کە کارەکانی تاراس کاری قۆزاقانە نییە.

ئەو پیاوە پاش قسەکانی لەسەر جێیەکەی خۆیدا دانیشت. ورتەورت کەوتە نێوانیانەوە. دەست بەهورا کێشان کرا. نۆرەی تاراس هات لەجێیەکەی خۆی هەڵسا بەچەقۆکەی خوێنی مەییوی ژێر نینۆکەکانی پاك دەکردەوە و، سەیرێکی خەنیمەکەی کرد و گوتی:

– ڕاستە.. ئەدی ئێوە نا تانەوێ کارێ بکەن کە تا ئێستا نەکرا بێ. ئێوە ناتانەوێ شار داگیرکەن، پۆڵۆنییەکانی ڕۆژئاوای وارشۆ قەتلوعام کەن.

دووبـاره ئـەستیپ بۆ خۆتـان بگەڕێننەوە. بەڵێ ئەمەیە مەبەستی تۆ فی لی بـەڵام مـن دەمـەوێ ئـەم کـارانـە وەئـەنجام دەم بـەڵام مـن ئـێستـا ئـەوەم فەرامۆش نەکردووە کە کوڕانی من گەورە بوون هێشتایش نەچوونەتە ئەستیپ. من قۆزاقییێکم تا شازادە گریگۆری لێرەدا دانیشتبێ و ئەستیپی لە ئێمە داگیر کردبێ من بەرەحەتی دانانیشم تا حەق وە دەست نەهێنم.

تاراس بۆڵبا پاش ئەم قسانەی لە جێیەکەی خۆی دانیشت و کەمتر لە سێ دەقیقە ڕایەکان کۆکرانەوە، تاراس بە سەرکردەی قۆزاقییانی ژاپورۆژ هەڵبژێردرا.

## ١٩

جەژنی سەرکەوتنی قۆزاقییەکان ئەو شەوە و شەوی پاشتریش بەردەوام بوو.

شەوی سێیەم گەورە پیاوان و سەرداران لە دەوری بۆڵبادا کۆبوونەوە.

دوایان لێ کرد ڕووەو سەرکەوتنیان بەرێ. بەو شەوە هەموو مەست و لە پێ کەوتبوون. ئەگەر شازادە گریگۆری ئاگای لەو وەزعە بوو دەیتوانی هەموویان بکوژێت.

ڕۆژی دوایی هەموو قۆزاقییەکان خەریکی کاری خۆیان بوون هەموویان خواردبوویان، خەوتبوون و ئیسراحەتیان کرد بوو، ئیدی خەریکی تیژ کردنی تیغەکانیان بوون، پاشانیش ئاهەنگیان گێڕا، گەلێ نمایشی سەرسووڕهێنەریان وەئەنجام دا.

ئەندرێ هەر کەوتبوو. ئۆستاپ زوو زوو ئاگاداری باوکی دەکردەوە کە وەزعی ئەندرێ چۆنە. تاراس چووە دیدەنی کوڕەکەی، بێ ئەوەی چ قسەیێك بکات لە خوا پاڕایەوە.

ئەندرێ هەر لە خۆ چووبوو. خەوی بەناتالیاوە دەبینی و وڕێنەی دەکرد لەم شانەوە بۆ ئەوشان تلی دەدا و بەردەوام ناوی ئەو کچە پۆڵۆنییە لەسەر زمانی بوو.

تای ئەو گەنجە تا چەند ڕۆژێ بەردەوامی کێشا، برینەکانی سارێژ بوونەوە وردە وردە ڕەنگی روخساری سوور دەبووەوە.

ئۆستاپ پانسمانی لاتەنیشتی براکەی کردەوە. گڵەکەی هەڵکەند، سەیری کرد دەمی برینەکە گەیشتبووەوە یەك بەڵام هەندێ شوێنەواری سوور بەدەوری برینەکەوە مابوون. لەپڕ ئۆستاپ دڵی داخورپا، چونکە لە

تـەنـیشتـی بـرینـەکە شوێنـەواری دی بینـی کـە نیشانـەی بـۆگـەن بـوونـی برینەکە بوو.

ئۆستاپ بە سەرسوورمانەوە چووە لای باوکی، هەموو شتێکی بۆ باس کرد، تاراس بۆڵبا بەخوێن سارديیەوە گوتی:

– قۆزاق ئارام بە.. ئەهای شیلۆ چەقۆیەکی گەلێ تیژی ئاشپەزیم بۆ بێنە.

شیلۆ چەقۆکەی بۆ هێنا. تاراس بە دیقەتەوە چەقۆیەکی بەکراسەکەی پاك کردەوە و چووە لای ئەندریێ، جێی برینەکەی بەچەقۆکە بڕی، بەشێ لە گۆشتی بۆگەنی لاتەنیشتی ئەندریێی بڕی، خوێن فیچقەی کرد. تاراس هەندێ خاکی تێکەڵ بە شەراب کرد و دووبارە پانسمانی کردەوە.

ئەندریێ هاتەوە سەرخۆ. چاوەکانی خۆی کردەوە، چونکە تای هەبوو یەك سەر نەیتوانی باوکی بناسێتەوە، سەیرێکی کرد پاشان پێی وا بوو کە تاراس مەبەستیەتی بیکوژێ. پاش چەند سەعاتێ ئەوی لە جێیەکەی خەواند و ئەندریێ لە خۆ چووەوە. ئۆستاپ بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– ئەندریێ بەڕووی تۆدا پێدەکەنی.

تاراس نەڕاندی:

– ئەی چۆن؟ مەگەر باوکی نیم؟ ئەو منی ناسییەوە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە تایەکەی نەماوە.

فی لی پن کۆ لەگەڵ سەردارانی دی کە لەوێدا وەستا بوون ڕیشی خۆی خوراند گوتی:

–سەرکردە، بـە ئـەقـڵ کـوڕەکـەتـان چـاك بـووەتـەوە و دەتوانـێ لـەگەڵ تورکمانەکاندا جەنگ بکات؟ ئاهـ.. برایان لە بیرتانە شەوێ هێرشمان بردە سەر شاری توگانە. چەنێ تەماکۆمان وەدەست هێنا.

سەرداران (بەڵێ)یان گوت. فی لی بە بۆڵبای گوت:

– تاراس ئەگەر من تورکمان بام، کاری تۆ تەواو دەبوو، تا ئێستا کوڕانی تۆ لەگەڵ تورکمانەکاندا  جەنگیان نە کردووە، بۆیە ناتوانن ببن بە قۆزاقی تەواو. بەباوەڕی من هەرکەسێ جەنگی لەگەڵ تورکمان نەکردبێ بە قۆزاقی تەواو ناژمێردرێ.

تاراس بەهێمنییەوە گوتی:

– ئێمە لەگەڵ تورکمانەکاندا دەجەنگین. دڵنیابن.

– چاکە سەرکردە تۆ قسەی ڕێکت کرد، بەڵام چ کاتێ لەگەڵ تورکمانەکاندا دەجەنگین؟

تاراس گوتی:

–تاراس لەگەڵ تورکمانەکاندا جەنگ دەکەین کە شاری دۆنبۆمان داگیر کردبێ و شازادە گریگۆریمان کوشتبێ، ئەوجا لەگەڵ تورکمانەکاندا جەنگ دەکەین.

فی لی پن کو دەستێکی بە ڕیشی خۆیدا هێنا. هەر لەم کاتەدا ئەو پیاوە بڕیاری کوشتنی تاراس ئیڤانۆڤیچ بۆڵبای دا.

کاتێ تا ئەندرێی بەردا، هێدی هێدی بەرەو باشی دەچوو و ئارامتر دەبوو بەجۆرێ توانی لە جێ هەڵسێ و چەند هەنگاوێ بڕوات، سەر ئەنجامیش سواری ئەسپ بێت. هەمیشە بیری لە ناتالیا دەکردەوە نەیدەتوانی لە یادی خۆی بباتەوە. سەرنجی هەر لایەکی دابا ڕوخساری یاری دەبینی. تەنها یەك شت لە مێشکیدا بوو. تەنها بیری لە یەك شت دەکردەوە، تەنها دەربارەی شتێکیش قسانی دەکرد و ناوی ناتالیا ببووە وێردی سەر زمانی.

ڕۆژان تێپەرین. شەوێك ئەندرێ بە هەمان ئەندێشەوە چووە نێو پێخەفەوە برینەکەی لاتەنیشتی سارێژ ببووەوە و چ هەستی بە نارەحەتی نەدەکرد ئەو شەوە خەو نەچووە، چاوی ئەندرێ، هەر ئەملاوئەملای دەکرد و دەتلایەوە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت (ناتالیا) تۆ جادووت لە من کردووە. عەشقی من سحربازی ، جوانی و من بە ئەسیری تەسلیمی تۆ بووم. نەیتوانی بنوێ، هەڵسایە سەرپێ تا هەندێ پیاسە بکات وردە وردە بەرەو چادری سەرکردەی قۆزاقییەکان چوو، لە نزیکی چادرەکە و لە ژێر درەختێکدا وەستا و کەوتە فکر کردنەوە. هەندێ هەستی بەلاوازی کرد، چاوەکانی خۆی نووقاند، خۆیشی نەیزانی چەندی پێ چوو. ڕەنگە بۆ چەند ساتێکیش خەوی لێ کەوتبێ. کاتێ کە چاوەکانی کردەوە هەستی کرد کەسێك لەو نزیکانەدا دەجوولێتەوە. ئەندرێ بەپەلە کشایەوە و لە پشتی درەختێکدا خۆی شاردەوە. کەسێك لە پشتی درەختەکەی بەرانبەری هاتە دەرێ. گەیشتە کەسەکەی دی. هەردوو کەوتنە چپە. ئەندرێ لە خۆی پرسی، ئەمە مانای چییە؟ ئەمانە لە بەردەمی چادرەکەی باوکمدا چی دەکەن؟ مانگ کەوتە پشت هەورەکان، بەڵام ورشەی ئەستێرەکان ڕۆشناییێکی کزیان خستبووە سەر ئەستیپ.

ئەندرێ بەوردییەوە دەیڕوانییە دوو کەسە کە، ناسیانییەوەو زانی (فی لی پن کۆ) و (گولۆدوبا)ن.

لەم کاتەدا ئەندرێ هەستی بە مەترسی کرد، ئارەزووی خواست کە جگە لە خەنجەر، چەکێکی دی لەگەڵ خۆیدا هێنابا. سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. چاوی بەشیلۆ کەوت کە چەند سەد هەنگاوێ لەولاوە وەك هەموو قۆزاقییەکان فەرووەکەی خۆی ڕاخستووە و لە سەریا ڕاکشاوە. ئەندرێ بە چوار چنگۆڵان و بە ئەسپایی بێ ئەوەی شیلۆ بە خەبەر بێتەوە، تفەنگە ساچمەزەنەکەی ڕاکێشا دووبارە گەڕایەوە بۆ جێیەکەی خۆی.

فی لی پن کۆ و گولۆدوبا نزیکی چادرەکە بوونەوە، فی لی چووە ژوورێ گولۆبا لە دەرێی چادرەکە ئێشکی گرت. ئەندرێ بێ فکر کردنەوە نزیکی ئەو پیاوە بووەوە. پاشان دووجار کێشایە پشتی سەری گولۆدوبا و بەبێ هەرا و هوریا لە سەر زەویدا تەختی کرد. ئەندرێ کابرای ڕاکێشا و بردییە پشتی درەختێ. فی لی پن کۆ لە تاریکی نێو چادرەکەدا بەرەو پێش دەچوو گەیشتە تەنیشتی نوێنەرەکەی تاراس بۆڵبا، چەند ساتێ سەیری کرد و ئەوجا چەقۆی لە کەمەر دەرهێنا و بەرەو پێش چەمییەوە.

هەر لەو کاتەدا دەنگێکی هێمن لە پشت سەریەوە بەرز بووەوە، کەسێ پێی ووت:

– فی لی شەوباش. ئەمشە و هەوایەکی گەلێ خۆشە وانییە؟ من هاوڕێیەکم، گولۆدوبام لە بەردەم چادرەکەدا بینی، ناردم هەندێ هەوا هەڵمژێ چونکە سەری دێشا.

فی لی کە هەستی کرد غافڵگیر کراوە، گوتی:

– من هاتووم بۆ دیدەنی سەرکردە

– بەڵێ دەزانم، منیش هاتووم گوێ لە قسەکانتان بگرم. فەرموو لەگەڵ سەرکردەدا قسان بکە.

فی لی بەپاڕانەوەوە گوتی:

– من مەبەستی خۆم عەرز کرد. پێم وایە شمشێر بەدەستە.. وانییە؟

– شمشێر نییە، بەڵکە تفەنگە بۆ پەڕانی سەری گورگان و مشکان گەلێ بەسوودە.

فی لی دەست و پێی خۆی گوم کردبوو گوتی:

– چاکە.. بەڵێ.

– دوێنێ دەمویست بە براکەم و بەشیلۆ بڵێم قۆزاقییەکان ئیشتیهایەکی سەیریان بۆ پیاو کوشتن هەیە.

فی لی لە تاریکیدا دیقەتی جەستەی ئەندرێی دەدا و گوتی:

– بەڵام ئێستا چ دەڵێی؟

– فی لی تۆ قۆزاقییەکی جەنگاوەری خائینی، هاتوویت سەرکردە بکوژیت هەرچەندە من تفەنگم پێیە بەڵام نامەوێ تەقەت لێ بکەم. بێهوودە تەمەنی خۆتت بەفیڕۆ دا چونکە تۆ قۆزاقییێکی چاکیت. بۆیە دەمەوێ بتکوژم چاکتر وایە بە شەرەفمەندییەوە ئێرە جێ بێڵی و بەرەو شاری دۆنبۆ بڕۆیت چونکە دەتویست ببیتە هاوپەیمانی پۆڵۆنییەکان و بەشداری جەنگەکانی بالتیك بکەیت.

– ئەندرێ دەزانی چی؟ باوەڕ ناکەم تۆ تفەنگت پێ بێ دەنا منت بەزیندوویی نەدەهێشتەوە.

ئەندرێ بەدەنگێ کە بووە هۆی لەرز لێ نیشتنی فی لی گوتی:

– گوێگرە.. ئەحمەق چاك گوێ گرە.

چەکوشی ساچمەزەنەکەی هێناوە و بەردەوام بوو:

– چاکت گوێ لێ بوو. دڵنیا بوویت کە تفەنگم پێیە، گەر پێویست دەکات با دەنگی بەرزتری لێوە بێنم.

– نە پێویست ناکات توخمی شەیتان.

– دەکەواتە بەبێ هەراو هوریا بگەڕێوە بۆ جێگاکەی خۆت و بخەوە. فی لی باوکم پەیوەندی لەگەڵ تۆدا هەیە لە ژیانی خۆیدا گەلێ جەنگاوەر و دۆستی لە دەست داوە، باچیدی ئەزیەت نەبینێ. من دەتگەیەنمە سەر جێگەکەت پاشان دەچمە لای ئۆستاپی برام و شیلۆ و ڕووداوی ئەم شەو بۆ ئەوان و شەش حەوت کەسی دی دەگێڕمەوە. فی لی چاك گوێ گرە لەم سەعاتەوە تا ساڵی داهاتوو تا دوانزە ساڵی تر ئەگەر چکۆلەترین بەڵایێك بێتە سەر تاراس ئەوا هەرچۆنێك بێت وە دەستت دەهێنم ئەو کاتە خۆ خۆت دەزانی چیت بەسەر دێنم. باوەڕ بەقسەکانم دەکەی.

– هەمان ئەم قسانەش بۆ گولۆدۆبای هاوڕێت بکە.

فی لی چەقۆکەی خستە نێو کێلانی کەمەری و لە چادرەکە چووە دەرێ ئەندرێش کەوتە دوای ئەوجا شیلۆ و ئۆستاپی وەئاگا هێنا بە هەڵچوونەوە ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە.

***

کاتێ کە فی لی و ئەندرێ لە چادرەکە چوونە دەرێ، تاراس بۆڵبا بەئەسپایی فەروەکەی لە سەرخۆ لادا دەمانچەکەی– کە لە دەست دابوو– خستیە لاوە. کاتێ فی لی هاتبووە ژوورێ دەمانچەکەی ڕووەو فی لی ئامادەی تەقین بوو بەڵام کە تاراس سەیری کرد ئەندرێ هاتۆتە کۆمەك و هانای، خۆی کردبووە خەو و بێدەنگ ببوو، پاش چوونە دەرێی ئەوان تاراس لەسەر جێیەکەیدا دانیشت و بزە گرتی و گوتی:

– ئەم کوڕە دەبێتە قۆزاقییێکی گەلێ چاك.

پاشان تاراس زەردەخەنەیێکی نایە سەر لێوانی و بەبێ دەربەستی فەروەکەی ڕاکێشایە سەرخۆی، دەمودەست خەوی لێ کەوت.

٢١

هـەر لـەو کـاتـەی فـی لـی لـە سەرجـێیـەکـەیدا ڕاکشا گـولـۆدۆبـاش سەرە پەنماوەکەی خۆی بەدەست گرتبوو، لە شاری دۆنبۆ، شازادە گریگۆری سواری ئـەسپ بـبـوو، ڕووەو سوارە ڕەشپـۆشەکـان چـوو کـە لـە کـەنـاری دیوارەکانی شاردا ڕیزیان بەستبوو، پێیان گوت:

– من بەهیچ جۆرێ ناتوانم گرنگی مەئموریەتی ئێوە شی کەمەوە. ئێوە خۆشتان ئەمە دەزانن. ئەگەر بمانەوێ بەزیندوویی بمێنینەوە ئەوا دەبێ خۆراکمان هەبێت. کاری ئێوە ئەوەیە کە مەڕو مالآت بدزن و بیان هێننە شار هەر یەکەیش لە ئێوە لەم کارە شارەزایە. ئومێدەوارم بە گا و مەڕی زۆرەوە بگەڕێیەوە. خوا یاریدەرتان بێت هێزتان پێ ببەخشێت، بڕۆن.

شازادە پاش ئەم قسانەی ئیشارەتی بۆ دەرگاوانان کرد دەرگای شار کرایەوە. سواران بەهێمنی چوونە دەرێ تا بەرو ئوردووی قۆزاقییان بچن و هەندێ مەڕ و مالآت بدزن.

قۆزاقییەکان دیدەبان و دەوری –یەیان نەبوو. سوارانی پۆڵۆنی بەچوار ناڵە ڕووەو ئۆردووی ئەوان و ئەو شوێنەی مەڕ و مالآتی لێیە تاوی ئەسپیان دا. بەڵام چەند ساتێ بەر لەوەی بگەنە ئۆردوو لەپڕ تاراس لە چادرەکەی هاتە دەرێ، زەردەخەنە بەسەر لێوانییەوە بوو. یەکەم سواری پۆڵۆنی دایە بەر تەقە. قۆزاقییەکانی دی هەموو لە چادرەکانیان هاتنە دەرێ و کەوتنە دەسڕێژ و پاش هەندێ، سوارانی پۆڵۆنی لە خاك و خوێندا دەگەوزانەوە تەنانەت تاقە سوارێکیان نەیتوانی بەسەلامەتی دەرچێ.

ئەو شەوە دەبا فی لی دیدەبان با، بەڵام ئەو ڕووداوەی کە باس کرا کارێکی وای کردبوو کە فی لی غافڵ بێ و ئەرکەکەی وەجێ نەهێنێ. لە

تەنیشتی بۆڵبا دا وەستا یەکسەر وای هەست کرد کە بۆڵبا ئاگای لە بەدنیازییەکەی نییە، بەڵام کە بزە ساردەکەی تاراسی بینی تێگەیشت کە لە ڕووداوەکانی سەرەتای شەو وەئاگایە و بەبێ شك ئەندرێ باسەکەی بۆ گێڕایەوە. فی لی پەی بەوە برد کە تاراس تەواوی ئەو ماوەیەی کە ئەم لە نێو چادرەکەدا بووە، تاراس بێدار بووە.

ڕۆژی دوایی قۆزاقییەکان هەموو کاسە سەرەکانیان کۆکردەوە و خستیانە سەر نیزەکان و قەڵغانی پۆڵۆنییان بە نیزەکانەوە هەڵواسی، پاشان ڕووەو دیوارەکانی شار دایان چەقاندن تا پۆڵۆنییەکان تێبگەن کە چ کەسێ ناتوانێ بەزیندوویی لە شار بچێتە دەر.

کاتێ کە خەریك بوو ئەم ڕووداوە وەئەنجام بێت لە کۆشکی فەرماندەی شاری دۆنبۆ، گریگۆری بەرانبەر شازادە دەیگوت:

– گەورەم من نەخشەیێکم هەیە بۆ خەڵکانی نەجیبی شاری دۆنبۆ وەك دەبینین وەزع گەلێ ناجۆرە بەهیچ جۆرێکیش ناتوانین لە شار بچینە دەرێ و قۆزاقییەکانیش گەلێ ئاگادارن. ئازووقەش بەش ناکات و وەزعی خەڵکیش گەلێ نا هەموارە، فەرمان بەجارچییەکان بدە لە شاردا جاڕ بدەن و بەخەڵك بڵێن لە مرۆ بەدواوە و تا فەرمانێکی دی، هەموو خانەوادەکانی دانیشتووی شار بەئەندازەی یەك نەفەر خواردنیان هەبێ، ئەو شیرەش کە هەیە دەبێ تەنها بە منالانی ساوا بدرێ.

شازادە گریگۆری بەدەستە ساغەکەی خۆی مشتێکی کێشایە سەر مێز و لێپرسراوی شاری بێدەنگ کرد و گوتی:

– خەڵکانی غەیرە سوپایی پێویستییان بەخۆراك نییە هەرچی هەیە لە گۆشت و میوە و دەغڵ و شەراب دەبێ بۆ سوپا سەرف بکرێت، ئەگەر بزانین کەسێ قاورمە و شیر، ماسی، هێلکە، شووتی، پەتاتە و شتی دی هەیە و نەیداتە سوپا ئەوا بەپەلە لە مەیدانی شاردا دەکوژرێت، تێگەیشتی؟ خەڵکی

شار پێویستییان بە خۆراك نییە. لەمڕۆ بەدواوە حكومەتی عەسكەری ئیعلان دەكرێ شەو و ڕۆژ شەیپوور تەپڵ لێ دەدرێ لە شەقامەكاندا ئێشك دەگیرێ نەبادا كەسێ بەنیازی كۆمەكی قۆزاقییەكان شار بەجێ بێڵێ.

لێپرساوی شاری دۆنبۆ بەناڕەحەتییەوە گوتی:

– قوربان ئێوە بەم جۆرە فەرمانە میللەت بەرەو نابوودی دەبەن.

– ئەحمەق نەسیحەتی من مەكە. سوپا پێویستی بەخۆراك هەیە. ئەگەر تەواوی خەڵك بمرێ دەبێ سەربازەكان تێربن و. دەبێ سەربازانی پۆڵۆنی بەبێ هیچ ناڕەحەتییەك بمرن. دۆستی من تێگەیشتی؟

لێپرساو و ڕیش چەرمووەكانی شار بە غەم و ناڕەحەتییەوە هۆڵی كۆشكیان جێ هێشت و هاتنە دەرێ.

***

دەوروبەری شار بەچالاكی قۆزاقییەكان گەرم ببوو. ئەوان چ جۆرە غەمێكی لە بابەت كەمی ئازووقەیان نەبوو. ئاشپەزەكان لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دی دەچوون و سەرگەرمی كاری خۆیان بوون. وا دەكەوتنە بەرچاو كە ئەمانە شاریان گەمارۆ نەداوە بەڵكو بۆ سەیران و كات بەسەر بردن هاتوونەتە ئێرە. كۆڵۆنێل فی لی پن كۆ لەسەر مێزە شكاوێكدا دانیشتبوو، سەیری نەخشەیێكی دەكردو یاری بە ڕیشی خۆی دەكردو سەردارانی دیش كە شیلۆشیان تێدا بوو كە ڕەنگی لە سەرمانا سوور هەڵگەڕابوو، لە دەوری ئەو پیاوەدا كۆ ببوونەوە، ئیشارەتی بۆ شوێنێكی نەخشەكە دەكرد و ئەمانیش تەماشایان دەكرد.

فی لی سەیرێكی تاراس بۆڵبای كرد كە بەو ناوەدا تێپەڕی و پێی گوت:

– وەك ئەوەی دەبێ ڕووەو خوارووی تەپۆلكەكان و بەرەو ڕووباری (بوگە) بڕۆین تا لە (پڕكوپ) ڕووبەڕووی سوڵتانی تورك و سەربازەكانی بینەوە.. سەركردە وانییە؟

تاراس سەیرێکی کرد و گوتی:

– کاتێ بمانەوێ لەگەڵ تورکاندا جەنگ بکەین– ئەڵبەتە ئەم کارەیش دەکەین– ئەو کاتە ئێمە لە ڕێی (دابوب)ەوە بەرەو دەریای ڕەش دەچین لەوێدا تورکان تەفر و توونا دەکەین.

سەرکردە پاش ئەم قسەیەی، بێ ئەوەی سەیری پشتەوەی خۆی بکات دوورکەوتەوە.

## ٢٢

ئۆستاپ لە تەنیشتی براکەی چۆکی دا دابوو و بەجۆرە هەتوانێکی تایبەتی جێ برینەکەی بۆ چەور دەکرد. ئارەق لە نێو چاوانی ئەندرێدا دەچۆڕا کاتێ کە تاراس نزیك بووەوە، ئەو لاوە سەری بەرز کردەوە. باوکی لێی پرسی:

– چاکە.. وەزعت چۆنە؟

ئەندرێ بە ئەسپایی لە جێیەکەی خۆی هەڵسا و گوتی:

– پێم وایە گەلێ چاکم، گەر هەندێ مەشقیش بکەم چاکترە.

تاراس پێکەنی و سینگە پانەکەی بەرەو پێش برد و گوتی:

– ڕاستە بەڵام قۆزاقی چکۆڵە دڵنیای کە توانای تەواوت هەیە؟

بۆڵبا دەستی بردە ژێر دەستی کوڕەکەی ئەوجا پاشقولێکی لێدا. ئەندرێ بەئاسپایی کەوتە سەر زەوی. تاراسیش بزەی هاتێ. ئەندرێ هەوڵی دا یەکسەر هەڵسێت بەڵام نەیتوانی و گوتی:

– ڕاستە باوکە.. هێشتا چاك نەبوومەتەوە.

– تاراس دەستی بۆ درێژ کرد تا کۆمەکی بکات و هەڵسێت بەڵام ئەندرێ لەپڕ مەچەکی گرت و بەچوستی هەڵسا و پاشقولێکی لێ گرت.

تاراس بەسەرکەوتە سەر زەوی. بەم شێوەیە یەکدییان گەوزاندەوە. مشتیان دەکێشایە سەروسەکوتی یەکدی. بەم جۆرە نزیکی ڕووبارەکە بوونەوە. ئەوجا دەستیان لەم پێکدادانە هەڵگرت، هەڵسان و سەیری یەکدیان کرد. ئەندرێ گوتی:

– باوکە تۆ جارێك منت هاویشتۆتە نێو چاڵەوە ئێستایش کاتی ئەوە

هاتووه تۆڵەی خۆم بکەمەوە. ئەم ڕووبارەیش چ لەچاڵ کەمتر نییە.

هەردوو پێکەنین. ئۆستاپ هاتە نزیکیان.

ئەندریێ لە ڕۆخی ڕووبارە کەدانیشتبوو. سەرنجی ڕووەو شار بوو، لەپڕ ڕەنگی پەڕی و لۆچەکانی نێو چاوانی قوڵتر بوون. وەك ئەوەی لە نێو دەریای فکر کردنەوەدا ئاوها کەوتە بەر چاو. دەنگی بورجی کڵێساکانی شاری بیست، ئەو سەردەمەی هاتەوە یاد کە لە شاری کیڤ دا دەیخوێند و بۆ یەکەم جار ناتالیای بینی بیری کردەوە ئەو شەوەی کە لە شاری کیڤ فیرارم کرد، زەنگەکان بەم شێوەیە دەنگیان دەدایەوە.. بەڵێ ئێستایش.. ئێستایش..

***

لە نێو شاری گەمارۆدراوی دۆنبۆدا تەپڵ لێدەرەکان کەوتنە تەپڵ لێدان چونکە شەو تاریکی خۆی ڕادەخست و جارچییەکان جارِیان دا کە دەبێ خەڵکی بەرەو ماڵەکانی خۆیان بگەڕێنەوە و شەقامەکان چۆڵ کەن.

ناتالیا لە بانێژەکەی کۆشکەوە سەیری خوارێی دەکرد. جارچییەکان جارِیان دا:

– خەڵکینە بچنە نێو ماڵەکانی خۆتان. هیچ کەس حەقی ئەوەی نییە تا بەیانی بێتە دەرێ مەگەر نهێنی شەو بزانێت. دەرگاکان بگرن و کڵۆمیان بدەن. حەسحەسەکان شاپڵێتەیان بەدەستەوە بوو. خەڵکەکەیان لە یەکدی جیا دەکردەوە و بەرەو ماڵیان دەناردن. هەندێکیان سەگی وریایان پێ بوو بۆ ئەم کارەیان گەلێ بەسوود بوو.

ناتالیا بیری لە شاری کیڤ دەکردەوە، ئەندرێی هاتەوە یاد، ڕۆژانی خۆش و دێرینی کەوتەوە بیر، دڵی بۆ ئەندریێ ببووە ئاگر چونکە بەچاوی خۆی بینی کاتێ کە قۆزاقییەکان هێرشیان بۆ شار هێنا، ئەندریێ بریندار بوو.

له خۆی دەپرسی:

– بشێ مابێ؟ ئایا ئەندرێی من زیندووە؟

– مانگ لەلای ڕووبارەوە هەڵات، ڕووەو شار دەبووەوە. لەو کاتەدا و لەپڕ یەکێ لە دیدەبانە پۆڵۆنییەکان کە لە سەر دیوارەکاندا حەرەس بوو چاوی بە دوو گای سپی کەوت، نزیکی دەرگاکانی شار دەبوونەوە مەعلووم بوو لەلای ئۆردووی قۆزاقییەکانەوە دەهاتن. دیدەبانەکە گازی سەرۆکی حەرەسەکانی کرد.

– قوربان دوو گای قەڵەو بەرەو شار دێن. گەورەم دوو گای جوان نزیکی شار بوونەوە. لە ئۆردووی قۆزاقییەکانەوە هاتوون حەتمەن لە کوشتارگای قۆزاقییەکان ڕایان کردووە.

سەرۆکی حەرەسەکان بەرەو پێش چەمییەوە و گوتی:

–بێدەنگ بە.. ئەوەی تۆ بینیوتە گا نەبوو، جنۆکە بوو ئەگەر.. لەپڕ قسەکەی خۆی بڕی، ئەویش دوو گاکەی بینی لەگەڵ دوو ڕاهیبدا نزیکی دەروازەکەی شار ببوونەوە گوتی:

– گوێ گرە هەر کە نزیکی دەرگاکە بوونەوە تەقەیان لێ بکە. بەخوا ئەگەر نەیان کوژیت و لێگەڕێی راکەن ئەوا ئیعدام دەکرێی.

– قوربان من ناتوانم دوو گای بەستەزمان بەتفەنگێ بکوژم.

– بەڵێ دەزانم ناتوانی بەتفەنگێ بیان کوژی بۆیە ئێستا تفەنگچی دی دەنێرم.. سەبرکە.

ڕەئیسی حەرەسەکان دوور کەوتەوە. دیدەبانەکە چاوی بڕیبووە گاکان. پاش هەندێ دوانزە حەرەسی چەکداری دی هاتن و ئامادەی دەستڕێژ بوون. فەرمانی تەقەیان پێ درا. تفەنگەکان دەنگیان لێوە هات. دەنگدانەوەی تەقەکان پێدەشتەکەی گرتەوە. گاکان بریندار بوون و کەوتنە سەر زەوی دەروازەی شار کرایەوە حەرەسەکان بە خۆشحاڵییەوە

هەلهەلەیان لێ دەدا گوایە نیعمەتی ئاسمانیان دەست کەوتووە. هاتنە دەرێ تا کەلاشی گاکان ببەنە ژوورێ. قیژە قیژ و ئاشووب بەرپابوو. چ کەسێ نەیتوانی ئەو پیاوەی کە پۆشاکی گەورەپیاوانی لە بەردا بوو لە پەنایێکەوە سەری دەرهێنا، ببینێ. ئەو پیاوە خۆی لە نزیکی دەروازەی شاردا مەلاس دابوو، بە ئەو پەڕی خوێن ساردییەوە خۆی تێکەڵ بە سەربازان کرد کە هاتبوونە دەرێ. ئەمیش وەکو ئەوان دەستی بە پێکەنین و چەپڵە لێدان کرد. ئەم پیاوە ئەندرێ بوو پۆشاکی یەکێ لە پۆڵۆنییەکان– کە کاسە سەریان خرابووە سەر نیزە و لە بەردەم ئۆردووی قۆزاقییەکاندا دانرا بوو– لەبەر کردبوو دوو گای سپی لە لەوەڕگاوە دابووە بەر لە نێوان هەردوو گاکەدا بە چەمینەوەو بەبێ ئەوەی ببینرێ نزیکی دیوارەکانی شاری دۆنبۆ بوو، کاتێ بۆی دەرکەوت کە حەرەسەکان بایەخ بە گاکان دەدەن ئەم خۆی شاردەوە و خۆی مەلاس دا. گاکان تەنها مانەوە کەسێ نەبوو لێیان خوڕێت لە جێیەکەی خۆیاندا وەستان. هەر لە هەمان کاتدا بوو تفەنگی حەرەسەکان دەسرێژیان کرد. ئەندرێ بەم فێڵە بە بەینی سەربازان و گەورەپیاوانی پۆڵۆنییا تێپەڕی. برسییەکان ڕووەو گاکان هێرشیان هێنا و گاکانیان خستە نێو گالیسکەیێك، سەربازێکی بەهێز مشتێکی کێشایە دەرەجەدارێکی پۆڵۆنییا هاویشتیە گۆشەیێکی گالیسکەکە. تابەخاوی پێی یەکێ لە گاکان بخوات بەڵام کوتەکێکیان کێشا بە پشتی سەریا و تەختیان کرد. ئەندرێ سوودی لەم ئاشووبە وەرگرت. چووە نێو شارەوە و ڕووەو کۆڵانێك چوو کە دەکەوێتە پشتی کۆشکی دۆنبۆ، هەر لەوکاتەدا دەرەجەدارێکی پۆڵۆنی چاوی پێ کەوت و هاواری کرد.

– ئەهای.. ئەفسەر.

ئەو دەرەجەدارە فەرماندەی حەرەسەکان بوو.

سەری لەوە سوورمابوو کە ئەو ئەفسەرە بۆ کوێ دەڕوات، کەوتە تاقیبکردنی پێی سەیر بوو بۆ ئەو بەفەرمانەکەی ئەو نەوەستا. ئەندرێ بەپەلەتر کەوتە ڕێ، پێش ئەوەی دەرەجەدارە پۆلۆنییەکەی بگاتێ لە پەنایێکدا خۆی شاردەوە، پاشان دەستی درێژ کرد و گەرووی پۆلۆنییەکەی گرت– کە بەوێدا تێدەپەڕی– بەرەو لای خۆی کێشای، پاش مشتێ بەرەو گۆشەیێکی برد. گالیسکەکە گاکانی هێنایە ژوورێ. دووبارە سەربازەکان مژولی ئیشەکانی خۆیان بوون بە شاپلیتە و سەگی دڕی کەڵبە سپی کەوتنە نێو شەقامەکان. تیشکی شاپلیتەکە کەوتە سەر ئەو پەنایەی کە ئەندرێ خۆی لێ شاردبووەوە.

وردە وردە دەرەجەدارە پۆلۆنییەکە وەئاگا دەهاتەوە، دەستی بۆ دەمانچەکەی خۆی درێژ کرد بەڵام چەقۆیەکەی ئەندرێ زووتر گەیشتە سینەی ئەو پیاوە و لە گۆشەیەکدا کەوت.

ئەندرێ ڕای کرد. لەپڕ یەکێ لە سەگی حەرەسەکان بەرەو پەناکە چوو حەرەسەکە چاوی بە تەرمی دەرەجەدارەکە کەوت، چەقۆیێك چەمیبووە سەر سینگی. حەرەسەکە چەمییەوە، لە چەقۆکە ڕاما هاواری کرد:

– چەقۆی قۆزاق.. فەرماندەیان کوشتووە

ئەو سەربازە بەپەلە هەڵسایە سەر پێ و ڕایکرد، بەهەموو هێزێکی خۆیەوە هاواری دەکرد.

– قۆزاقییەك لەنێو شاردایە.. قۆزاقییەك لەنێو شارەکەی ئێمەدایە.

چەند ساتێ بەر لە ڕووداوەکە– واتە بەرلەوەی سەربازەکان گاکان بێننە نێو شار– ناتالیا چووبووە بانێژەی کۆشکەکە و سەیری خوارێی دەکرد. هەر لەوکاتەدا بوو گوێی لە دەنگی حەرەسەکان بوو قۆزاقییەك لە نێو شاردایە. ناتالیا چەند جارێ کە لیمەی قۆزاقی لە ژێر لێوەوە دووبارە کردەوە، بەبێ ئیختیار گەڕایەوە، چووە ژوورەکەی خۆی و

شانێلە ڕەشەکەی دایە سەرشان.

ئـەنـدریێ لـە کـۆڵانـی پـێچـاوپـێچـەکـان و بـە نـاشازییـەوە دەڕۆیشت لـە دیوارێکەوە بۆ حەوشێ، لە حەوشێکەوە بۆ ڕاڕەوێ خۆی هەڵدەدا لەپڕ زەنگی کڵێساکانی شار بەرز بووەوە و دەستنیشانی سەعات دەی شەویان کرد.

ئەم زەنگە لە بەرچاوی ئەندریێ دا وەك نیشانەیێك، وەحییێك، خەبەرێك بوو بەپەلە بەرەو زەنگی ناقوسەکان کەوتە ڕێ. پاش هەندێ گەیشتە ماڵی خـوا. حـەسحـەسەکـان دووربـوون لـە ئـەنـدریێ بـەڵام دەنگـی سەگـەکـانی دەبیست.

لە کاتێکدا ئەندریێ سەری داخستبوو و بە هێمنییەوە دەڕۆیشت لەپڕ لە جـێیـەکـەی خـۆیـدا وەستـا. چـونـکـە نـاتـالـیـا بـە شانێـلە ڕەشەکـەیـەوە لـە بەرانبەریا وەستا بوو.

چاوەکانی ناتالیا دەبریقانەوە. ئەندرێ هەندێ سەیری کرد پاشان بەرەو پیری چوو. دەستەکانیان بەر یەکدی کەوتن. ناتالیا بەئارامییەوە ئەوی بەرەو کۆلانێکی تاریك برد. دەنگی سەگوەڕ نزیکتر ببووەوە.

ئەندرێ دەستێکی بەڕوخساری ئەو کچەدا هێنا و گوتی:

– ناتالیا دەبێ لە شار دەرچین، بەرەو شوێنێکی ئارام بچین.

هەردووکیان لە کۆلانێکەوە چوونە دەرێ. گەیشتنە باغی نوێژکردن و لەوێوە چوونە حەوشەی پشتی کلێساکە. سەگوەڕەکە نزیکتر دەبووەوە. لە پشتی باغی کلێساکەدا ڕاڕەوێك هەبوو دەگەیشتە ئەو سەری کۆلانەکە. هەردوو چوونە سەر دیوار و بەرەو کۆلانەکە ڕایان کرد. لەپڕ هەردووکیان لە جێیەکانی خۆیاندا وشك بوون. چونکە لە بەردەمی ئەو کۆلانەدا بەتەختەی ڕاست و چەپ کۆلانەکە بەسترا بوو. ئەندرێ ئەم نیشانەیەی دەناسی، بە سەرسوورمانەوە گوتی– تاعون!

ناتالیا بە بزەوە گوتی:

– بەڵێ.. ئەمە بەشی حوکمدراوانە.. تاعوون ڕووی کردۆتە ئێرە. هەردووکیان لە ژێر تەختەکانەوە چوونە نێو کۆلانەکە. دەرگای ماڵەکانی ئەو کۆلانە بەڕەنگی سوور خەتی ڕاست و چەپی پێدا هێنرا بوو و ئەوەی دەرخست کە دانیشتوانی ئەو شوێنە موبتەلای تاعوونن.

ئەم شوێنەی شار وەك شوێنی کۆیلەکان و وەك مردووخانە وابوو کەسانی ئێرە دەمردن و دەبوونە خۆراکی لاشە خۆرەکان.

ناتالیا و ئەندرێ نزیکی پەیژەیێکی دارین بوونەوە، چوونە خانوویێك و بەرە و نهۆمی دووەم چوونە سەرێ. لەپڕ دەنگی ناقوس لە پشتی کۆلانەکە

بەرز بووەوە. لە پەنچەرەی نهۆمی دووەمەوە سەرنجێکی کۆڵانەکەی بەرانبەریان دا کە– ئەویش تاعوونی تێ کەوتبوو– غەڵبەغەڵبیان بیست، پاش هەندێ چەند گالیسکەیێکی ڕەش دەرکەوتن لەگەڵ چەند کەسێکی دەمامك کردوو دەستەکانیان بە چەرم پۆشیبوو دەرکەوتن. ئەو گالیسکانە تایبەت بوون بۆ گواستنەوەی مردووەکان، واش دەردەکەوت پێست ڕەشەکان مەئموری لە گۆڕنانی جەستەکان بن. گالیسکەکان لە بەردەم خانوویێکدا وەستان ڕەشپۆشەکان چوونە ژوورێ، تەرمێکیان دەرهێنا و خستیانە نێو گالیسکەیێك.

بەم شێوەیە لە شەودا دەهاتن تا جەستەکان بەرەو گۆڕ ببەن، دەیانویست زووتر تەرمەکان لە گۆڕ نێن تا کەمتر درمەکە بڵاوبێتەوە. دانیشتوانی ئەو گەڕەکی مەرگە هەموو ڕۆژێ لە پێ دەکەوتن و دەمردن.

ئەندرێ بە نارەحەتی و سەرسوڕمانەوە ناتالیای گوشییە خۆی بەڵام ئەو کچە پێکەنی و گوتی:

– مەترسە. ئەمانە لە شەودا تەرمی مردووەکان دەبەن و لەگۆڕیان دەنێن.

ئێرە گەڕەکی بێزراوی شاری (دۆنبۆ)یە. ئەم ڕەشپۆشانەش بۆیە خۆیان پۆشیوە تا موبتەلای ئەم درمە نەبن. تەرمەکان لە دەروازەی ڕۆژهەڵاتی شارەوە دەبەنە دەرێی شارو لە گۆماوێکی دوورە شاریان دەهاون.

گالیسکەکان پڕ بوون لە تەرم ، لەبەر دەرگاکاندا دەوەستان تەرمی دییان تێ دەهاوێشتن. ئەندرێ و ناتالیا بەپەلە لە پەیژەکانەوە هاتنە خوارێ.

لە ژێر دیوارەکانەوە بەرەو لای گالیسکەکان دەهاتن. کاتێ کە تەرم هەڵگران چوونە ماڵێکەوە کە بەخەتێکی سووری ڕاست و چەپ نیشانە کرا بوو– عاشق و مەعشووقی گەنج بەپەلە خۆیان هاویشتە نێو گالیسکەیێك

و بەچەماوەییەوە لە گۆشەیێکدا دانیشتن. دڵیان تێکچوو. هەوڵیان دا بەهیچ جۆرێ لەشیان بەر تەرمە ترسناك و پیسەکان نەکەوێ. پاش هەندێ مەئمورەکان تەرمێکی دییان هێنا و هاوێشتیانە نێو گالیسکەکە. بەرەو دەروازەی ڕۆژهەڵات کەوتنە ڕێ.

پاسەوانە پۆڵۆنییەکان لەسەر دیوار و بورجەکانی شاردا ئێشکیان دەگرت. بەبێزو قێزەوە ڕوخسەتی کردنەوەی دەرگایان دا.

یەکێ لە ڕەش پۆشەکان دەرگای کردەوە و گالیسکە لە شار چووە دەرێ.

دروست لەم کاتەدا یەکێ لە سەربازەکانی پۆڵۆنی- کە لەسەر دیوارەکەدا دا دانیشتبوو و شمشێرەکەی پاك دەکردەوە- چاوی بەگالیسکەی یەکەم کەوت لە جێیەکەی هەڵسا، چاوەکانی خۆی هەڵگلۆفی و هاواری کرد.

- ڕێ لەو گالیسکەیە بگرن، دوو کەسی زیندووی تیایە.. دوو ئادەمی زیندوو لەگەڵ تەرمەکاندا لە شار چوونە دەرێ.

ئەندرێ بەپەلە ناتالیای بەرز کردەوە و دەمانچەکەی دەرهێناو یەکێ لە ڕەشپۆشەکانی کوشت- کە دەیویست هێرشیان بۆ بێنێ- ئەندرێ دەستی لە کەمەرەی ناتالیا ئاڵاند و هەردوو بازیان دایە خوارێ. بەڵام بەر لەوەی بتوانن هەڵسنەوە چەند کەسێکیان بۆ هات، ئەندرێ دێوانە ئاسا جەنگی کرد زۆری نەکێشا کوتەکێ بەر سەری کەوت. ئەندرێ هەست و هۆشی لە دەست دا و لەخۆ چوو.

## ٢٤

کاتێ ئەندرێ چاوەکانی خۆی کردەوە، خۆی بینی لەنێو ژوورێکی کۆشکی دۆنبۆدایە، لە پەنجەرەکەوە سەیری مەیدانی شاری دەکرد کە کەوتبووە خوارویەوە پۆشاکەکەی دڕابوو، مووەکانی بەهۆی خوێنی وشکەوەبوو چەسپابوونە قەد یەکدی، چاوەکانی پەنما بوون هەرچەندە نەیان بەستبووەوە بەڵام دوو سەگی گورگی (دوورەگ) لەبەر دەرگا وەستابوون چاوەڕێیان دەکرد ئەو گەنجە هەر سەرپێچییەك بکات پارچە پارچەی بکەن.

لە خوارێدا گالیسکەیێك نزیکی مەیدانەکە دەبووەوە چەند کەسێ لە ملاوئەولادا وەستابوون و لە نێو گالیسکەکە دا ژنێکی دەست بەستراو بەپێوە وەستا بوو.

سەعات دە تێپەڕیبوو. خەڵکی شار لە مەیدانەکەدا کۆبوونەوە هەلهەلەی شادییان لێدەدا، ئەو ژنە ناتالیا بوو، ڕوخساریشی وەك گەچ سپی ببوو و مووەکانیشی ئاڵۆسکابوون. چاوانی ئەندرێ لە پشتی پەنجەرەی یەکێ لە ژوورەکانی کۆشك لەگەڵ چاوانی ناتالیادا یەکیان گرتەوە. خەڵکەکە شێت و هار ببوون دەیانویست بیکوژن. ئەم ژنە کە عاشقی قۆزاقییەکە دەبێ بیکوژن.

لەم کاتەدا کەسێکی شڕپۆش و سەروەریش هات و چووە ناوەڕاستی مەیدانی ئیعدام و لە تەنیشتی ناتالیا وەستا و گوتی:

– ئەی پۆڵۆنییان ئەم ژنە شەق کەن. ئەم قەحپەیە کە بووە هۆی تاعوون و برسێتی بێتە شارەکەمان، بکوژن.

خەڵکەکە هەموو دەیان نەڕاند گالیسکەکە نزیکتر بووەوە لە ناوەڕاستی مەیدانەکەدا دارێك لە بەردەم چەند کوڵە چیلکەیێك چەقێنرا بوو گالیسکەکە لەوێدا وەستا.

ئـەنـدریێ بـەنـاڕەحـەتـیـیـەوە لـە پـەنجـەرەکە دوور کـەوتـەوە. سەگە دوو ڕەگەکان لە جێیەکانی خۆیان هەڵسان. لەم کاتەدا شازادە گریگۆری کە تەواوی ئەو وەختە لە گۆشەیێکی تاریکی ژوورەکەدا دانیشتبوو، هەڵسا و چووە پێشی و گوتی:

– قۆزاق ئاگادار بە ئەم سەگانە بۆ پارچە پارچە کردنی تۆ خەریکە دڵیان دەتەقێ. ئەمانەش وەکو هەموو خەڵکی شار برسییانە. برسیەتی چاکترین کەس بەرەو وەحشیەت و سەرکێشی دەبات. چەند هەفتەیێکە گەمارۆ دراون و نانیان نییە، بۆیە شعووری خۆیان لە دەست داوە بەڵام خۆش بەختانە ئەم دوو حەیوانە هێشتا شعووریان ماوە.

دەنگی خەڵکە ورووژاوەکە زیاتر بەرز دەبووەوە و دەیانویست ناتالیا بسووتێنن. گریگۆری هەناسەیێکی هەڵکێشا و پرسی:

– چاکە. خۆ دەبیستی؟ ئێستا قسان بکە.

ئەندریێ دگانەکانی جیرەوە کرد و گوتی:

– بەڵێ دەبیستم تۆ ناتوانی، لێگەڕێ ئەوان ئەزیەتی ناتالیا بدەن.

– دڵنیابە دەستدرێژی بۆ ناکەن، تەنها دەیسووتێنن.

ئەندریێ سەیری مەیدانەکەی کرد. لەم کاتەدا ناتالیا سەرەتاتکێی دەکرد. خەڵکەکەش زیاتر لێی نزیك دەبوونەوە بەڵام پاسەوان و جەلادەکان بەرەو دواوە دەڵەکیان دەدان. ئەندریێ بەهەموو هێزی گەرووی خۆی هاواری کرد.

– ئێوە ناتوانن بیسووتێنن.. نا.. نا..!

لە کاتێکدا شازادە بە لاچاوەوە سەرنجی دەدا گوتی:

– بەڕاست. ئەوەی گوتت ناتوانین بیسووتێنین؟ خۆ ناشێ ئەم سەگە دڕانە بکوژی، پاشان گیانی منیش دەربێنی ئەوجا لە ژوورەکە بچیتە دەرێ.

پاسەوانەکان لە پێ بخەیت و ئەو ژنە ڕزگار کەیت؟ ئێوەی قۆزاق گەلێ ئازا و بەجورئەتن. عاشقی بێ پەروان! لاوۆ تۆ من نارەحەت دەکەی هێمن بە و سەیری سووتاندنی مەعشووقەکەت بکە.

ناتالیایان لەگالیسکەکە داگرت و مژولی بەستنی بوون بەقەد دنگەی ناوەڕاستی مەیدانەکە، کابرای سەر و ڕیش هاتوو هاواری کرد.

– بیکوژن. ڕووتی کەنەوە. لێ گەڕێن لەشی لە نێو ئاگردا بسووتێت.

هەندێ لە خەڵکەکە بەرەو پێش دەچوون. پاسەوانەکانی بەملاوئەولا دا دەڵەکەیان دەدان. ئەندرێ ناڵەی لێ بەرز بووەوە. دووبارە پاسەوانەکان خەڵکەکەیان دەڵەك دەدا. ناتالیا جلوبەرگەکەی دڕابوو لەسەر پێدا وەستابوو، سنگی بەتەواوی ڕووت بوو، ژنێ تفێکی کردە ڕوخساری. پیاوێك بە نامەردی شەپازللەیێکی پیا کێشا. ئەندرێ لە تاوا دەلەرزی. لە ژێر لێوەوە دوعای دەخوێند. ئارەقێکی سارد وەك بەفری زستان لەناوچوانیەوە دەهاتە خوارێ. بەدەنگی لەرزۆکەوە گوتی:

– ناتالیا.. ناتالیا.. ئای خوای من. من لەبەر خاتری کارێ کە دەمەوێ بیکەم بمبەخشە، خوایە بمبەخشە چونکە بۆ خاتری ڕزگارکردنی ئەم ژنە مەجبوورم خۆم تەسلیم بەدوژمن بکەم.

شازادە پێکەنی. سەگەکان بەچاوە خوێن گرتووەکانیان سەیری ئەندرێیان دەکرد کە لە پشتی پەنجەرەکەدا وەستابوو. شازادە دووبارە پێشنیازی کرد کە ئەگەر دەیەوێ ئەو ژنە ڕزگار کات دەبێ قایل بێت و پێشنیارەکەی لا پەسەند بێ. ئەندرێ لە پەنجەرەکەوە دوور کەوتەوە. لە کاتێکدا کە بەهەردوو دەست سەری خۆی گرتبوو پرسی:

– چیت لە من دەوێ؟ گەلێ چاکە ئامادەم لە پێناوی ڕزگار کردنی ناتالیا چیتان دەوێ دەیکەم.

شازادە چغەی لە سەگەکان کرد– کە لە سەر یەك دەیانمراند – گوتی:

- گەلێ گرانە ئینسان بەر لە خەڵکی ورووژاو بگرێ.

- بەڵام تۆ دەتوانی.. گەلێ چاکە بەپێشنیازەکەتان قایلم. بای پێویست خۆراکتان بۆ دەهێنم. بۆ ئێوە و تەواوی خەڵکی گەمارۆدراوی شار. بەڵام مەهێڵن ناتالیا ئەزیەتی بگاتێ.

شازادە بە بزەوە گوتی:

- لاوۆ زوو تەسلیم بووی. بە منیان گوتبوو تۆ کوڕی دۆستە کۆنەکەی منی کوڕی تاراس بوڵبا ڕەنگە گەلێ زیاتر بی لە کەسێکی ئاسایی.. وەکو باوکت.

ئەندرێ بە ناچارییەوە گوتی:

- چەند کەسێکم بخەنە ژێر دەست تا هێرش بەرمە سەر ئۆردووی قۆزاقییەکان ئەو ئۆردووەی کە باوکم سەرکردەیانە تا مەڕ و ماڵاتەکەیان بدزم و بۆتانی بێنم.

شازادە بە تەوسەوە گوتی:

- چی؟ من بە چ دڵنیاییەکەوە بەشێ لە پۆڵۆنییەکان بدەمە دەستی تۆ. لەگەڵ قۆزاقێکدا بیاننێرم؟

ئەندرێ دووبارە سەیرێکی مەیدانەکەی کرد، بینی ناتالیایان بە دارەکە بەستووەتەوە، مووەکانی بەسەر ڕوخساریا پەرش و بڵاو بووەتەوە. جەلادەکانیش ڕۆنیان بەسەر چیلکەکەدا دەکرد. ئەندرێ بەپەلە گوتی:

- پەلە بکە. توخوا پەلە بکە هەرچییەك بڵێی دەیکەم.

- بەڵام چۆن لە تۆ دڵنیابم؟

ئەندرێ بە توندییەوە گوتی:

- منیش وەکو ئێوە نا ئومێدم. من کوڕی سەرکردەی قۆزاقەکانم. خۆیشم بەحیساب قۆزاقم بۆیە ئەو ڕێیەی دەچێتە گەورەکە شارەزاییم،

دەشتوانم مەڕ و ماڵاتەکە بدزم و بۆتان بێنم. من لەگەڵ گرووپێ جەنگاوەر دەچم و لەگەڵ قۆزاقەکاندا دەجەنگم و تووشی شکستیان دەهێنم.

– قۆزاق سەردەمێ ویستم دەستم بۆ باوکت درێژکەم بەڵام ئەو بە شمشێر دەستی منی پەڕاند، دەبینی. گەر بمەوێ ئەمە نەکەم چ دەبێ؟ ئەگەر دەستی تۆ بپەڕێنم باوکت چ دەکات؟

ئەندرێ دەستی خۆی درێژ کرد و گوتی:

– لە من دڵنیابە با ناتالیا وەك بارمتەیەك لەلاتان بێت. دەڕۆم ئازووقەتان بۆ دەهێنم گەر نەگەڕامەوە ئەوا بیکوژن.

– ئایا ئەمە عەقڵ دەیبڕێ کوڕە گەورەکەی تاراس بۆڵبا سەرکردەی قۆزاقییەکان حازرە خیانەت لە باوکی بکات، خیانەت لە باوك و نیشتمانی بکات؟ ئەمەیش لەبەر خاتری ژنێك؟ ئایا دەشێ لە نێوان باوك و کوڕدا ئەوەندە جیاوازی هەبێت؟

ئەندرێ بە ئەسپایی گوتی:

– فەرق لە نێوان من و باوکمدا نییە. ئەو عاشقی ئەستیپە، منیش عاشقی ژن، پێم وایە هەردووکمان شێتین. لەبەر خاتری ئەو شتەی خۆشمان دەوێت ئامادەی گیانفیدا کردنین.

– عەشق.. ئایا بەمەش دەگوترێ عەشق. بەدکارێکی قەحپەی پۆڵۆنی لەشی خۆی بخاتە ژێر دەستی قۆزاقییێکی پیس.

ئەندرێ بە دەمارگیرییەوە گوتی:

– ئەگەر شمشێرم پێ دەبوو قەسەم بەخوا دەستەکەی تریشیم دەپەڕاند.

شازادە گریگۆری بە پێکەنینەوە شمشێرەکەی خۆی بۆ ئەندرێ درێژ کرد ئەندرێ شمشێرەکەی لە هەوادا قۆزتەوە بەرزی کردەوە و بەڵام پاش هەندێ بە ئاسپایی شمشێرەکەی لەسەر کورسیێك دانا. شازادە

بەپێکەنینەوە گوتی:

– عەشق، لە ڕاستیدا هێزی عەشق سەرسوڕهێنەرە، ئینسان بەرەو چ کارێ نابا؟

خیانەت لە باوك و هاوڕێیان، تەسلیم بوون بە دوژمن لە کاتێکدا کە توانای کوشتنی دوژمنەکەیشی هەبێ و..

شازادە گریگۆری ڕووەو پەنجەرەکە چوو بەدەنگی بەرز هاواری کرد هەموو بێدەنگ بوون. بێدەنگییێکی خەست دەستی بەسەر مەیدانی ئیعدامدا گرت جەلاد کە ئامادە بوو ئاگر لە چیلکەکان بەربدات سەری بەرز کردەوە شازادە فەرمانی دا.

– ئەو ژنە بکەنەوە و بۆ ئێرەی بێنن، چونکە دڵخوازەکەی، ئەم گەنجە قۆزاقە ئامادەیە ئازووقە بگەیەنێتە ئێرە. ئازووقەی پێویست بەشی هەموو خەڵکی شاریش..

پاش ئەم قسەیە شازادە لای کردەوە و گوتی:

– کوڕەکەی تاراس بۆڵبا لە بیری نەکەی، گەر لەم کارەتدا سەرنەکەوی ئەوا دڵخوازەکەت بە ئەشکەنجە دەکوژین.. ئەمە و بەس.

٢٥

لە سەرەتای شەودا فی لی پن کۆ و دۆستانی، ئۆردووی قۆزاقییەکانیان جێهێشت چونکە ئامادە نەبوون فەرمانەکانی تاراس بۆڵبا وەجێ بێنن گەمارۆدانی شاریان بە کارێکی بێهوودە دەزانی. پاش ڕۆیشتنی ئەوان تاراس سەیرێکی هەزاران قۆزاقی کرد، پاشان سەیری ئاسمانی پڕ ئەستێرەی کرد و گوتی ئەوان ڕۆیشتن بەڵام ئێمە دەمێنینەوە، ئەو ڕۆژەیش هەر دێت کە ببینەوە خاوەن ئەستیپ. ئێمە پشت بەخوا چەند ڕۆژێکی دی دەچینە نێو شار چونکە هەفتەیەکە گەمارۆمان داوە و خەڵکەکەی برسین و مەجبوور دەبن خۆیان تەسلیم کەن.

پاش ئەم قسانە تاراس ڕووەو کوڕە چکۆڵەکەی چوو و گوتی:

– ئۆستاپ ئەریێ بەڕاست براکەت لە کوێیە؟

ئۆستاپ سەری داخستبوو لەپڕ تاراس هەستی بەوە کرد کە دەبێ شتێ ڕووی دابێ، دگانەکانی لە یەك جیڕ کرد و دووبارەی کردەوە

– ئەندرێ لە کوێیە؟ لە دوێنێ شەوەوە تا ئێستا نەمبینیوە، قسە بکە دەنا دگانەکانت دەشکێنم. بڵێ بزانم براکەت لە کوێیە؟

ئۆستاپ تەماشای شاری تاریکی دەکرد و گوتی:

– باوکە ئەندرێ لە شاری دۆنبۆیە من لەمەیان دڵنیام، حەتما چووەتە شار.

– ئاخر چۆن؟

ئۆستاپ بە ناڕەحەتییەوە گوتی:

– مەگەر نەتبیست لە کاتی تا گرتنەکەیدا چ وڕێنەیەکی دەکرد؟ ئەو ژنە پۆڵۆنییە، ئەو شەیتانە جادووکەرە، لە شاری دۆنبودایە. ئەو ژنە ئەندرێی فریو داوە.

تاراس سەری ڕاتەکان ڕەنگوڕووی گۆڕا، ئۆستاپ بەردەوام بوو.

– ئەندریێ و ئەو کچە بەسەختی یەکدییان خۆش دەوێ. ئەو لەبەر ناتالیا چووەتە شاری دوژمنەوە.

تاراس بەتووڕەییەوە پێیەکانی کێشایە سەر زەوی و گوتی:

– نەء.. نەء.. هەموو کەس تا بگرێ ورێنە دەکات. ئەندریێش ئەوەندە ئیرادەی سست نییە ئەو هیچ کاتێ لە پێناوی (....) لەگەڵ ژنە پۆڵۆنییێك دۆستانی خۆی جێ ناهێڵێ و ناچێتە شاری دوژمنەوە. ئەم کارە لە کوڕانی تاراس بۆڵباوە دوورە.

ئۆستاپ بە ماتەمییەوە گوتی:

– بەداخەوە کە واقیع بین نیت.

ئۆستاپ دوور کەوتەوە. باوکی کە تەماشای دیوارەکەی شاری دەکرد بەتەنها جێی هێشت. تاراس تەواوی شەو بێدار بوو، لەم شانەوە بۆ ئەو شان تلی دەدا. فکری لە ئەندریێی کوڕی دەکردەوە کە بەبێ خەبەر جێیانی هێشتبوو.

لەگەڵ گزنگی بەرەبەیانا ئەندریێ لەو ژوورە تەنگ و پیسە لە خەو هەڵسا. ژوورەکەی گەلێ شێیاوی بوو. ئەندریێ بەرەو شیشەکانی ژوورەکە چوو و سەیری ژوورەکەی بەرانبەری کرد. وا دەکەوتە بەرچاو ئەو ژوورانە بەشێکن لە زیندانی تایبەتی کە بۆ عاشقان دروست کراون.

لە ژوورەکەی بەرانبەردا ناتالیا لە پشتی شیشەکانەوە وەستا بوو هەرکە ئەندریێی بینی بەپاڕانەوەوە گوتی:

– نەء.. نەء.. ئەم کارە مەکە. نابێ تۆ خیانەت لە میللەتی خۆت بکەی.. نابێ لە پێناوی من ئەم..

– ناتالیا من تۆم خۆش دەوێ.. خۆشم دەوێی.. لات ڕوون بووەوە؟

– ئەندریێ منیش تۆم خۆش دەوێ بەڵام ناتوانم لێگەڕێم کە خیانەت لە باوکت بکەی.

– من تەنها دەچم ئازووقە دەدزم و دەیدەمە پۆڵۆنییەکان چونکە چەند هەفتەیەکە دانیشتووانی شار گەمارۆ دراون و لە سەرەمەرگدان. من ئەوانەم بینی منداڵانی برسی، ژنان، پیاوان، خەریکە دەمرن. هەموویشی لەبەر ئەوەی باوکم و قۆزاقییەکانی دی دەیانەوێ شار داگیر کەن.

– ئەندریێ تۆ تەنانەت ناتوانی بەرخێ لە ئۆردووی قۆزاقییەکان بدزی ئەوان جەنگت لەگەڵدا دەکەن. تۆ دەکوژن.

– ناتالیا خۆم دەزانم چۆن مەڕ و گاکانیان دەدزم.

– ئەندریێ مەگەر تۆ قۆزاق نیت؟

– بەر لەوەی من قۆزاق بم. من ئینسانم.

– منیش پۆڵۆنییم.

– ژنێك.. ژنێکی عاشق و سەیر

ناتالیا بەگریانەوە گوتی:

– ئەندریێ مەهێڵە شازادە من بکاتە دەسکەلا و سوود لە تۆ وەرگرێ. مەهێڵە من بکاتە ئەو هۆیەی تۆ بەرەو خیانەت ببات، خیانەت لە براکەی خۆت بکەی.

ئەندریێ دڵی بەپۆڵۆنییەکان دەسووتا لە ڕاستیشدا عەشقی ناتالیا ڕەگی لە نێو بوونیا زیاتر دادەکوتی، بۆیە گوتی:

– من هەر کارێکی کە دایکم... هەرکارێکی...

– ئەندریێ دەتەوێ خیانەت لە هاوڕێکانی خۆت بکەی

– ئاه.. ناتالیا عەشقی من.. تۆم خۆش دەوێ.

ئەندریێ تۆ دەتەوێ خیانەت لە نیشتمانەکەت، لە ئەسپەکەت لە ئۆکرانیا بکەی.

– ناتالیای ئازیزم نیشتمانی من تۆیت. تۆ هەموو کەسێکی منی.

لەم کاتەدا دەرگای ژووری زیندان کرایەوە. ئەفسەرێکی پۆڵۆنی هاتە ژوورێ دوابەدوای ئەویش کلیلداری زیندان هاتە ژوورێ، ئەفسەرەکە گوتی:

– کلیلدار گوێ گرە . ئەم گەنجە قۆزاقییە ئازاد دەکەی.

ناتالیا بە نائومێدییەوە دەگریا و دەیگوت.

– ئەندرێ ئەم کارە نەکەیت.

دەرگای ژووری زیندانەکەی ئەندرێ کرایەوە، لە کاتێکدا ئەندرێ دەهاتە دەرێ گوتی:

– ئازیزم.. ئەستێرە چکۆڵەم ناتالیای جوان ئومێدەوارم سەرکەوم تا جارێکی دی یەکدی ببینین.

٢٦

تاراس بۆڵبا بە سواری ئەسپەوە چووە دیدەنی قۆزاقییەکان. سەیرێکی دیوارەکانی شاری کرد و سەردارانی گاز کرد و گوتی:

– سەیری دیوارەکانی شار بکەن. سەیرکەن پاسەوانەکان چۆن کەوتونەتە جموجۆڵەوە. دەیانبینن؟

سەرداران، شیلۆیش بە چاوە تیژیینەکانیەوە سەیریان کرد لە نزیکی شارەوە بریقە دیارە و یەکێکیان گوتی:

– دەڵێی پۆڵۆنییەکان ئاگریان کردووەتەوە.

تاراس لە ئەسپەکەی دابەزی و گوتی:

– نەخێر ئەمە ڕۆشنایی ئاگر نییە بەڵکو بریقەی قەڵغان و زەرە و جۆشەنە پۆڵۆنییەکان خۆیان ئامادە کردووە، دەڵێی بۆنی بارووت ناکەن؟ تفەنگەکانی خۆیان پڕ دەکەن، حەتمەن مەبەستی ئەوەیان هەیە لە شار بێنە دەرێ.

لەپڕ شیلۆ ئیشارەتی بۆ دەروازەی شار کرد و گوتی:

– ئاه.. دەروازە کرایەوە.. پۆڵۆنییەکان هاتنە دەرێ.

تاراس بەپەلە نەڕاندی:

– قۆزاقییەکان ئاگادار کەنەوە. با هەموو ئامادەبن. ئاخری برسێتی مەجبووری کردن دەرگاکان بکەنەوە.

قۆزاقییەکان لە چەند دەقیقەیێکدا ئامادەی نەبەرد بوون و سواری ئەسپەکانیان بوون. ئەستیپی پڕ لە سوارانی قۆزاق هەزاران هەزار کەس بە حەزێکی تایبەتییەوە چاویان بڕیبووە دیوارەکانی شار. عەلەمداری قۆزاقییەکان لە تەنیشتی تاراس بۆڵبادا وەستا. دەروازەکانی یەك لەدوای یەك کرانەوە ئۆستاپ تاوی ئەسپی دا و چووە تەنیشتی باوکی وەستا. لەم

کـاتـەدا بـەر لـە هـەمـوویـان سوارێك لـە دەروازەیـەکـەوە هـاتـە دەر و لـە جێیەکەی خۆی وەستا و چەند ساتێ سەیری قۆزاقییەکانی کرد. ئەو سوارە ئەندرێ بوو دەیویست لەگەڵ هەندێ سەربازی پۆڵۆنی هێرش بێنێ و مەڕومالاَت بدزێ و بۆ شاری بێنێ. ئەو سوارە قەڵغانی پێ بوو، پۆشاکی ڕەشی پۆشیبوو کلاَو خوودەی لەسەرنا بوو. ئەم پۆشاکە تایبەت بوو بەسوپای پۆڵۆنییەکان. ئەو سواری ئەسپێکی چاپووك ببوو. تاراس بۆی دەرکـەوت ئـەوە کـوڕەکـەیـەتـی و بـووەتـە ئـەفسەرێکـی پـۆڵـۆنـی و خـۆی پەیوەستی دوژمن کردووە. لە ناخی سینەی ئاخێکی هەڵکێشا.

ئەندرێ بەدەست ئیشارەتی کرد، سوپای پۆڵۆنی لە دەروازەکانەوە هاتنە دەرێ، لە پشتی ئەوەوە ڕووەو قۆزاقییەکان هێرشیان هێنا. دەنگی سمی هەزاران ئەسپ مەحشەریان بەرپا کردبوو. شازادە گریگۆری لە بەرزی بورجێکدا وەستابوو سەیری مەیدانی جەنگی دەکرد. ناتالیاشی لەگەڵ خۆدا بردبوو، بەفرمێسك ڕشتنەوە سەیری دڵخوازەکەی خۆی دەکرد کە لە پـێنـاوی ئـەمـدا هـێرشی دەبـردە سەر هـاوڕێیـانـی خـۆی، خـیـانـەتـی لـێ کـردبـوون. تـاراس لـەڕووی تـووڕەیـی و لـەزەتـی جـەنـگـەوە نـەڕانـدی و شمشێرەکەی هەڵکێشا:

– مەرگ بۆ پۆڵۆنییەکان، بژی قۆزاقییەکان.

هەزاران بەیەك دەنگ فریادیان کێش:

– ژاپوڕۆژ.. ژاپوڕۆژ.

سوپای پۆڵۆنی بە سەرکردایەتی ئەندرێ نزیکتر بوونەوە. ئەو گەنجە کـلاَو خـوودەکـەی لادا، قـژەکـەی پـەرش بـووەوە، لـەگـەڵ سوپـا بـەرەو ئـەو شوێنەی کە مەڕ و مالاَتیان تیا دەپاراست ئەسپیان تاو دا. شیلۆ پەی بە وەزعەکە برد. ناڵەیێکی کرد. قۆزاقییەکان هەموو سەریان سووڕمابوو چونکە جگە لە قۆزاقییەکان چ کەسێ شوێنی مەڕومالاَتی نەدەزانی.

بـەڵام ئـەو پـیـاوەی بـووەتـە سەرکـردەی هـەزار پۆڵـۆنـی ڕووەو شوێنـی مەڕومـاڵات ئەسپ تـاو دەدات قۆزاقی نییە چونکە کڵافە مووی نییە کەچی ئەم ڕێیەش بەڵەدە. ئەمـانـە ئەو فکرانـە بوون لـە مێشکی دە هـەزار قۆزاقدا هـاتوچۆیـان دەکرد.

شیلۆ بەسەرسوڕمانەوە چووەلای تـاراس پێی گوت:

– ئەمە مانای چییە.. ئەو پیاوە ئەندرێیە.

تاراس نەڕاندی:

– لەعنەتی خوای لێ بێ. خۆیەتی.. ئەندرێیە. ئەگەر مەڕومـاڵاتەکەیـان دەسکەوێ بەشی یەك ساڵی شاری دۆنبۆ دەکات.

تاراس ئـاوزەنگی کێشایە ژێر سکی ئەسپەکەی بەدەگمەن ئەم کارەی دەکرد.

وەك گـولـلـەیـێك لـە لـوولـەی تـۆپـەوە دەرچـێ ئـاوهـا لـە بـەر دەمـی قـۆزاقـیـیـەکـانـەوە ئـەسپـی تـاو دا. شمشێر بـەدەست بـەرەو پـێش خـۆی چەماندەوە قەڵافەتی دیار نەبوو. قەڵافەتێکی سارد و بێ ڕۆحی هەبوو. قۆزاقییەکان ڕووەو دوژمن دەسرێژیان کرد ئەندرێ ناچار بوو ڕێیەکەی خۆی بگۆڕێ و لەگەڵ قۆزاقییەکاندا بکەوێتە جەنگ ئەوجا لەلای چەپەوە بـەرەو ئـەو شوێنـەی مـەڕومـاڵاتـی تـیـادا دەپـارێزرێ کـەوتـنـە ڕێ. زۆری نەکێشا پۆڵۆنییەکان گەمارۆ دران ئەندرێ بەزەربەیێك دەرگا کورتەکەی لە یەك ترازاند، پۆڵۆنییەك لە ئەسپ دابەزی و دەرگاکەی کردەوە.

هەزاران مەڕ و گا بەپەلە لە گەوڕەکەوە هاتنە دەر بەدەوری خۆیاندا بـازنـەیـەکیـان سازدا. گروپـێ لـە سوپـای پـۆڵـۆنـی دەسرێژیـان لـە هـەنـدێ قـۆزاقـی کـرد– کـە دەیـانـویـست نـزیـکیـان ببـنـەوە– بـەرەو پـاشیـان بـردن ئەندرێ و چەند کەسێك مێگەلیان بەرەو شار ڕاند. تاراس بۆڵبا بەبێ ترس لـە دەسرێژی پـۆڵـۆنـیـەکـان هـەراسان بـێ یـا گوللـە تـۆپـەکـانـیـان کـە لای

شارەوە دەتـەقـێنـن بـیـتـرسێنـیّ، بـەشمشێری هـەڵـکێشراوەوە بـەرەو پێش دەچوو. هەموو هـاوڕێیانی خۆی جێهێشت. بەتەنها ڕووەو پۆڵۆنییەکان دەچوو لەپڕ چاوی بەفەرماندەی پۆڵۆنییەکان کەوت. مێگەلەکەی بەرەو شار دەڕاند. چاوی بە ئەندریّ کەوت. بە تووڕەییێکی ڕادەبەدەری ژوور توانای ئینسان بەبیّ ئەوەی دەربەستی ئاگری تۆپ و دەسڕێژی تفەنگ و مەرگ بیّ زیاتر ئەسپی تاودا. شازادە گریگۆری لە بەرزی بورجی شارەوە تەماشای مەیدانی جەنگی دەکرد بەدەنگی بەرز گوتی:

– چییە ئەوە، قۆزاقەکان چ شتێکیان پیّ ناکریّ. ئەدی جورئەت و دلاوەرییەکەیان بۆ کویّ چوو؟.

پاش ئەم قسەیە گازی فەرماندەی سوپای کرد و پێی گوت:

– کۆڵۆنێڵ هەر ئێستا بەهەموو هێزی سوپا و ئەو سەربازانەی لە نێوان شاردان هـێرش دەبـەیـتـە سەر قـۆزاقـەکـان. ئـەوان وەك ئـەوەی دلاوەری خۆیان لە دەست دابیّ ئاوها دیارن. هەموو کەسیّ بچێتە دەر و جەنگ بکات. پەلە بکەن.

هەندیّ لە قۆزاقییەکان گەیشتنە تاراس بۆڵبا و لە تەنیشتی ئەوەوە ڕووەو دوژمن ئەسپیان تاو دەدا. تاراس هاواری کرد.

– ئەحمەقینە.. ئەو بگرن.. ئاگاداری ئەندریّ بن و مەهێڵن فیرارکات.

مەڕوماڵات تیژتر بەرەو شار دەچوون بەشە سەرەکییەکەیان لە ژێر دەسەڵاتی قۆزاقییەکان دەرچوبوو. ئەندریّ، هـاوڕێیـانـی خۆی بە پەلە بەرەو شار دەبرد. هەموویان بەرەو پێش دەچوون بەشێکی کەم لەگەڵ قۆزاقییەکاندا دەجەنگان و پاش ماوەیێکی کەم کوژران. لەپڕ ئەندریّ لای کردە لاوەو چاوی بەباوکی کەوت وەك با بەدوایەوە دەهات. هەوساری ئەسپەکەی ڕاکێشا. ئەسپەکەی ڕاگرت چاوەڕێی باوکی بوو پێی بگات. جۆریّ لە سستی سەراپای گرتەوە، هەستی مردن ڕێی لەڕاکردنەکەی گرتبوو.

## ٢٧

کاتێ تاراس بۆڵبا گەیشتە کوڕەکەی لە ئەسپە ڕەشەکەی دابەزی و کەوتە سەرنجدانــی کــوڕەکــەی. پــۆڵــۆنــیــیــەکــانــی دی بــەرەو شاردەچــوون و قۆزاقییەکانیش بەدوایانەوە بوون. نەتاراس و نەکوڕەکەی ئاگاداری دەوروبــەر نــەبــوون نــەدەنــگی سمــی ئــەسپــەکــانیــان دەبیست و نــەگرمــەی تۆپەکانیان دەژنەوت. ئەو دووانە تەنها یەکدییان دەبینی، هەردووکیان بــەرانــبــەر بــە یــەکدی وەستــابــوون و سەرنجی یــەکدیــیــان دەدا. تــاراس شمشێرەکەی خۆی لە کێلان ناو گوتی:

– لە ئەسپەکەت وەرە خوارێ.

ئەندرێ وەك منالێ سەری داخستبوو، لە ئەسپەکەی دابەزی، تاراس تا چەند ساتێك تێی ڕاما، ئەو وەلامەی کە دەیویست لە سیمایدا خوێندییەوە.

بەدەنگی بەرز پێی گوت:

– چاکە ئێستا دەبێ چ بکەین؟

ئەندرێ سەیرێکی دەستەکانی خۆی کرد، بێ ئەوەی بتوانێت قسەیێك بکات هەروا بێدەنگ مایەوە. تاراس بە ڕق و دەمارگیرییەوە گوتی:

– تۆ.. کوڕی من.. ئەم کارەت کرد..؟

ئەندرێ بەرانبەر بەم پیاوە، کە بێ سنوور خۆشی دەویست بەرانبەر بــاوکــێ کــە دەیــپــەرست، چۆکی داداو داوای لێبووردنی لێ بکات بەلام سەرەڕای خواستی ناخی بە هێمنییەوە گوتی:

– من کارێکم کردووە دەبا ئەنجامی بدەم

دڵی دەیویست فریاد بکێشێ و بکەوێتە سەر دەست و پێی باوکی و بڵێت دێوانە بووم. بەڵێ دێوانە بوو ئەگەر دێوانە نەبا عاشقی ئەو کچە پۆڵۆنییە

نەدەبوو. ئۆستاپ ئێستا ڕووی لێ وەرگێڕاوە. ئەم دوو پیاوە بەحاڵەتی مەرگ هێنەر سەیری یەکدییان دەکرد، تاراس بێ ئومێدی و ترسی لە سیمای کوڕەکەیدا خوێندەوە، هەستی بەتەقەلای ڕۆحی کوڕەکەی دەکرد تێگەیشت کە بەرەو نەمان دەچێ.

ئەندریێ هانی خۆی دا هێمن بێ پاشان هەنگاوێ بەرەو پێش چوو گوتی:

– باوکە ئەو کەسەی کە ئەم کارەی کردووە من بووم تەنها من بووم نەك ئەو ژنە. ئەو داوای لە من کرد خیانەت لە ئێوە نەکەم و لە بەر خاتری ئەو پەیمانم لەگەڵ دوژمندا نەبەستم. بەڵام شێت بووم شێت.

تاراس کوڕەکەی دەبینی بەڵام دەنگی نەدەبیست هانی ئیرادەی خۆی دەدا سەرەنجام گوتی:

– ئەندریێ ئەو ڕۆژەی چاوت بۆ ژیان هەڵهێنا، من تۆم لە ئاودا هەڵکێشا تا ژیانت پێ ببەخشم، تۆم خۆش دەویست وەك چۆن ئەستیپم خۆش دەویست ئەوها خۆشم دەویستی.

ئەندریێ سەری بەرز کردەوە. لێوەکانی دەلەرزین.. تێگەیشت.. لە هەموو شتێ گەیشت. تاراس دەستی بۆ دەمانچەکەی برد، هەڵیکێشا و گوتی:

– من ژیانم بە تۆ بەخشی ئێستاش لێتی وەردەگرمەوە.

ئەندریێ دەمی کردەوە تا بڵێ (بەڵێ باوکە تۆ حەقتە من گەلێ پەشیمانم لەوەی ئازاری تۆم داوە.. ) بەڵام بەر لەوەی دەنگێ لە دەمییەوە بێ، دەنگی تەقینەوە بەرز بووەوە دەمانچەکەی تاراس ئاگری کردەوە و کۆتایی بەژیانی ئەندریێ بەخشی. ئەندریێ بەرەو پاش کشایەوە، پاشان بە سەردەما کەوتە سەر زەوی لەم کاتەدا ئۆستاپ گەیشتە سەریان، چاوی بە تەرمی براکەی کەوت، تاراس دەمانچەکەی خاڵی نایە ژێر پشتوێن و سەری ئەسپی وەرچەرخاند و لە ژێر لێوەوە گوتی:

– ئەگەر زیندوو بمابا قۆزاقییێکی چاك دەبوو بەڵام ئەفسووس وەك سەگ بەنەنگییەوە گیانی سپارد.

ئۆستاپ تفی قووت دا و گوتی:

– باوکە چیت کرد؟ تۆ کوشتت؟

تاراس سەری ڕاتەکاند، ئۆستاپ سەیری تەرمی براکەی کرد و گوتی:

– باوکە لێگەڕێ با بە شەرەفمەندییەوە لە قەبری نێین نەکەوێتە بەر دەستی دوژمن و لاشەکەی نەبێتە خۆراکی پەلەوەرەکان.

تاراس بە چاوە فرمێسك تیا قەتیسماوەکانییەوە سەرنجی کوڕە چکۆڵەکەی دا و گوتی– لێگەڕێ با لێرەدا بمێنێتەوە، تا پۆڵۆنییەکان لە قەبری دەنێن. تاراس دوو دەقیقە لە جێیەکەی خۆیدا وەستا. نەیدەزانی تەرمی کوڕەکەی لەوێدا جێ بێڵێ ببێتە خۆراکی لاشە خۆران، یا بە شەرەفمەندییەوە بەخاکی بسپێرێ سەرئەنجام ئەسپەکەی دەنگ داو بەرەو مەیدانی جەنگ کەوتە ڕێ تا وەکو قۆزاقییەکان شمشێر بوەشێنێ.

تیموشڤسکی کوژرابوو، ڕابەرێیی قۆزاقییەکان کەوتبووە دەستی شیلۆ. بەڵام چ ئومێدێکی سەرکەوتنیان نەبوو، جەنگیی مەغلووبە بوو. قۆزاقییەکان شکستیان هێنا. ئیستیڤانی پیریش کوژرا، خوێنی چوار پۆڵۆنی بە شمشێرەکەیەوە دادەچۆڕا تاراس بەتووڕەیی و دلاوەرییەوە جەنگی کرد تۆپی پۆڵۆنییەکان خامۆش بوونەوە چونکە تەواوی سوپای پۆڵۆنی هاتبوونە مەیدانی جەنگەوە و خەریکی نەبەرد بوون.

تاراس شەش کەسی کوشت و بەرەو لای شیلۆ چوو و هاواری کرد.

– شەیپوری پاشە کشێ لێدە... شەیپووری پاشە کشێ لێدە.

شیلۆ بەرەو پێش چەمایەوە و پرسی.

– ئەوە وتت چی؟ ئایا ترسنۆکی و خیانەتی کوڕەکەت کاری لە تۆیش

کردووه. تاراس ئەو دەستەی کە چەکی پێ بوو بەرزی کردەوە، بە مشتووی شمشێر کێشایە سەر دەمی شیلۆ و نەڕاندی.

– پاشەکشێ.. ئەحمەق ئیشارەت بدە با پاشەکشێ بکەین.. تەپڵ لێدەر ئیشارەت بدە.

شەیپوور تەپڵەکان دەنگیان لێوە هات. قۆزاقییەکان بە توورەیییەوە سەری ئەسپەکانیان وەردەگێڕا و پاشەکشێیان دەکرد.

شازادە گریگۆری کە خۆیشی هاتبووە مەیدانی جەنگ چونکە قۆزاقییەکان شکستیان هێنابوو و ڕایان دەکرد، هاواری دەکرد.

– هەموویان بکوژن.. نابێ یەك قۆزاقی بە زیندوویی بمێنێتەوە.

ئەو پیاوە پاش ئەم قسانەی کەوتە دوای تاراس بۆڵباوە.

## ٢٨

تاراس بۆڵباو قۆزاقییه شکست خواردووەکان ڕێی ڕاکردنیان گرته بەر. له پشتی تەپۆلکه و کێوەکان له چاو ون بوون. پۆڵۆنییەکان دەستیان له تاقیبکردنیان هەڵگرت. پێیان وا بوو وەك پێشوو دەست دەدەنه ژیانی ئاسایی خۆیان. بەڵام قۆزاقییەکان پاش چەند شەو و ڕۆژێکی دی دووباره هێرشیان هێنایه سەر شاری دۆنبۆ کە سەرکەوتنی خۆیان کردبووه ئاهەنگ.

لەو کاتەدا شازاده گریگۆری بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی خۆی بۆ شای پۆڵۆنی ببات چووبووه وارشۆ. قۆزاقییەکان شاریان داگیرکرد. لەوێدا ئۆستاپ بەتەواوی کاری له تاراس کرد بەجۆرێ تاراس له خاکی پۆڵۆنییا دەستی بەهێرشی توندتر کرد. هەژده شارۆچکه و چل کڵێسای سووتاند. توانی بەخۆی و قۆزاقییەکانەوه بگەنه خارکۆڤ.

لەم هێرشانەیدا هەزاران پۆڵۆنی کوشت و دەینەڕاند:

– هیچ کەسێ بە زیندوویی مەهێڵنەوە. تەنانەت ئاژەڵی پۆڵۆنییەکانیش بکوژن. قۆزاقییەکان گوێیان نه بەژن دەدا و نه بە منداڵ. سەری هەموویان بە دەمی تیغ دەپەڕاند. خودی تاراس میحرابی کڵێساکانی دەسووتاند و ڕاهێبەکانی دەکوشت یا منداڵێکی دەهاوێشته نێو ئاگرەوه و دەیگوت:

– ئەمەیش بە یادی ئەندرێ

هەموو شارۆچکەیەکدا ئەم جۆره قوربانییانەی بۆ ئەندرێ دەکرد.

بەم شێوەیه هەفتەکان تێپەڕین و مانگەکانیش بەسەر دەچوون تا دەوڵەتی پۆڵۆنی بۆی دەرکەوت کە دەبێ بە پەله چارێك بدۆزێتەوه و تاراس له یاخییەك زیاتره. سوپایەکیان بە سەرکردەیی شازاده گریگۆری

ئامادە کرد تا قۆزاقییەکان تەفر و توونا بکەن. قۆزاقییەکان شەش ڕۆژی تەواو خۆیان لە پەناگاکاندا شاردەوە و لە چەنگی سوپای پۆڵۆنی ڕایان کرد بەڵام ئەمجارەیان هەموو شتێ گۆڕا بوو.

شازادە گریگۆری لەگەڵ سوپای بێ ژمارەدا، بڕیاری دابوو قۆزاقییەکان شکست بدات و تەفر و توونایان بکات. سەرەئەنجام لە نیوەڕۆی ڕۆژێکی هاویندا سوپای پۆڵۆنی هێرشیان بردە سەر قۆزاقییەکان کە لەسەر کەناری ڕووباری (دنێ ستر) هەڵیان دابوو و غافڵگیریانی کرد. بەشێ لە قۆزاقییەکان بەرە و پێدەشت ڕایان کردو هەندێکی دییان سواری بەلەم بوون و خۆیان دایە دەم ڕووبارەوە. تاراسیش سواری ئەسپ بوو و بەرەو کێوەکان ئەسپی تاو دا لە پڕ ئەسپی ڕاگرت و گوتی:

– سەبرکەن.. پایپەکەم گوم کردووە.. نامەوێ تەنانەت پایپەکەشم بکەوێتە دەستی پۆڵۆنییەکان.

ئەو سەردارە پیرە پاش ئەو قسەیە لە ئەسپ دابەزی تا بەدوای پایپەکەیا بگەڕێ و پاشان لەگەڵ دۆستانیدا بەڕێی ڕووبارەکەدا ڕاکات، هەر لەو کاتەدا فیشەکێ شانی ئەنگاوت. یەکسەر تاراس هەوڵی دا لە جێیەکەی هەڵسێ بەڵام نەیتوانی و هەر لەو شوێنەدا کەوت. لە کاتێکدا فرمێسکی چاوی بە سمێڵە سپییەکەیدا دەهاتە خوارێ لە ژێر لێوەوە گوتی:

– ئاه.. ئەفسووس پیری، پیری، چەند بەئازاری

بەڵام ئەم قسەیەی ڕاست نەبوو پیری نەبووبووە هۆی ئەم بێ توانایییە.

هێزێکی گەورەتر کاری تێ کردبوو، توانای مژیبوو.

شازادە گریگۆری بەرەو پێش ئەسپی تاودا، سەیرێکی دوژمنە دێرینەکەی خۆی کرد و گوتی:

ڕاستە.. دەبێ ئێستا پێشوازییەکی چاکی بکەین.

پاش هەندێ ڕاوێژ بڕیار وابوو سەرکردەی کۆنی قۆزاقییەکان هەر بە

زیـنـدوویـی بسووتـێـنـن. درەخـتـێکـی بـێ گـەڵا و چڵ لـەو نـزیـکـانـەدا بـوو، پۆڵۆنییەکان تـاراسیـان بردە لای درەختەکە و بـەزنجیر بەستیانەوە، پـاشان دەستـەکـانـی تـاراسیـان بـە مـێخ کـوتـایـە قـەد دارەکـە بـەجـۆرێ زۆر لـە دووریشەوە دەبینرا. پاشان داری وشکیان کۆکردەوە و لە ژێر دارەکەدا کەڵکیان کرد و ئاگریـان تێ بـەردا.

تـاراس نـە دەترسا و نـە سـەیری ئـاگرەکەی دەکرد، ئـەو سـەیری شوێنێکی چیاکەی بـەرانبـەری دەکرد کە قۆزاقییـەکان بـەرەو ژوور دەچوون و ڕایـان دەکرد. پاش هـەندێ فریـادی کێشا.

– کوڕینە بە زوویی بچنە سەرێ، بەرەو جەنگەڵ بڕۆن، لە جەنگەڵدا دەستیان بەئێوە ناگات.

ئەو بەدەنگی بەرز ئەم قسانەی کرد بەڵام با قسەکانی نەگەیاندە گوێی هـاوڕێکانی.

ڕووی بـەرەو ڕووبـارەکە وەرچـەرخـاند، ئەم جارەیان هـاواری کرد:

– ڕووەو ڕووبـارەکە بڕۆن. پـەلە کەن.

ئەمجارەیـان دەنگی گەیشتە قۆزاقییەکان ئەوان لە چیاوە هـاتنە خوارێ ڕووەو ڕووبـار کەوتنە ڕێ. سوپـای پۆڵۆنییش تـاقیبی دەکردن. شازادە گریگۆری چاوپۆشی لە بینینی سووتـانی تـاراس بۆڵبا کرد کەوتە دووی قۆزاقییەکان کە لە چیاوە بەرەو خوار دەهـاتن. بەئەسپ چووە سەر چیاوە بـەڵام لـەپڕ پێی ئـەسپـەکەی خزا لـە هـەڵدێرێکەوە هـەڵدێرا. کاتێ کە کەوتە سەر زەوی لە مشتێ ئێسقان و گۆشتی داڕزا و چ شتێکی دی نەمـابووەوە.

تـاراس بۆڵبـا بزەیێکی خستە سەر لێوانی، سەری ڕووەو دۆستەکانی خـۆی وەرچـەرخـاند– کە بـە بـەلـەم لـە ڕووبـارەکـە دەپـەڕینـەوە– فـریـادی کێشا:

– هـاوڕێیـان خوا حـافیزی منتـان لە بیر بێت. هـەر لەگەڵ بەهـار بـەرەو

ئێره بگەڕێنەوە. بۆ من مەگرێن چونکە من هەمیشە لەگەڵتانم، ئێمە لەڕێی ئازادیدا گیان دەسپێرین و...

ئەو پیاوە نەیتوانی قسەکانی تەواو بکات چونکە گڕی ئاگرەکە گەیشتبووە پێیەکانی و دارەکەیشی گرتبووەوە.

پاش هەندێ هەموو شتێ تەواو بوو.

قۆزاقییەکان تەفر و تونابوون. هەندێکیان ڕایانکرد و هەندێکیان کوژران و... درەختە ئەستوورەکە بووە پارچە ئاگرێك، تاراس بۆڵبا ی پیر بێ ئەوەی ناڵەی لە دەم بێتە دەر، بە بەردەما چەمییەوە دوو دڵۆپە فرمێسك لە چاوانیەوە دادەچۆڕان. ناوی ئەندرێ و ئۆستاپی دووبارە دەکردەوە.

بۆ هەمیشە چاوی لێك نا.

پاش کەمێ درەختەکە کەوت. مشتێ خەڵووزی لەو شوێنەدا جێهێشت. قۆزاقییەکان پەڕا گەندە بوون.

ناتالیا پاش مەرگی ئەندرێ خۆی کوشت.

ئۆستاپ مرد. تاراس بۆ هەمیشە چاوی لێك نا بەڵام ڕۆحی دلاوەری ئەو وەك هەزاران قۆزاقی دی بە جاویدی مایەوە.

## پەراوێز:

* بەستەری: لە نوێن نواندن – لە نوێن نواندنی نەخۆشخانە.
* نابێ ئەوە لە یاد بکرێ ئەو کاتە قۆزاقییەکان و پۆڵۆنییەکان یەکیان گرتبوو دژ بە تاتار و تورکەکان، دەجەنگان.
* حەویس: ئەسلەع ٣– پانیسیمان. تەداوی کردن.
* ئەو سەردەمە ئۆکرانیا کۆمارێکی موستەقل بوو لە جنوبی غەربی ڕوسیادا هەمیشە کەوتبووە بەر هێرشی تورك و تاتارەکانی قرم تا کۆمەڵەی یەکێتی قۆزاقییان دروست بوو بە هاوکاری دژ بە تورکان وەستان. یەکێتی قۆزاقییەکان بەناوی یەکێتی برایانی ژاپۆڕۆژی ناونران.
* ئیسکلت: هیکل العظمي. مەبەستی بەیداغەکەیە.
* ناڤگان: استول.
* دەمپر: بەو زەوییانە دەوترێ کە بەدەگمەن بارانی لێ دەبارێ. چەمەن دەیپۆشێ و ئەم جۆرە زەوییانە بۆ خاوەن مێگەل گەلێ بەسوودە چونکە گەلێ پان و بەرینە.
* تیوز: مانای درزەکانیش دەگەیەنێ بەڵام لەبەر ئەوەی لە زمانی پۆڵۆنیشدا ناوێکی تایبەتە و ناوی یەکێ لە بازاڕەکانی شاری (کیف)ە بۆیە تەرجەمە ناکرێ.
* ڕداء: چینی ڕاهب و کەشیشەکان لەبەری دەکەن جلێکی ئاودامانە تا پێیانیش دەپۆشێ.
* بالتیك: بە هەرێمەکانی ئیستۆنیا. لاتۆیا. لیستوانی دەگوترێ.
* عەلەمدار: ئاڵا هەڵگر.